شانشینەکەی لەلایەن شەیتانەوە دەستی بەسەردا گیرا
بەڵام جارێکی دیکە یەزدان لەژێر چنگی شەیتان دەریدەهێنێت.

# پاشای شکۆمەندی



لە کتێبی پیرۆزەوە


نووسینی:
پی. دی. برامسن
وێنەکێشان:
ئارمیندا سان مارتن

# پاشای شکۆمەندی

نووسەر: پی. دی. برامسن
وێنەکێش: ئارمیندا سان مارتن

هەموو مافەکانی خاوەندارییێتی و چاپکردنەوەی پارێزراوە بۆ (ROCK International 2012)

بڵاوکراوەیەکی ROCK International
• Relief, Opportunity and Care for Kids • Resources Of Crucial Knowledge
P.O. Box 4766, Greenville, SC 20608
resources@rockintl.org
www.rockintl.org www.one-god-one-message.com

**Biblica:**
Kurdistan Branch, Erbil, Bextiyari
www.kitebipiroz.com info@kitebipiroz.com
+964 750 736 5575

لەدوای ڕەزامەندی و ڕێگەپێدانی Biblica ئایەتەکان لە چاپی کوردی سۆرانیی ستاندەرەوە وەرگیراوە. هەموو مافەکانی پارێزراوە.
Kurdi Sorani Standard Copyright © 1998, 2011, 2016 by Biblica, Inc.®
All rights reserved worldwide.

ژمارەی سپاردنی ٣٢٠ی ساڵی ٢٠١٧ی پێدراوە لە بەڕێوەبەرایەتی کتێبخانەگشتییەکانی هەرێمی کوردستان.
ISBN: 978-1-62337-458-7

**دەربارەی نووسەر:** پۆڵ برامسن لەدایکبووی ولایەتی کالیفۆڕنیای ئەمریکایە. برامسن لەگەڵ هاوسەرەکەی و سێ منداڵەکەیان بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ لە وڵاتی سنیگال ژیاون کە زۆرینەی دانیشتوانەکەی موسڵمانن. زۆرێك لە نووسینەکانی برامسن بریتییە لە گێڕانەوەی زنجیرە چیرۆکی پێغەمبەران. بابەتەکانی بۆ سەرجەم خوێنەران و گوێگران لە تەواوی جیهاندا دەشێت. هەندێك لە بەرهەمەکانی وەك "ڕێگای ڕاست و دروستی" کە بریتییە لە ١٠٠ زنجیرە پرۆگرامی ڕادیۆیی، "یەك خودا و یەك پەیام" کە بۆ زیاتر لە ١٢ زمان وەرگێڕدراوە. ئەم پەڕتووکە یارمەتی ئەو کەسانە دەدات کە گومانیان لە ڕاستی هەیە، بۆ ئەوەی زاڵبن بەسەر ئەو ئاستەنگانەی دەبنە بەربەست لە دۆزینەوەی ڕاستی، ئەمەش لە دەرئەنجامی تێگەیشتن لە چیرۆکەکان و پەیامی خودا دێت. نووسینەکانی برامسن لە دڵگەرمی بۆ کتێبی پیرۆز و خۆشەویستی بۆ خودا و بۆ مرۆڤ سەرچاوەی گرتووە. بۆ زانیاری زیاتر پەیوەندی بکە بە: pb@rockintl.org

**دەربارەی وێنەکێشەکە:** وێنەکێش (ئەرمیندا سان مارتن) دەڵێ: "لەو دەمەی فامم کردووە، خەریکی وێنە کێشان بووم. پاش ماوەیەك لە دابڕان و پشوو بۆ خۆتەرخانکردن بۆ کاروباری خێزانی و پەروەردەکردنی منداڵەکانم، دووبارە گەڕامەوە سەر پیشەکەم و بەدەستهێنانی بڕوانامە لە هونەرە جوانەکان. لە بواری وێنەکێشاندا چەندین تەکنیکی جیاوازم تاقیکردۆتەوە. پاش گەڕانەوەم لە ئەمریکاوە بۆ ئەرجەنتین زیاتر گەشەم بە پیشەکەم دا. ئەوەش بە کاری وێنەکێشان بۆ چەند پەڕتووکێك لە بواری سروشتی و ڕۆحی. لە کێشانی وێنەکانی پاشای شکۆمەندی، زۆرترین بەهرە و توانام بەکارهێناوە. ئەم پڕۆژەیە بۆ من زۆر تایبەتە، خەونێکی بەدیهاتووە. سوپاسی خودا دەکەم کە ئەم خەونەم هاتەدی. هەروەها سوپاسی پۆڵ برامسن دەکەم بۆ زانیاری و نووسینە بەهادارەکانی." لە ئێستادا ئەرمیندا وەك وێنەکێش بۆ چەندین بڵاوکراوە کاردەکات. بۆ زانیاری زیاتر پەیوەندی بکە بە: armisanmartin@yahoo.com.ar





## بۆ شکۆمەندی خودا و بەرەکەتدارکردنی منداڵان لە هەموو تەمەنێك و هەر نەتەوەیەك








"کێ گوتی کە شێر ترسناك نییە؟
بێگومان ترسناکە، بەڵام دڵی چاکە.
دڵنیابن ئەو پاشایە."
- لە کتێبی سی. ئێس لویس: (شێر و جادووگەر و دۆڵاب).




# ناوەڕۆک


**لەپشت پەردەوە** ........ ٨

**کردنەوە (پێشەکی)** ........ ١١

١. پاشا و پاشایەتییەکەی

٢. پاشا و پێغەمبەرانی

٣. پاشا و گەردوونەکەی

**بەشی یەکەم - پاشا پێشبینی پلانەکەی دەکات** ........ ١٩

| | | |
|---|---|---|
| ٤. | ڕۆژی یەکەم | پەیدابوون ١ |
| ٥. | جیهانێکی نموونەیی | پەیدابوون ٢ |
| ٦. | یەکەمین مرۆڤ | پەیدابوون ١-٢ |
| ٧. | ماڵێکی نموونەیی | پەیدابوون ١-٢ |
| ٨. | یاسای گوناه و مردن | پەیدابوون ٢ |
| ٩. | یەکەمین ژن | پەیدابوون ٢ |
| ١٠. | شانشینی ڕووناکی | ئاشکراکردن ٤-٥ |
| ١١. | شانشینی تاریکی | ئیشایا ١٤، حزقیال ٢٨ |
| ١٢. | مارەکە | پەیدابوون ٣ |
| ١٣. | هەڵبژاردەکە | پەیدابوون ٣ |
| ١٤. | گوناه و شەرم | پەیدابوون ٣ |
| ١٥. | مردنی ڕۆحی | پەیدابوون ٣ |
| ١٦. | نەفرەتەکە | پەیدابوون ٣ |
| ١٧. | بەڵێنەکە | پەیدابوون ٣ |
| ١٨. | یەکەمین قوربانی | پەیدابوون ٣ |
| ١٩. | دوورخستنەوە | پەیدابوون ٣ |
| ٢٠. | منداڵە یەکەمینەکان | پەیدابوون ٤ |
| ٢١. | پەرستن لەلایەن گوناهبارانەوە | پەیدابوون ٤ |
| ٢٢. | یاسای پێشکەشکردنی قوربانی لەپێناوی گوناه | پەیدابوون ٤ |
| ٢٣. | پەسەندکراو و ڕەتکراوە | پەیدابوون ٤ |
| ٢٤. | یەکەمین کوشتن | پەیدابوون ٤-٥ |
| ٢٥. | دانبەخۆداگرتن و حوکمدان | پەیدابوون ٦-٧ |

٢٦. دەستپێکردنەوەیەکی نوێ — پەیدابوون ٨-٩
٢٧. قوللەی شانازی — پەیدابوون ١١
٢٨. خودا ئیبراهیم بانگدەکات — پەیدابوون ١٢
٢٩. پارێزەری بەڵێن — پەیدابوون ١٥
٣٠. سەختترین تاقیکردنەوە — پەیدابوون ٢٢
٣١. ئەو کوڕەی بڕیاری مردنی بەسەردا درا — پەیدابوون ٢٢
٣٢. وێنەکان و پێشبینییەکان — پەیدابوون ٢٢
٣٣. خودایەکی پیرۆز و دڵسۆز — دەرچوون ١٩-٢٠
٣٤. دە ڕاسپاردەکە — دەرچوون ٢٠
٣٥. وێنەی زیاتر — دەرچوون ٢٠، ٢٤
٣٦. پێشبینی زیاتر — زەبوورەکان و پەرتووکی پێغەمبەران

**بەشی دووەم – پاشا پلانەکەی جێبەجێ دەکات** ........ ٨٧

٣٧. چیرۆکی پاشاکە بەردەوامە — مەتا ١
٣٨. چیرۆکی مریەم — لۆقا ١
٣٩. چیرۆکی یوسف — مەتا ١
٤٠. گەیشتن — لۆقا ٢
٤١. چیرۆکی شوانەکان — لۆقا ٢
٤٢. چیرۆکی مۆغەکان — لۆقا ٢
٤٣. منداڵێکی بێ کەموکوڕی — لۆقا ٢
٤٤. بەرخی خودا — یۆحەنا ١
٤٥. کوڕێکی بێ کەموکوڕی — مەتا ٣
٤٦. مرۆڤی دووەم — مەتا ٤
٤٧. مەسیحی پاشا — لۆقا ٤
٤٨. زاڵبوون بەسەر ڕۆحە پیسەکان و نەخۆشیدا — لۆقا ٤
٤٩. زاڵبوون بەسەر ڕەشەبا و شەپۆلی دەریادا — لۆقا ٤
٥٠. زاڵبوون بەسەر گوناهدا — مەرقۆس ٢
٥١. زاڵبوون بەسەر مردندا — لۆقا ٧، یۆحەنا ١١
٥٢. دابینکەر — یۆحەنا ٦
٥٣. فێرکەر — مەتا ٥- ٧
٥٤. شکۆمەندییەکەی — مەتا ١٧





٥٥. ئەرکەکەی — مەتا ١٦، ٢٠
٥٦. پاشا دەچێتە ناو ئۆرشەلیم — مەرقۆس ١١
٥٧. پاشاکە ڕووبەڕووی لێپرسینەوە دەبێت — لۆقا ٢٠
٥٨. پاشاکە دەستگیر دەکرێت — مەرقۆس ١٤
٥٩. پاشا سزای مردنی بەسەردا دەسەپێت — یۆحەنا ١٨
٦٠. پاشا تاجی لەسەر دەکرێت — مەتا ٢٧
٦١. پاشا لە خاچ دەدرێت — لۆقا ٢٣
٦٢. پاشای ڕزگارکەر — لۆقا ٢٣
٦٣. کۆتا قوربانی — مەتا ٢٧
٦٤. پاشاکە دەنێژرێت — مەتا ٢٧
٦٥. گۆڕێکی بەتاڵ — مەتا ٢٨
٦٦. پەیامی پێغەمبەران — لۆقا ٢٤
٦٧. جەستەیەکی گۆڕاو — یۆحەنا ٢٠
٦٨. بەجێهێشتن — کرداری نێردراوان ١
٦٩. ئاهەنگی سەرکەوتن — زەبوورەکان ٢٤، ئاشکراکردن ٥
٧٠. پاشاکە دەگەڕێتەوە — ئاشکراکردن ١١-٢٢

**کۆتایی** ........ ١٥٧
- بە خۆشی و شادی
- هەواڵە ناخۆشەکە
- هەواڵە خۆشەکە
- وەڵامت بۆ پاشاکە

**پاشکۆ** ........ ١٦٧
- پرسیار بۆ پێداچوونەوە
- دوا تێبینی
- قووڵبوونەوەی زیاتر

# لە پشت پەردەوە

لە کاتێکدا لە کەناری ڕووبارێك لە تەنیشتی خوشکەکەیەوە دانیشتبوو، **ئاڵس** خەریکبوو بە تەواوی بێزاربێت، هیچ نەبوو خۆی پێوە خەریك بکات. یەك دوو جار تەماشای ئەو کتێبەی کرد کە خوشکەکەی دەیخوێندەوە، بەڵام کتێبەکە وێنە و گفتوگۆی خۆشی تێدا نەبوو، بۆیە ئاڵس لە دڵی خۆیدا گوتی:
"دەبێت سوودی کتێبێك چی بێت ئەگەر وێنە و گفتوگۆی خۆشی تێدا نەبێت؟"
- ئەم چەند ڕستەیە بریتییە لە دەسپێکی کتێبی (گەشتی ئاڵس بەنێو زەوییەکی دڵڕفێن)[1]، ی نووسەر "لویس کارۆڵ"، لە ساڵی ١٨٦٥

ئەم کتێبەی لەبەر دەستی تۆدایە پڕە لە وێنەی ڕەنگاوڕەنگ و گفتوگۆی بە چێژ. لەمە گرنگتر، پێچەوانەی ئەفسانە و چیرۆکە ئەفسانەییەکان، هەموو وێنە و گفتوگۆکانی ناو ئەم کتێبە ڕووداوی ڕاستەقینەن[2]. وەك نووسەر، خەم و دوودڵی دایگرتم کاتێك بڕیارمدا کتێبێکی لەم جۆرە بەرهەم بهێنم کە پڕبێت لە وێنە، گوزارشت لە گێڕانەوەی مەزنترین چیرۆکی مێژوو بکات، چونکە پڕۆژەیەکی لەو جۆرە پێویستی بە وریایی و دەستڕەنگینییەکی زۆر هەیە.
چەند ساڵێك لەمەوبەر، کاتێك لە ڕۆژئاوای ئەفریقیا دەژیام، کۆرسێکم دەربارەی بەرهەمهێنانی پرۆگرامی ڕادیۆیی خوێند. لە یەکەم وانەی کۆرسەکە، پرۆفیسۆری بابەتەکە پرسیاری کرد، "ئایا یەکێك لەو تایبەتمەندیانە چییە کە وا لە ڕادیۆ دەکات لە تەلەفیزیۆن باشتر بێت؟" وەڵامەکەی تووشی سەرسوڕمانی کردین:
"ڕادیۆ وێنەیەکی باشتر نیشان دەدات."
ڕاستە.
تەنانەت مەزنترین فیلمی سینەمایی هۆلیوودیش ناتوانێت بگاتە ئاستی تواناکانی مێشکی مرۆڤ، لە وەرگێڕانی وشەکان بۆ وێنە. نووسراوە کۆنەکانی پێغەمبەران بە سەدان وشە و وێنەمان بۆ دەکێشن کە هیچ فیلمێك ناتوانێت بەو شێوە تەواوە ڕووداوەکان نیشان بدات، تەنانەت مەحاڵە مەزنترین وێنەکێشیش بەو شێوەیە توانای کێشانی ڕووداوەکانی هەبێت. بۆیە دان بەوەدا دەنێم، هیچ هونەرێکی وێنەکێشان ناتوانێت مەزنترین چیرۆکی مێژوو بەشێوەیەکی تێرو تەسەل بگێڕێتەوە. سەرەڕای ئەوەش







ئەنجامدانی ئەم کارە بە وێنەوە چێژی تایبەتی خۆی هەیە.

(ئەرمیندا سان مارتن) وێنەکێشێکی بەهرەمەندی وڵاتی ئەرجەنتینە، وردەکارییەکی زۆری بەکارهێناوە لە وەرگێڕانی وشەکان بۆ وێنە. لە کێشانی وێنەکاندا، فلچە و قەڵەمی دیجیتاڵی بەکارهێناوە. توانیویەتی لە ماوەی چواردە مانگدا سکێچ و وێنەکانی ناو ئەم کتێبە تەواو بکات. هیوادارم کارەکانی ئێوەش بهێنێتە جۆش و خرۆش، هەروەك کاریگەری لەسەر من هەبوو.

**ئێستا بیر لەمە بکەنەوە:**
ئەگەر چیرۆکێك بخوێنینەوە، ئایا لە کوێوە دەستپێدەکەی؟ لە ناوەڕاستەوە؟ بێگومان نەخێر، لە سەرەتاوە دەست پێدەکەین، چونکە تەنها بەم جۆرە لە چیرۆکەکە تێدەگەین. بە هەمان شێوە، بۆ تێگەیشتن لە کتێبی پیرۆز، پێویستە لە سەرەتاوە دەستپێبکەین بۆ کۆتایی، بۆ ئەوەی بگەینە ئەنجامێکی دڵنیاکەر.
نووسراوی پێغەمبەران بە سەدان زنجیرە چیرۆکی کورتیان لەخۆگرتووە، هەموویان پێکەوە یەك چیرۆك پێکدەهێنن. لە نووسینی کتێبی "پاشایەتی شکۆمەندی"دا، هەستم کرد گوڵفرۆشێکم و نێردراومەتە باخچەیەکی بێژمار لە گوڵ، بۆ ئەوەی چەند جۆرێکی جیاواز لە گوڵ هەڵبژێرم. پاشان بەجۆرێك ڕێکیان بخەم کە بتوانم شکۆ و مەزنی تەواوی باخچەکە پیشان بدەم. لەم کتێبەدا چەند چیرۆکێکی سەرەکیم لە کتێبی پیرۆزەوە هەڵبژاردووە. لە حەفتا پەردەی درامیدا ڕێکمخستوون، بە هیوای دەرخستنی شکۆ و مەزنی پاشای هەتاهەتایی، کە لە شێوەی مرۆڤێکدا خۆی دەرخستووە.
تکام لە خودا ئەوەیە، وێنە و چیرۆکە ڕاستەقینەکانی ئەم کتێبە، خوێنەرانی ئەم کتێبە بە هەموو تەمەنە جیاوازەکانەوە هانبدات، تاکو چێژی تەواو لە نووسراوی پێغەمبەران وەربگرن، بکەونە خۆشەویستی لەگەڵ ئەو کەسەی پاشایەتییەکەی هەرگیز کۆتایی نایەت.

ئاواتەخوازم کە تۆ وێنەیەکی باشتر و ڕوونتر ببینیت،

Paul D. Bramsen

# کـردنـەوە

**دڵم بە قسەی باش دەجۆشێت،**
**کاتێك هۆنراوەکانم بۆ پاشا دەخوێنمەوە،**
**زمانم پێنووسی نووسەرێکی کارامەیە.**
**بە شکۆمەندی خۆت سەرکەوتووانە سواربە،**
**لە پێناوی ڕاستی و نەرمونیانی و دادپەروەری،**
**با دەستی ڕاستت شتی سامناك بخاتە پێش چاو.**

- لە نووسراوی پێغەمبەرانەوە (زەبوورەکانی داود ٤٥: ١، ٤ )





## پەردەی یەکەم

# پاشا و شانشینەکەی

بەر لە دروستبوونی جیهان، پاشایەك هەبوو، پاشای شکۆمەندی بوو.

پاشاکە لە خەیاڵی مرۆڤ بەدەر بوو، بەدەرتر لە هەموو ئەو شتانەی کە مرۆڤ بتوانێت وێنای بکات و بیری بۆی بچێت. لە جیهانی بێ کۆتایی و هەتاهەتاییدا ئەو تەنها پاشایەك بوو. هەروەها شانشینەکەی تەنها پاشایەتی بوو. ئەم شانشینە پڕبوو لە دانایی، خۆشەویستی، خۆشی و ئاشتی. شانشینەکە پێویستی بە ڕووناکی خۆر و ئەستێرەکان نەبوو، چونکە پاشاکە خۆی ڕووناککەرەوەی بوو.

لە کاتێکدا شانشینەکەی لە قەبارەدا بێ سنوور بوو، بەڵام لە بەندەدا سنووردار بوو، هەندێك باوەڕیان وایە کە لەو کاتەدا پاشاکە هیچ بەندەیەکی نەبووە.

ئایا لەو کاتەدا پاشاکە بەدیهێنراوی هەبووە؟

یەکێك لە نهێنییەکانی ئەم پاشایە ئەوە بوو، هەرچەندە تەنها ئەو لە بووندا هەبووە، بەڵام هەرگیز تەنها نەبووە.

هەرچەندە پاشاکە پێویستی بە کەسانی دیکە نەبووە، بەڵام حەزیکردووە ژیانی هاوبەش لەگەڵ بوونەوەری دیکە پێکبهێنێ.

بۆیە ئەم پاشا دانا و زیرەکە ژیانی هەتاهەتایی (هەرێمێکی ئاسمانی) بەدیهێنا، پڕی کرد لە ملیۆنان بوونەوەری ڕۆحی درەوشاوە و زیرەك کە پێیان دەگوترێ فریشتە. پاشاکە ناوی هەموو فریشتەکانی دەزانی، هەروەها خواستی ئەوە بوو ئەوانیش ئەم بناسن. ژیان لەگەڵ پاشاکە سەرکێشیەکی بەردەوام بوو.

بەڵام بۆ پاشاکە بە تەنها بەدیهێنانی فریشتەکان بەس نەبوو، بۆیە پاشا گەردوونی پڕ لە ئەستێرەی درەوشاوەی بەدیهێنا کە لە دواییدا بووە ماڵێك بۆ کۆمەڵە بوونەوەرێکی جوان، ئەوانیش مرۆڤ بوون.

جیاواز لە فریشتەکان، خێزانی مرۆڤ لە دوو کەسەوە دەستی پێکرد، پیاوێك و ژنێك. پاشاکە خواستی ئەوە بوو ژیانی هاوبەش لەگەڵ خێزانی مرۆڤ دروست بکات، هەروەك چۆن لەگەڵ فریشتەکان دروستی کرد.

دوایی لە ناکاو شتێکی زۆر خراپ ڕوویدا. یاخی بوون لە شانشینەکەی سەریهەڵدا، یەکەمجار لە ئاسمان و پاشان لەسەر زەوی. بەڵام پاشا هەرگیز نەکەوتە داوی ئەم یاخیبوونە.

پاشا پلانێکی زۆر مەزنی داڕشت بۆ ڕزگارکردنی ئەوانەی دەکەونە داوی ئەم یاخیبوونە. جێبەجێکردنی ئەم پلانەش چەند هەزار ساڵێکی دەویست.

بۆ پاشای هەتاهەتایی ئەمە جێگەی سەرسوڕمان نییە!

چونکە پاشا دەسەڵاتی ڕەهای بەسەر کاتیشەوە هەیە.





## پەردەی دووەم

# پاشا و پێغەمبەرانی

بۆ شارەزابوون لە پاشا و پلانە مەزنەکەی
پێویستە کتێبەکەی بناسی.

بە درێژایی ١٥٠٠ ساڵ، پاشا نزیکەی ٤٠ کەسی هەڵبژارد بۆ تۆمارکردنی چیرۆك و پەیامەکانی ئەم پەڕتووکە. ئەم هەڵبژێردراوانە بە پێغەمبەر ناودەبران. پاشاکە فەرمایشتەکانی خۆی پێدەدان. پێغەمبەرانیش لەسەر کاغەز و پێستی ئاژەڵ فەرمایشتەکانی پاشایان تۆمار دەکرد. ئەم نووسراوانە پارێزران و دەستاو دەستیان پێ دەکرا بۆ نەوەکانی دوای خۆیان. هەرچەندە، زۆرێك لە پێغەمبەران یەکتریان نەدەناسی، بەڵام نووسراوەکانیان تەواوکەری یەکترن، بۆ ئەوەی پەیامی خودا بە شێوازێکی دروست بگاتە دەست مرۆڤەکان.

نووسراوی پێغەمبەران بە (**کتێبی پیرۆز**) ناودەبرێن. بەبێ بوونی کتێبی پیرۆز، مرۆڤ ناتوانێت بزانێ لە کوێوە هاتووە و پاش مردن دەچێتە کوێ، هەروەها مەبەست لە بوونی چییە لەسەر ئەم زەویە. بۆ دڵنیابوون لە وەڵامی ئەو پرسیارانە، پێویستمان بە کتێبی پاشاکە دەبێت.

نزیکەی ٣٥٠٠ ساڵ لەمەوبەر، پاشا لەسەر زاری پێغەمبەرێکەوە بە ناوی موسا فەرمووی:

**مرۆڤ تەنها بە نان ناژیێت، بەڵکو بە هەر وشەیەك کە لە دەمی یەزدانەوە دێتە دەرەوە.** (دواوتار ٨: ٣)

هەموو وشەکانی پاشا لە یەك پەڕتووکدا کۆکراوەتەوە، ئەویش **کتێبی پیرۆزە.** پیرۆز واتە پاك و بێگەرد و دوور لە هەموو هەڵەیەك. ئەمڕۆ ئەو کتێبەی لە جیهاندا زۆرترین وەرگێڕانی بۆ کرابێت و زۆرترین داخوازی لەسەر بێت کتێبی پیرۆزە. بە هەزارەها لە پارچە نووسراوە کۆنەکانی کتێبی پیرۆز کە لەسەر پێستی ئاژەڵ نووسراونەتەوە و هەڵگیراون شایەتی ئەو ڕاستییەن کە چەندە بە باشی ئەم نووسراوانە پارێزگاریان لێ کراوە.[٣]

کتێبی پیرۆز دەکرێتە دوو بەشی سەرەکی.

بەشی یەکەم، پەیمانی کۆن (تەورات، زەبوور...هتد)
لە پەیمانی کۆندا، پاشا پێشبینی جێبەجێکردنی پلانە مەزنەکەی دەکات لە داهاتوودا.

بەشی دووەم، پەیمانی نوێ (مزگێنی، کرداری نێردراوان... هتد)
لە پەیمانی نوێدا، پاشا پلانەکەی جێبەجێ دەکات.

پەیمان واتە بەڵێن، گرێبەست، ڕێکەوتن. لە پەیمانی کۆندا خودا باس لەو پلانە دەکات کە دەیەوێت لە داهاتوودا جێبەجێی بکات. پەیمانی نوێ جێبەجێکردنی ئەو پلانەی خودای تێدا تۆمار کراوە. نووسینەوەی مێژوو پێش ڕوودانی تەنها لە توانای خودایە.

جیاوازی نێوان پەیمانی کۆن و پەیمانی نوێ وەك نموونەی پاشایەکی مەزنە کە لە دوورەوە نامە و وێنە بنێرێ بۆ خەڵکەکەی- دواتر ئەم پاشایە خۆی سەردانیان بکات.

یەکەم جار کتێبی پیرۆز هاتە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پاشان ئەفریقیا، ئاسیا، ئەوروپا، ئەمریکا و شوێنەکانی دیکە. پێغەمبەران هەموویان خەڵکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بوون، بەڵام پەیامەکانیان بەبێ جیاوازی بۆ هەموو گەلانی سەر زەوی بوو، بۆ هەموو خێزانەکان و ... بۆ تۆش.





## پەردەی سێیەم

# پاشا و گەردوونەکەی

ئەگەر بتوانین بۆ ناو مێژوو بگەڕێینەوە دواوە

زۆر،

زۆر،

زۆر بۆ لەپێشتر،

پێش دروستبوونی مرۆڤ و گەردوون و ئەستێرەکان، دەتوانین هێز و شکۆیەکی زۆر لە پشت یەکەم وشەی کتێبی پیرۆزەوە ببینین.

> **لە سەرەتادا خودا ئاسمان و زەوی بەدیهێنا.** (پەیدابوون ١: ١)

ئەمڕۆ زۆرێك لە خەڵك باوەڕیان وایە گەردوون و هەموو شتەكانی ناوی بەبێ بوونی بەدیهێنەرێكی دانا هاتوونەتە بوون. بەڵام، تیۆرەكانیان لەگەڵ دیزاین و ڕێكوپێكی گەردووندا هاوتا نین.

لە پەڕتووكەكەیدا، پاشا دەفەرموێت:

> **ئاسمان باسی شكۆی خودا دەكات، گەردوون كارەكانی دەستی ڕادەگەیەنێت.** (زەبوورەکان ١٩: ١)

تەماشای دەستەكانی خۆت بكە، پەنجە گەورەت بجوڵێنەوە، بزانە چی دەبێت ئەگەر هەوڵبدەی كتێبێك، چەكوشێك یان هەر شتێكی دیكە بەبێ پەنجە گەورەت هەڵبگریت.

بە وردی تەماشای نینۆك و جومگەی پەنجە و پێستی دەستەكانت بكە، ئینجا بیربكەوە و بزانە كە دەتوانیت چەند شتی گرنگ بە دەستەكانت ئەنجام بدەی. كێ هەیە بتوانێت دیزاینی دەستێك بەو شێوە ڕێك و پێكە بكات جگە لە بەدیهێنەرێكی بە توانا؟

چ هێز و دەسەڵاتێك جگە لە خودا لە توانایدایە ملیاران ئەستێرە دروست بكات؟ یان خانەیەكی زیندوو دروست بكات كە ملیۆنان بەشی ئاڵۆزی تێدایە؟ یان پێكەوەلكانی خانە مایكرۆسكۆپییەكان لە شێوەی زنجیرەدا، هەریەك لەو زنجیرانە كۆد و توخمی بۆماوەییان لەسەرە كە پێكهاتەی مرۆڤ دروست دەكات؟

چەند هەزار ساڵ لەمەوبەر، داودی پێغەمبەر فەرمووی:

> **لەناو سكی دایكم منت چنیوە. ستایشت دەكەم، چونكە بە سامناكی دروستكراوم، سەرسوڕهێنەرم،...**
> (زەبوورەکان ١٣٩: ١٣-١٤)

ئایا حەز دەكەی بەدیهێنەرەكەت بناسی؟ دەتەوێ بۆ هەتاهەتایە لەگەڵ بەدیهێنەری ئەستێرەكاندا بژی؟ گەر خواستت لەسەر بێ، ئەوا دەتوانی. بەدیهێنەرەكە خۆی بۆ دەرخستین. ئەو دەیەوێ تۆ و هەموو مرۆڤایەتی بە هەموو كۆمەڵگە و خێزانەكانەوە ئەو بناسن. بەدیهێنەر بانگهێشتتان دەكات بۆ ئەوەی ئاشنابن بە پلانەكەی و ئەزموونی خۆشەویستیەكەی بكەن، لەگەڵ مەزنییەكەی ئاوێتەبن، هەروەها گوێڕایەڵی یاساكانی بن و بۆ شكۆمەندی ئەو بژین. بەڵام، پاشا بە زۆر كەس ناكاتە بەندەی خۆی.

ئەو پاشایەكی مەزن و شكۆمەندە.

ئەمە چیرۆكەكەیەتی.

# بەشی یەکەم

## پاشا پێشبینی
## پلانەکەی دەکات

– پەیمانی کۆن –





## پەردەی چوارەم
# یەکەمین ڕۆژ

پەڕتووکی خودا بە جۆرێك دەست پێدەکات کە گوزارشت لە مەزنایەتییەکەی بکات. لە کتێبە پیرۆزەکەیدا، پاشا بە تەنها ئەو شتانەمان پێ ڕادەگەیەنێت کە دەیەوێ ئێمە بیزانین.

**لە سەرەتادا خودا ئاسمان و زەویی بەدیهێنا.** (پەیدابوون ١:١)

هەموو ئەو شتانەی ئێمە دەتوانین بیانبینین و دەستیان لێبدەین سەرەتایەکیان هەیە، بەڵام بەدیهێنەری گەردوون سەرەتا و کۆتایی نییە. ئەو جیهانی ڕۆحی هەتاهەتایی نەبینراوە کە دەتوانێت لەیەك ساتدا لە هەموو شوێنێکدا بێت. یەزدان هەموو شتێك دەبینێت و دەزانێت.

ئایا ناوی ئەو بەدیهێنەرە دەزانی؟ خودا چەندین ناوی هەیە، بەڵام بەناوبانگترینیان ناوی «یەزدان»ـە. لە زمانە بنەڕەتیەکەی کتێبی پیرۆزدا خودا ناوی **یەهوایە**، واتە **ئەوەی کە هەیە** یان **منم هەم**.

لە سەرەتای چیرۆکی دروستبوونی زەوی و ئاسمان، پاشا باس لە بناغە و بنەڕەتی زەوی دەکات.

**زەویش بێ شێوە و بەتاڵ بوو، تاریکیش لەسەر ڕووی قووڵاییەکان بوو. ڕۆحی خوداش لەسەر ڕووی ئاوەکان دەجوڵایەوە.** (پەیدابوون ١: ٢)

کاتی ئەوە هاتبوو پاشا گەردوون ئامادە بکات بۆ ئەوەی خەڵکی لەسەری بژین.

**خودا فەرمووی: «با ڕووناکی ببێت.» ئینجا ڕووناکی بوو. خوداش بینی کەوا ڕووناکیەکە باش بوو. ئیتر خودا ڕووناکیەکەی لە تاریکی جیاکردەوە. خودا ڕووناکیەکەی ناونا ڕۆژ و تاریکیەکەی ناونا شەو. ئێوارە بوو، بووە بەیانی، ئەمە ڕۆژی یەکەم بوو.** (پەیدابوون ١: ٣-٥)

ئایا خودا لە یەکەم ڕۆژی پەیدابووندا چیکرد؟ خودا فەرمانیدا ڕووناکی ناو قووڵاییەکانی تاریکی ببڕێت. دواتر، ڕووناکی خۆر بەسەر زەویدا بدرەوشێتەوە، بەڵام یەزدان لە ڕۆژی یەکەمدا ڕوووناکی خۆری دروستنەکرد، چونکە دەیویست ئێمە بزانین کە خودا خۆی سەرچاوەی ڕووناکییە.

**خودا ڕووناکییە، هیچ تاریکی تێدا نییە.** (یەکەم یۆحەنا ١: ٥)

خودا وەك ڕووناکی بێگەردە. هەرگیز بێگەردی خودا پیس نابێت، تەنانەت ئەو کاتەش کە ڕووناکیەکەی بەسەر شتە خراپەکانیشدا دەدرەوشێتەوە. خودا پاك و بێگەردە، خودا بێ کەموکورییە، خودا پیرۆزە.

ئایا دەزانی خودا لە کاتی بەدیهێنانی زەوی و ئاسماندا کێی لەگەڵ بوو؟ یەکەم: ڕۆحی پیرۆزی خودا لەوێ بوو، بەسەر ئاوەکاندا هاتوچۆی دەکرد. دووەم: هەروەها وشەکەی لەوێ بوو، دەدوا.

**لە سەرەتادا، وشەکە هەبوو، وشەکە لەلای خودا بوو، وشەکە خۆی خودا بوو. ئەو لە سەرەتاوە لەلای خودا بوو. هەموو شتێك بەو بەدیهاتووە.** (یۆحەنا ١: ١-٣)

ڕۆحی پیرۆزی خودا و وشەی خودا هەمیشە لەگەڵ خودای ڕاستەقینە بوون. بۆیە دەتوانین بڵێین:

هەرچەندە تەنها ئەو بوونی هەبووە، بەڵام هەرگیز بە تەنها نەبووە.





## پەردەی پێنجەم

# جیهانێکی نموونەیی

لە شەش ڕۆژی یەك لە دوای یەکدا، پاشا جیهانێکی جوان و سەرسوڕهێنەری بەدیهێنا. تەنها بە وشە، خودا جیهانێکی بێ کەموکوڕی بەدیهێنا.

**لە ڕۆژی یەکەمدا خودا فەرمووی: «با ڕووناکی ببێت!» جا ڕووناکی بوو.**

لە ڕۆژی دووەمدا، خودا ئەو ئاسمانە شینەی کە ئەمڕۆ ئێمە دەیبینین و ئەو هەوایەی بەدیهێنا کە هەناسەی پێ دەدەین. خودا ئاسمانی بە شێوەیەك بەدیهێنا بێ کەموکوڕی بێت لە هەموو ئەو گازانەی پێویستن بۆ ژیان و هەناسەدان تێیدا، وەك ئۆکسجین و نایترۆجین.

**لە ڕۆژی سێیەمدا خودا فەرمووی: «با وشکایی دەرکەوێت!» وشکایی دەرکـەوت. پاشـان خودا فەرمووی: «با زەوی سەوزایی بدات!» دەستبەجێ، گیا، ڕووەك، گوڵ و میوە دەستیان بە گەشەکردن کرد. هەریەکەیان تۆوی تایبەت بەخۆی تێدا بوو.**

**لە ڕۆژی چوارەمدا، خودا فەرمانی کرد خۆر و مانگ بدرەوشێنەوە بۆ دەستنیشانکردنی وەرز و ڕۆژ و ساڵ.**

**لە ڕۆژی پێنجەمدا خودا فەرمووی: «با ئاوەکان پڕ بن لە ئاپۆڕەی ماسی و گیانداری دیکە! با باڵندەش لە بۆشایی ئاسماندا بەسەر زەویدا بفڕێت!» ئەمەش بوو.**

**لە ڕۆژی شەشەمدا، خودا فەرمووی: «با زەوی بوونەوەرە زیندووەکان لە جۆری خۆیان بەرهەم بهێنێت- مەڕو ماڵات، ئاژەڵی بچووك و ئاژەڵی کێوی!» خودا بە شێوەیەك گیانلەبەرانی بەدیهێنا توانای زاوزێکردن و بەخێوکردنی بەچکەکانیان هەبێت.**

**خوداش بینی کە ئەمە باش بوو.** (پەیدابوون ١:٢٥)

ئاشتی سەراپای زەوی گرتبۆوە. لە سەرەتاوە هەموو ئاژەڵان وەك هاوڕێ بوون لەگەڵ یەکتر.

یەکترییان نەدەکوشت و یەکترییان نەدەخوارد. ڕووەکەکان بەرووبوومێکی زۆریان هەبوو.

هەموو شتەکان لەسەر زەوی وەك میلی کاتژمێر ڕێکوپێك بوون. دووری نێوان خۆر و زەوی تەواو بوو. مانگ لە ڕۆژی یەکەمەوە هەتا ڕۆژی کۆتایی پڕ دەبوو. زەوی ئاو و هەوا و پاشماوەکانی ناوی پاك دەکردەوە. زەوی هیچ کەموکوڕییەکی نەبوو، ئەگەر بە باشی فەرمانڕەوایی بکرێت ئەوا لە هیچ شتێکی کەم نابێت. دەبێتە ماڵێکی نموونەیی بۆ مرۆڤایەتی.

هەر ڕۆژێك لە ڕۆژەکانی پەیدابوون، بیرۆکەیەکمان دەداتێ کە خودا چۆنە .[٤]

ڕۆژی یەکەم: ئەوەمان پیشان دەدات، خودا وەك ڕووناکی پیرۆز و بێ کەموکوڕییە.

ڕۆژی دووەم: خودا بە هێز و بە دەسەڵاتە. کەش و هەوای بەدیهێناوە و بە ڕێکوپێکی بەڕێوەی دەبات .

ڕۆژی سێیەم: خودایەکی چاکە. بە هەزارەها جۆری جیاواز لە ڕووەکی دروستکردووە بۆ دابینکردنی خواردەمەنی بۆ ئێمە.

ڕۆژی چوارەم: خودایەکی دڵسۆزە. خۆر و مانگ لە بوار و لە خولگەی خۆیاندا دەمێننەوە.

ڕۆژی پێنجەم: خودا ژیانە. زیندەوەرانی ئاوی خستە ناو زەریاکان و ئاسمانی پڕکرد لە باڵندە.

ڕۆژی شەشەم: خودا خۆشەویستییە. پاش بەدیهێنانی ئاژەڵ، کاتی ئەوە هاتبوو کە یەزدان زیندەوەرانی دیکە بەدیبهێنێت بۆ ئەوەی خۆشەویستییان بەسەردا ببارێنێ.

کاتی ئەوە هاتبوو خودا بوونەوەرێکی تایبەت بەدیبهێنێ کە ڕەنگدانەوەی پیرۆزی و هێز و چاکە و دڵسۆزی و ژیان و خۆشەویستی خودا خۆی بێت.





## پەردەی شەشەم

# یەکەمین مرۆڤ

لە ڕۆژی شەشەمدا، پاشاکە لەگەڵ خۆیدا واتە (خودا، ڕۆحی پیرۆز، لەگەڵ وشەکە) دوا و فەرمووی:

**«با مرۆڤ لەسەر وێنەی خۆمان دروستبکەین و لە خۆمان بچێت.° با دەسەڵاتدار بن بەسەر ماسی دەریا و باڵندەی ئاسمان و ئاژەڵی ماڵی و بەسەر هەموو زەویدا، هەروەها بەسەر هەموو ئەو بوونەوەرە خشۆکانەی بەسەر زەویدا دەخشێن.»**

**خودا مرۆڤی لەسەر وێنەی خۆی بەدیهێنا، لەسەر وێنەی خودی خۆی بەدیهێنا، بە نێر و مێ بەدیهێنان.**( پەیدابوون ١: ٢٦-٢٧)

کاتێك کتێبی پیرۆز دەفەرمووێ خودا مرۆڤی لەسەر وێنەی خۆی بەدیهێنا، مانای ئەوە نییە خودا کتومت لە ئێمە دەچێت، بەڵکو بۆ ئەوەیە ئێمە ببینە ڕەنگدانەوەی سروشت و کەسایەتی خودا. بۆ نموونە، لە سەردەمی کۆن، پارەی ئیمپراتۆریەتی ڕۆم وێنەی ئیمپراتۆری ڕۆمی لەسەر دەکێشرا. بە هەمان شێوە، وێنەی خودا لەسەر مرۆڤایەتی کێشرا. یەکەمین ژن و پیاو بە جۆرێك بەدیهێنران توانای بیرکردنەوە و خۆشەویستی و قسەکردنیان هەبێت، هەروەك بەدیهێنەرەکەیان، بۆ ئەوەی بتوانن چێژ لە پەیوەندییەکی نزیك لەگەڵ بەدیهێنەرەکەیان وەربگرن. خودا خەڵکی دروست نەکرد تاوەکو ببنە کۆیلەی، بە پێچەوانەوە ویستی مرۆڤەکان ببنە هاوڕێی.

خودا مرۆڤی هەر بە تەنها لەسەر شێوەی خۆی دروستنەکرد، بەڵکو دەسەڵاتداریشی کردن بەسەر هەموو زەویدا. خودا مرۆڤی بەدیهێنا بۆ ئەوەی بایەخ بە زەوی بدەن و فەرمانڕەوایەتی زەوی بکەن، بۆ ئەوەی نهێنییەکانی زەوی ئاشکرا بکەن و بە داناییەوە سوود لە سامانە سروشتییەکانی وەربگرن. ئەم جۆرە توانا و داناییە مرۆڤ لە ئاژەڵان جیادەکاتەوە.

خودا دوو شتی گرنگی بە ئاژەڵان بەخشی: جەستە و ڕۆح.

بەڵام، خودا سێ شتی بە مرۆڤ بەخشی: جەستە و دەروون و ڕۆح.

**جا یەزدانی خودا پیاوی لە خۆڵی زەوی پێکهێنا و هەناسەی ژیانی فووکردە کونە لووتی. بەمەش پیاوەکە بووە گیانێکی زیندوو.** (پەیدابوون ٢: ٧)

جەستە ماڵێکی بێ گیان بوو هەتا ئەو کاتەی یەزدان ڕۆحی بەبەرداکرد.

دەروون بریتی بوو لە توانای خواست و سۆز و تێگەیشتن کە بە هۆیەوە مرۆڤ دەتوانێت هەست بە دەوروبەری بکات، بیربکاتەوە و بڕیاربدات.

ڕۆح بۆ پێکەوەبەستنی خودا و مرۆڤ بوو. لەش یارمەتی مرۆڤی دا پەیوەست بێت بە جیهانی دەوروبەری، بەڵام ڕۆح پەیوەستی دەکات بە خودای نەبینراو. خواستی خودا ئەوە بوو کە مرۆڤەکان بیناسن.

خودا زۆر بایەخ بە مرۆڤ دەدات. لەبەر ئەوەی خودا مرۆڤی بەدیهێناوە، کەواتە خودا نەك بە تەنها بەدیهێنەرە بەڵکو خاوەنی مرۆڤیشە.

خودا یەکەمین مرۆڤی ناونا (ئادەم)، واتە «لە زەوییەوە» یان «مرۆڤ». پاشان خودا، یەکەمین ژنیش دروست دەکات، بەڵام بەر لەوە دەبێت چەند ئامادەکارییەك بکات.

ئادەم سەرەتا پێویستی بە ماڵ و ئیش هەبوو.





## پەردەی حەوتەم

#ماڵێکی نموونەیی

پاش بەدیهێنانی یەکەمین مرۆڤ لە خۆڵ[٦] و بەخشینی هەناسەی ژیان بەبەریدا، یەزدان باخچەی عەدەنی بەدیهێنا. ئەم باخچەیە دەکەوێتە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی ئێستا، لەوانەیە باکووری کوردستانی ئێستا بێت. ڕووبارێك لە عەدنەوە هەڵدەقووڵا و لەبەری دەڕۆیشت بۆ ئاودانی باخچەکە.

**یەزدانی پەروەردگار هەموو ئەو جۆرە درەختانەی کەوا لەبەرچاو جوان بوون و بۆ خواردن خۆش بوون لە زەویدا گەشەی پێکرد. درەختی ژیانیش لە ناوەڕاستی باخچەکەدا بوو، هەروەها درەختی زانینی چاکەو خراپە.**

**یەزدانی پەروەردگار پیاوەکەی هێنا و لە باخچەی عەدەن داینا، بۆ ئیشی جوتیاری و بایەخ پێدانی.**

(پەیدابوون ٢: ٩-١٥)

یەزدان پرسیاری لە ئادەم نەکرد بۆ ئەوەی بزانێت ئایا ئادەم دەیەوێ لە باخچەی عەدەن بژی. یەزدان بەدیهێنەر و خاوەنی مرۆڤە، دەیزانێ چی بۆ مرۆڤ باشە.

باخچەکەی ئادەم پڕبوو لە شتی زۆر جوان - لە جۆگە و کانی سازگار، دەنگی باڵندە، گوڵی بۆنخۆش، ئاژەڵی جوان، میوەی ئاودار، سەوزەواتی بەسوود، دارستانی گەورە، تاشە بەردی ڕەنگاوڕەنگ و چەندین جۆری مێروو. ئەمە جگە لە ملیۆنان شتی دیکە کە هێشتا لە باخچەکەدا ئاشکرا نەکرابوون.

خودا مرۆڤی تەنها بۆ خواردن و گەڕان بەدینەهێنا. خودا ئادەمی بەدیهێنا بۆ ئەوەی ببێتە سەری مرۆڤایەتی. خواستی خودا ئەوە بوو کە ئادەم و خێزانەکەی بۆ هەتاهەتایە لە پاشایەتییەکەیدا فەرمانڕەوایەتی بکەن. بەڵام تەنها متمانە بەو کەسانە دەکرێت و کاری مەزنیان پێدەسپێردرێت کە لە کارە بچووکەکاندا سەرکەوتوو دەبن.

خودا یەکەم کاری بە ئادەم سپارد کە بریتی بوو لە چاودێری کردنی باخچەکە.

باخچەکە شوێنێکی زۆر جوان و دڵڕفێن بوو. دڕك و داڵ و مێرووی زیانبەخشی تێدا نەبوو. ئاو و هەواکەی پاك و خاوێن و زەویەکەی بە پیت بوو، ئەگەرچی بارانی لێ نەدەباری، بەڵام لە زەوییەوە تەمێك بەرز دەبۆوە و زەوییەکەی ئاودەدا.

خودا کارێکی دیکەی بە ئادەم سپارد: ناونانی گیانلەبەران.

ئەو وێنەیە بهێنە پێش چاوت، یەزدان گیانلەبەرەکانی بۆ ئادەم هێنا تاوەکو ناویان بۆ بدۆزێتەوە. جووتێك ئاژەڵی بەهێز کە پەلە شۆڕبۆوەکانی و قاچە بەهێزەکانی بەرز دەکاتەوە، ئادەم لێیان ورد دەبێتەوە و دەست بە پشتیاندا دەهێنێ، پاشان ناویان لێدەنێت ئەسپ. باڵندەیەکی مەزن بە جووتە باڵی پان و دەنووکێکی قووڵاپیەوە بەرەو زەوی هێرش دەبات، ئادەم ئەم باڵندەیە ناو دەنێت هەڵۆ. پاشان، ئاژەڵێکی دیکەی دڕندە کە ڕەنگی پرتەقاڵیە و خەتی ڕەش لەسەر جەستەیەتی. ئایا ئادەم ئەم ئاژەڵەی بە چی ناوبرد؟

**پیاوەکە ناوی لە هەموو ئاژەڵی ماڵی و باڵندەی ئاسمان و ئاژەڵی کێوی نا.** (پەیدابوون ٢: ٢٠)

باخچەی عەدەن ئەو شوێنە بوو تاکو لەوێوە مرۆڤ بەدیهێنەرەکەی بناسێت.

کاتی ئەوە هاتبوو ئادەم تاقی بکرێتەوە.





## پەردەی هەشتەم

# یاسای گوناه و مردن

لە سەرەتاوە، خودا و مرۆڤ هاوڕێ بوون، بەڵام ئەم هاوڕێیەتییە پێویستی بە تاقیکردنەوە هەبوو. پاشای گەردوون نایەوێت شانشینەکەی پڕبکات لە بەندە کە بە ناچاری ملکەچی بن.

یەزدان ئادەمی خۆشدەویست و پلانێکی مەزنی هەبوو بۆ ئەو و هاوسەری داهاتووی. خودا خەڵکی دەویست نەك کۆیلە. تەنها داوای خودا لە ئادەم ئەوە بوو گوێڕایەڵی بێت.

**یەزدانی پەروەردگار فەرمانی بە پیاوەکە دا و فەرمووی: (تۆ ئازادیت لە هەموو درەختەکانی باخچەکە بخۆیت، بەڵام بۆت نییە لە درەختی زانینی چاکە و خراپە بخۆیت، چونکە لەو ڕۆژەی لێی بخۆیت بێگومان دەمریت.)** (پەیدابوون ٢: ١٦-١٧).

ئەمەش فەرمانێکی قورس نەبوو. ئادەم دەیتوانی لە هەموو بەری درەختەکانی باخچەکە بخوات جگە لە یەك درەخت. گوێڕایەڵبوونی ئەم داواکارییە ئاسانە، ئادەم دەیتوانی پیشانی یەزدانی بدات کە متمانەی بە پلانەکەی هەیە.

خودا بە ئادەمی فەرموو چی ڕوودەدا ئەگەر فەرمانەکەی بشکێنێت؟

ئایا خودا بە ئادەمی فەرموو ئەگەر لەبەری درەختە قەدەغەکراوەکە بخوات، ئەوا بۆ پاکبوونەوەی گوناهەکەی پێویستە ئەرکە ئایینیەکان بەجێبهێنێ، وەك نوێژکردن، ڕۆژوگرتن، خێرکردن، چوون بۆ کڵێسا، پەرستگا یان مزگەوت؟ ئایا خودا فەرمووی دەبێت ئەوەندە کاری چاکە بکات تاکو کارە خراپەکەی دەسڕێتەوە؟

نەخێر، خودا هەرگیز ئەمەی نەفەرموو.

خودا بە ئادەمی فەرموو، **"چونکە لەو ڕۆژەی لێی بخۆیت بێگومان دەمریت."**

شکاندنی فەرمانی خودا ناودەبرێت بە «**گوناه**.» شکاندنی فەرمانی خودا دەرئەنجامەکەی مردنە. خودا بە ئادەمی فەرموو: ئەگەر لەو میوەیە بخۆیت ئەوا دەمریت. لە پەڕتووکە پیرۆزەکەیدا، خودا ئەمە بە «**یاسای گوناه و مردن**» ناودەبات (ڕۆما ٨: ٢).

بە گوێرەی فەرمانی خودا سزای گوناه، مردنە.

مردن واتە جیابوونەوە. کاتێك ئادەم فەرمانی خودا دەشکێنێ وەك لقێکی شکاوی لێدێت کە لە درەختەکەی جیاکرابێتەوە، ڕۆژ بە ڕۆژ بەرەو پووکانەوە و مردن دەچێت، چونکە لقەکە لە سەرچاوەی ژیانی جیابووەتەوە کە درەختەکەیە.

کە ئادەم بەدوای حەزو ئارەزووی خۆی بکەوێت لەبری فەرمانی خودا ئەوە یاخی بوونە: یاخیبوونیش گوناهە.

گوناه کۆتایی بە هاوڕێیەتیەکەی مرۆڤ و خودا دەهێنێت.

گوناه دەبێتە هۆی پیربوونی جەستەی مرۆڤ و مردنی.

گوناه گیان و ڕۆحی مرۆڤ بۆ هەتاهەتایە لە خودا جیادەکاتەوە.

گوناه کوشندەیە.





## پەردەی نۆیەم

# یەکەمین ژن

پاش ئەوەی یەزدان یەکەم کاری بە ئادەم سپارد و داوای لێکرد گوێڕایەڵی فەرمانەکەی بێت، کاتی ئەوە هاتبوو یەکەمین ژنیش بەدیبهێنێت.

**یەزدان فەرمووی: (باش نییە بۆ پیاو بە تەنها بێت. یارمەتیدەرێکی هاوشانی بۆ دروستدەکەم.)**

**یەزدان ئادەمی خستە خەوێکی قووڵەوە: لە کاتی خەودا، یەکێك لە پەراسووەکانی پیاوەکەی دەرهێنا و شوێنەکەی بە گۆشت بۆ پڕکردەوە. ئینجا یەزدان لە پەراسووەکە ژنێکی بەدیهێنا و هێنای بۆ پیاوەکە.**

**پیاوەکە گوتی: (ئێستا ئەمە ئێسکێکە لە ئێسقانەکانم و گۆشتە لە گۆشتم. ئەمە ناودەبرێت بە ئافرەت، چونکە لە پیاوەوە وەرگیراوە.)** (پەیدابوون ٢: ١٨، ٢١-٢٣)

ئایا سەرنجت دا کێ بوو یەکەمین نەشتەرگەری ئەنجام دا، کێ بوو یەکەمین هاوسەرگیری ڕێکخست؟ بەڵێ، ئەوە خودا بوو.

پاشان، ئادەم ژنەکەی ناونا حەوا. حەوا واتە «دایکی مرۆڤایەتی.» لەبەرچاوی یەزدان ژن و پیاوەکە یەکسان بوون، بەڵام ڕۆڵی جیاوازی پێدان. خودا حەواشی هەروەك ئادەم لەسەر وێنەی خۆی بەدیهێنا. خودا حەوای بۆ ئەوە بەدیهێنا تاکو بەدیهێنەر و خاوەنەکەی بناسێت، تاکو ڕەنگدانەوەی کەسایەتی بەدیهێنەرەکەی بێت. خودا خواستی ئەوە بوو ژنەکەش بە دڵخۆشیەوە بۆ هەتاهەتایە لەگەڵ خودا بژی.

**«خودا بینی ئەوەتا هەموو ئەوەی دروستی کردبوو زۆر باش بوو. جا ئێوارە بوو، بووە بەیانی، ئەمە ڕۆژی شەشەم بوو.**

**ئیتر خودا لە ڕۆژی حەوتەم لەو کارەی کە کردبووی تەواو ببوو، ئینجا لە ڕۆژی حەوتەمدا لە هەموو کارەکانی پشووی دا.»** (پەیدابوون: ١: ٣١ و ٢: ٢)

بۆچی خودا لە ڕۆژی حەوتەمدا پشوویدا؟ چونکە کارەکەی تەواو کرد. بە بەدیهێنانی گەردوون لە شەش ڕۆژدا و پشوودان لە ڕۆژی حەوتەمدا، یەزدان شێوازی هەفتەی داهێنا - حەوت ڕۆژ لە هەفتەیەکدا، شەش ڕۆژ کارکردن و ڕۆژێك بۆ پشوو.

پەروەردگار وەك باوکێکی دانا و دڵسۆز چاودێری ئادەم و حەوای دەکرد. هەموو ئێوارەیەك لە باخچەکەدا قسەی لەگەڵ دەکردن. ئەمانیش زۆر دڵخۆش و ئاسوودە بوون لە ئامادەبوونی ئەودا.

**پیاوەکە و ژنەکەی هەردووکیان ڕووت بوون، شەرمیشیان نەدەکرد.** (پەیدابوون ٢: ٢٥)

بیر لەو وێنەیە بکەوە، ژن و مێردێکی پاك و پیرۆز لە جیهانێکی دڵڕفێن و بێ کەموکورتیدا، هەروەها پەیوەندییەکی توندوتۆڵیان لەگەڵ بەدیهێنەرە نموونەییەکەیاندا هەیە. شتەکان لە سەرەتاوە بەو شێوەیە بوون.

چ شتێکی چەوت ڕوویدا؟





## پەردەی دەیەم

# شانشینی ڕووناکی

بەرلەوەی باس لەو ڕووداوە چەوتە بکەین کە لەسەر زەوی و لە ناو باخچەکەدا ڕوویدا، پێویستە لە چەند شتێك دەربارەی ئاسمان «بەهەشت» بگەین.

ئەو دونیایە کە فیردەوسیشی پێدەگوترێ، پڕە لە چەندین ڕەنگی دڵڕفێن و مۆسیقای پڕ لە جۆش و خرۆش و گفتوگۆی دڵخۆشکەر و نهێنی نەکراوە. سادەترین کار لە بەهەشتدا بەچێژترە لە گەورەترین خۆشی سەر زەوی. بەهەشت تایبەتمەندی خۆی هەیە.

بەهەشت ماڵی پاشاکەیە.

گەورەترین چێژ و خۆشی ئەم شوێنە ئامادەبوونی پاشاکە خۆیەتی لەوێ. هەموو سووچێکی ئەم شارە ئاسمانیە بە جۆرێك نەخشەی کێشراوە کە ڕەنگدانەوەی خاوەن شکۆ خۆی بێت.

**بینای شووراکە لە یەشب بوو، شارەکەش لە زێڕی بێگەرد بوو، وەك شووشەی ساف.** (ئاشکراکردن ٢١:١٨)

لە کۆتا پەڕتووکی کتێبی پیرۆزدا (ئاشکراکردن) وێنەیەکی تێروتەسەلی ئەم شارە ئاسمانیە نەخشێنراوە. یەزدان لەو پەڕتووکەدا وێنەی ئەو جێگەیەی نیشانی یۆحەنای پێغەمبەر داوە، هەروەها فەرمانی بە یۆحەنا کردووە هەموو ئەو شتانەی بینیوویەتی لەم پەڕتووکەدا تۆماریان بکات.

**تەختێکم بینی لە ئاسمان دانرابوو، لەسەر تەختەکەش یەکێك دانیشتبوو. ڕوخساری دانیشتووەکە لە بەردی یەشب و یاقوتی سوور دەچوو، پەلکە زێڕینەیەکیش وەك زمروود لە دەوری تەختەکە دەدرەوشایەوە،... لە تەختەکەوە هەورە بروسکە و دەنگەدەنگ و هەورەگرمە دەهات. لەبەردەم تەختەکەش شوێنێکی وەك دەریایەکی شووشەیی هەبوو، وەك کریستاڵ.**

**ئینجا تەماشام کرد و گوێم لە دەنگی فریشتەیەکی زۆر بوو لە دەوری تەختەکە و بوونەوەرەکان و پیرەکان، ژمارەیان هەزاران هەزار و دەیان هەزار دەهەزار دەبوو،... چوار بوونەوەرەکە هەریەکەیان شەش باڵی هەبوو دەوروبەر و ژێر باڵیشیان بە چاو داپۆشرابوو، شەو و ڕۆژ بێ وەستان دەڵێن: «پیرۆزە، پیرۆزە، پیرۆزە، خودای پەروەردگاری هەرە بە توانا، ئەوەی هەبووە و هەیە و دێت.!»** (ئاشکراکردن ٤: ٢-٣، ٥-٦، ٥: ١١، ٤: ٨)

فریشتە واتە پەیامبەر یان خزمەتکار. فریشتەکان بوونەوەری ڕۆحین. هەروەك بەدیهێنەرەکەیان، مرۆڤ فریشتەکان نابینێت، تەنها لەو کاتانەدا نەبێت کە یەزدان بە کارێك دەیاننێرێت بۆ گەیاندنی پەیامێك بۆ کەسێك.

پاشای ئاسمان پێش مرۆڤ فریشتەکانی بەدیهێنا. یەزدان لە پەڕتووکە پیرۆزەکەیدا دەفەرموێ: «**هەموو فریشتەکان هوتافیان کێشا**» (ئەیوب ٣٨: ٧) لە کاتێکدا تەماشای خودایان دەکرد، کاتێك جیهانی بەدیدەهێنا.

یەزدان توانای بە فریشتەکان بەخشی بۆ زانین، گوێڕایەڵی، ستایشکردن و خزمەتکردنی یەزدان بۆ هەتاهەتایە. فریشتەکان کۆیلەی خودا نەبوون. هەروەك مرۆڤ، یەزدان خواستی نەبوو فریشتەکانیش بە زۆر ملکەچی بن. یەزدان دەیویست خزمەتکارەکانی دڵخۆش بن و بە خواستی خۆیان کار بۆ یەزدان بکەن.

کتێبی پیرۆز باس لە یەکێك لەو فریشتانە دەکات کە یەزدان زیرەکی و جوانی و هێزێکی گەورەی پێ بەخشیبوو.

ئەگەر چیرۆکی ئەم فریشتەیە بزانی، ئەوا دەزانی خراپە لە کوێوە سەریهەڵدا.





## پەردەی یازدەیەم

# شانشینی تاریکی

(لوسفەر) یان (ئیبلیس) یەکێك بوو لە فریشتە مەزنەکانی خودا. ناوی لوسفەر، بە واتای درەوشاوە دێت. پەڕتووکی پێغەمبەران باس لە لوسفەر وەك نموونەیەکی تەواو دەکەن. «**تۆ نموونەی تەواوەتی بوویت، پڕ لە دانایی و جوانی تەواو بوویت.**» (حزقیال ٢٨: ١٢)[٧].

پاشان لوسفەر لەبری شانازیکردن بە گەورەیی بەدیهێنەرەکەیەوە، شانازی بە جوانییەکەی خۆیەوە کرد. بۆ یەکەمین جار، بەدیهێنراوێکی خودا کەوتە شانازیکردن بە خۆیەوە! جوانی و زیرەکییەکەی وای لێکرد بەدیهێنەرەکەی لەبیر بچێتەوە. لوسفەر لە دڵی خۆیدا گوتی:

**سەردەکەوم بۆ ئاسمان، لە سەرووی ئەستێرەکانی خوداوە تەختی خۆم بەرز دەکەمەوە.**

**سەردەکەومە سەر بەرزاییەکانی هەور، خۆم وەك خودای هەرەبەرز لێدەکەم.** (ئیشایا ١٤: ١٣-١٤)

لوسفەر دەیویست ببێتە پاشا. دەیویست خواستی خۆی بەجێبێت لەبری خواستی خودا. گوناه هاتە ناو گەردوونەوە!

لوسفەر سێیەکی فریشتەکانی هەڵخەڵەتاند تاکو بەشداری لە یاخیبوونەکەی بکەن. بەڵام ئەو یەزدانەی کە گوناه قبوڵ ناکات، هەموویانی فڕێدایە دەرەوەی بەهەشت.

ناوی لوسفەر گۆڕا بۆ شەیتان واتە «تاوانبارکەر». هەروەها بە مانای هەڵخەڵەتێنەریش دێت. فریشتە بەدکارەکان ناودەبرێن بە بوونەوەری ڕۆحی خراپ.

لە شوێنێکی نهێنی و تاریکدا، یەزدان زیندانێکی ئامادەکرد بۆ شەیتان و دەست و پێوەندەکانی. ئەو شوێنە ناودەبرێت بە دۆزەخ. لەم شوێنەدا جیابوونەوە لە خودا بۆ هەتاهەتایە ڕوودەدات، ئەو شوێنەی چیتر یاخیبووەکان ناتوانن کێشە دروست بکەن. ڕۆژێك شەیتان و هەموو دەست و پێوەندەکانی لە ناو ئەو زیندانەدا بۆ هەتاهەتایە دەبەسترێنەوە. بەڵام، جارێ هەموویان لەو شوێنەدا نین.

ئایا ئەم ڕۆحە خراپانە بۆ کوێ چوون پاش ئەوەی یەزدان لە بەهەشت دەریکردن؟

هەموویان هاتنە سەر زەوی. شەیتان لەسەر زەوی هەموو دەست و پێوەندەکانی ڕێکدەخات. ئەگەر نەتوانن لە ئاسمانەکاندا حوکم بکەن ئەوا دەتوانن لەسەر زەوی حوکم بکەن! کتێبی پیرۆز شەیتان ناودەبات بە «**سەرۆکی دەسەڵاتی هەوا، ئەو ڕۆحەی ئێستا لە کوڕەکانی یاخیبوون کار دەکات.**» (ئەفەسۆس ٢: ٢)

هەرچەندە شەیتان و فریشتەکانی بۆ ئێمەی مرۆڤ نادیارن، بەڵام بوونیان هەیە. هەرچەندە ئێمە نازانین شێوەیان چۆنە، بەڵام تاریکی و مەبەستە خراپەکانیان دەزانین. هەموو هەوڵێك دەدەن بۆ هەڵخەڵەتاندنی خەڵکی تاکو بچنە نێو پاشایەتییە تاریکەکەیان. هیچ شتێك نایانوەستێنی لە ئاراستەکردنی مرۆڤ بەرەو خراپە و لەناوبردنیان.

**شەیتان خۆی لە شێوەی فریشتەی ڕووناکی دەردەخات.** (دووەم کۆرنسۆس ١١: ١٤)

**شەیتانی دوژمنتان وەك شێرێکی بە نەڕەنەڕ دەسووڕێتەوە، بەدوای یەکێکدا دەگەڕێ بۆ ئەوەی بیخوات.** (یەکەم پەترۆس ٥: ٨)

ئێستا با بگەڕێینەوە بۆ چیرۆکی ئادەم و حەوای یەکەمین دایك و باوکمان!





## پەردەی دوازدەیەم

# مارەکە

ژیانی ئادەم و حەوا پڕ لە ئامانج و کارکردن بوو. هەموو ڕۆژێك بە خۆشییەوە لەناو باخچەکەدا دەگەڕان، چاودێری درەخت و ڕووەکەکانی ناو باخچەکەیان دەکرد و لە میوەکانیان دەخوارد.

ئێوارانیشیان پڕبوو لە خۆشی، بە تایبەت ئەو کاتانەی بەدیهێنەرەکەیان دەهات و سەردانی دەکردن. زۆر حەزیان لە قسەکردن بوو لەگەڵ بەدیهێنەرەکەیان! ژن و پیاوەکە لەناو باخچەکەدا زۆر دڵخۆش بوون.

بەڵام، شەیتان بەمە دڵگران دەبوو. شەیتان ڕقی لە خودا و دوو بەدیهێنراوەکەی بوو کە ڕەنگدانەوەی وێنەی خودا بوون!

بۆیە ئەو شەیتانەی کە سەرکەوتوو نەبوو لە جڵەوگیرکردنی پاشایەتی ئاسمان، دەستیکرد بە پیلان دانان بۆ جڵەوگیرکردنی پاشایەتی سەر زەوی. یەکەم جار لە ئادەم (سەری مرۆڤایەتی)ـەوە دەستی پێکرد. شەیتان ویستی ئادەم هانبدات تاکو فەرمانی خودا بشکێنێ. بەڵام، شەیتان ڕاستەوخۆ ئادەمی فریو نەدا.

ڕۆژێکیان لە باخچەکەدا، حەوا گوێی لە دەنگێك بوو.

دەنگەکە ئادەم نەبوو. دەنگەکە خودا نەبوو.

دەنگەکە مارێك بوو!

شتێکی تازە و نامۆ بوو بۆ حەوا کە گیاندارێکی خشۆك قسە بکات. نەیدەزانی دوژمنی خودا مارێك بەکار دەهێنێ. هەروەها نەشیدەزانی کە شەیتان دەیەوێت بەکاریبهێنێت بۆ تاقیکردنەوەی ئادەم تاکو فەرمانی خودا بشکێنێ.

مارەکە بەردەوام چاوەڕێی هەلێکی دەکرد. چاوەکانی بەردەوام لەسەر ژنەکە بوو. کاتێك هەلەکە هاتە پێشەوە، خۆی گەیاندە ژنەکە و گوتی:

**«ئایا ڕاستە خودا فەرموویەتی: بۆتان نییە لە هیچ درەختێکی باخچەکە بخۆن؟»** (پەیدابوون ٣: ١)

شەیتان دەیویست گومان بخاتە دڵی حەوا سەبارەت بە وشەکانی خودا. هەروەها دەیویست ئەو گومانە بخاتە دڵی حەوا کە یەزدان نایەوێت ئەوان لە شتە باشەکە بخۆن.

**«ئافرەتەکەش بە مارەکەی گوت: «بۆمان هەیە لە بەری درەختەکانی باخچەکە بخۆین، بەڵام خودا فەرمووی: ”بۆتان نییە لە بەری ئەو دارە بخۆن، کە لەناوەڕاستی باخچەکەیە، هەروەها بۆتان نییە دەستی لێ بدەن، ئەگینا دەمرن.“»**

**مارەکە بە ئافرەتەکەی گوت: «نا بەڕاستی نامرن، چونکە خودا دەزانێت ئەو ڕۆژەی کە دەیخۆن چاوتان دەکرێتەوە و ئیتر وەك خوداتان لێدێت، چاکە و خراپە دەزانن.»»** (پەیدابوون ٣: ٢-٥)

حەوا چی کرد؟





## پەردەی سێزدەیەم

# هەڵبژاردەکە

یەزدان ئازادیی بە ئادەم و حەوا بەخشی تاکو بە خواستی خۆیان بڕیار بدەن ئایا دەیانەوێت گوێڕایەڵی خودا بن یان بەدووی حەز و ئارەزووەکانی خۆیان بکەون.

یەزدان دەیزانی چی لە قازانجی ئەم بوونەوەرە تایبەتیانەیە کە لەسەر وێنەی خۆی دروستی کردبوون. یەزدان دەیویست ئادەم و حەوا متمانەی تەواوی پێبکەن، تەنانەت ئەگەر لەو هۆکارانەش نەگەن کە لەپشت فەرمانەکانی خوداوەیە.

تەنها خودا دەتوانێ پێشبینی دەرئەنجامەکانی خراپە بکات، بۆیە بە ئادەمی فەرموو،

**«بۆت نییە لە درەختی زانینی چاکە و خراپە بخۆیت، چونکە لەو ڕۆژەی لێی بخۆیت بێگومان دەمریت.»** (پەیدابوون ٢: ١٦-١٧)

بەڵام لێرەدا دەبینین مارەکە بە حەوا دەڵێ:

**«نا بە ڕاستی نامرن»** (پەیدابوون ٣: ٤)

ئایا دەبێت حەوا باوەڕی بەکام لەم دووانە هەبێت – بەدیهێنەرەکەی یان بەدیهێنراوێك؟

ڕووداوەکە بەم شێوەیە بوو:

**«کاتێك ئافرەتەکە بینی بەری دارەکە بۆ خواردن باش بوو، چاو ئارەزووی دەکرد، وات لێدەکات دانا بیت، لە بەرەکەی کردەوە و خواردی، دایە مێردەکەشی کە لەگەڵی بوو، ئەویش خواردی.»** (پەیدابوون ٣: ٦)

ژنەکە خواردی، پیاوەکەش خواردی!

حەوا کەوتە داوی فێڵەکانی شەیتانەوە و لە بەری درەختە قەدەغەکراوەکەی خوارد. ئادەم لە بەری درەختەکەی خوارد، چونکە بە ئەنقەست بڕیاری دا بەدووی حەز و ئارەزوی خۆی بکەوێت نەك خودا. لەبری گوێڕایەڵی و ملکەچ بوون بۆ بەدیهێنەرە پیرۆزەکەیان، مرۆڤایەتی خۆی ڕادەستی دوژمن کرد.

یەکەمین دایك و باوکمان کەوتنە ناو گوناه.





## پەردەی چواردەیەم
# گوناه و شەرم

یەزدان ئادەمی وەك سەری مرۆڤایەتی دیاری کردبوو. خودا فەرمانی بە ئادەم کردبوو لە بەری درەختی زانینی چاکە و خراپە نەخوات. هەتا ئەو ساتەی ئادەم لە بەری درەختەکەی نەخوارد، دەرئەنجامە خراپەکانی فەرمان شکاندنەکەیان تێدا دەرنەکەوت.

**«ئیتر هەردووکیان چاویان کرایەوە و زانیان کە ڕووتن، ئیتر گەڵای هەنجیریان لێك دووری و پۆشاکیان بۆ خۆیان دروستکرد.»** (پەیدابوون ٣: ٧)

شەرمێکی زۆر و هەست بە تاوانبارییەتی ناخی داگرتن. هەستیان کرد چیتر پاك و بێگەرد نین.

گوناه شەرمی لەگەڵ خۆی هێنا.

بەر لە شکاندنی فەرمانی خودا، ئادەم و حەوا هەستیان بە ئامادەبوونی خودا دەکرد و بە هیچ شێوەیەك هەستیان بە شەرم نەدەکرد، «**شەرمیشیان نەدەکرد**» (پەیدابوون ٢: ٢٥). ئادەم و حەوا هاوڕێ و ڕەنگدانەوەی وێنەی بەدیهێنەرەکەیان بوون. یەزدان هەردووکیانی ڕێزدار کردبوو، چونکە لەگەڵ خۆیدا هاوبەشی کردبوون.

بەڵام کاتێك لە بەری درەختە قەدەغەکراوەکەیان خوارد، دەستبەجێ هەستیان بە شەرم کرد.

شەرم جێگەی ڕێزی گرتەوە.

هەوڵیان دا بە گەڵای هەنجیر شەرمەکەیان داپۆشن، بەڵام هیچ هەوڵێك سوودی نەبوو. بێ دەسەڵات بوون لە ئاست ئەو گوناهەی کە ناخیانی داگیر کردبوو. بێ دەسەڵات بوون لە ئاست گێڕانەوەی ئەو ڕێزەی لە دەستیان دابوو.

کات دوای نیوەڕۆ بوو.

کاتێك سەردانی ئێوارانی بەدیهێنەرەکەیان نزیك بۆوە. بیریان لەوە کردەوە خودا دەبینن، ئادەم و حەوا تەزوویەکی سامناك بە لەشیاندا هات.

ئایا خودا چیان پێ دەڵێ؟

ئەی ئەمان چی بە خودا بڵێن؟





## پەردەی پازدەیەم

# مردنی ڕۆحی

بەر لە شکاندنی فەرمانی خودا، ئادەم و حەوا هەمیشە بە پەرۆشەوە چاوەڕوانی سەردانی بەدیهێنەرەکەیان دەکرد.

بەڵام، ئێستا دەترسن.

**ئینجا پیاوەکە و ژنەکەی گوێیان لە دەنگی یەزدانی پەروەردگار بوو کە لە باخچەکەدا هاتوچۆی دەکرد، لە کاتی هەڵکردنی شنەبای ڕۆژ. ئەوانیش لەنێو درەختەکانی باخچەکە خۆیان لە یەزدانی پەروەردگاریان شاردەوە.** (پەیدابوون ٣: ٨)

هەروەك چۆن کاتێك منداڵێك کە گوێڕایەڵی دایك و باوکی نەکردبێت و هەوڵبدات خۆی لێیان بشارێتەوە، ئادەم و حەواش هەوڵیان دەدا خۆیان لە بەدیهێنەرەکەیان بشارنەوە.

**یەزدانی پەروەردگاریش پیاوەکەی بانگ کرد و فەرمووی: «لە کوێیت؟»**

**ئەویش وەڵامی دایەوە: «لە باخچەکە گوێم لە دەنگت بوو، منیش ترسام، چونکە ڕووت بووم، ئیتر خۆم شاردەوە.»**

**ئەویش فەرمووی: «کێ بە تۆی گوت کە ڕووتیت؟ لەو درەختەت نەخواردبێت کە فەرمانم پێ کردبوویت لێی نەخۆیت؟»**

**پیاوەکەش گوتی: (ئەو ئافرەتەی پێت دام لەگەڵم بێت، ئەو لە بەری ئەو دارەی پێدام، منیش خواردم.)**

**ئینجا یەزدانی پەروەردگار بە ئافرەتەکەی فەرموو: «ئەمە چییە تۆ کردووتە؟»**

**ئافرەتەکەش گوتی: «مارەکە فریوی دام و منیش خواردم.»** (پەیدابوون ٣: ٩-١٣)

ئایا بۆچی ئادەم و حەوا هەوڵیان دا خۆیان لە خودا بشارنەوە؟ چونکە گوناهیان کردبوو.

بۆچی بۆ پاساوی گوناهەکەیان کەسانی دیکەیان تاوانبار دەکرد؟ چونکە شەرمەزار بوون.

ئادەم و حەوا چیتر ڕەنگدانەوەی کەسایەتی پیرۆزی خودا نەبوون. لەبری ڕەنگدانەوەی وێنەی بەدیهێنەرە پیرۆزەکەیان، ئێستا ئەوان ڕەنگدانەوەی خۆبەزلزانین و یاخیبوونی شەیتانن.

یەکەمین ژن و مێرد وەك لقە جیابووەکەی درەختەکەیان لێهات. گوناهەکەیان پەیوەندییەکەی ئەوانی لەگەڵ پاشا پچڕاند.

ئاوێتەی مردنی ڕۆحی بوون. گوناهەکەیان جودایکردنەوە لە سەرچاوەی ژیانی هەتاهەتایی لەگەڵ خودا.

لە ڕووی لەشەوە ئەوان هێشتا زیندوو بوون، بەڵام پرۆسەی پیربوون و پووکانەوەی جەستە دەستی پێکرد. هێزی مردن زاڵ بوو بەسەر لەشیاندا.

ئایا هۆکاری ئەم مردن و وێرانکاریە چی بوو؟

گوناه بوو.





## پەردەی شازدەیەم

# نەفرەتەکە

لە سەرەتای پەیدابووندا، خودا و مرۆڤ پێکەوە بوون. ئاشتی و خۆشگوزەرانی باڵی بە سەر زەویدا کێشابوو. بەڵام، مرۆڤ یاسای خودای پێشێلکرد.

ئەو ڕۆژەی ئادەم و حەوا گوناهیان کرد، یەزدان چەند دەرەنجامێکی درێژخایەنی گوناهەکەیانی ڕاگەیاند.

**خودا بە ئافرەتەکەی فەرمووو: «ئازاری سکپڕیت زۆر زیاتر دەکەم، بە ژانەوە منداڵت دەبێت. ئارەزووت بۆ پیاوەکەت دەبێت و ئەویش بەسەرتدا زاڵ دەبێت.»** (پەیدابوون ٣: ١٦)

بەرلەوەی گوناه دەربکەوێت، حەوا لەگەڵ مێردەکەی زۆر ئاسوودە بوو، مێردەکەی زۆر خۆشی دەویست و چاودێری دەکرد، بەڵام کاتێك گوناه تێکەڵی سروشتیان بوو، لەگەڵ خۆشییەکانیان ئازار و ناخۆشیش تێکەڵی ژیانی هاوسەرگیرییان بوو.

پاشان خودا بە پیاوەکەی فەرموو:

**«زەویش بەهۆی تۆوە نەفرەت لێکراوە، بە ڕەنجکێشانیش هەموو ڕۆژانی ژیانت لێی دەخۆیت... بە ئارەقەی ناوچەوانت نان دەخۆیت، هەتا دەگەڕێیتەوە بۆ زەوی، کە لێیەوە وەرگیراویت، لەبەر ئەوەی تۆ خۆڵیت و بۆ خۆڵیش دەگەڕێیتەوە.»** (پەیدابوون ٣: ١٧-١٩)

بەهۆی گوناهەکەیانەوە ئادەم و حەوا دەسەڵاتیان بەسەر زەویدا نەما. دڕك و داڵ و ئازار و خەم و نەخۆشی و مردن بوو بە بەشێك لە جیهانەکەیان.

هەندێك لە ئێمە لەبەر ئەوەی ئەوەندە بە ئازار و ناخۆشیدا تێپەڕبووین بەلامانەوە ئاساییە. بەڵام ئایا لە سەرەتاوە پلانی خودا بوو کە دڕك تێکەڵی گوڵی بۆنخۆش بکات، یاخود ئازاری لەدایك بوون ئەوەندە توند بێت؟ ئایا ویستی خودا بوو بۆ ئەو مرۆڤانەی کە لەسەر وێنەی خۆی دروستی کردبوون پیر بن و بمرن؟ بێگومان نەخێر، خودا لەبنەڕەتەوە شتەکانی بۆ ئەوە بەدینەهێنا کە پێکدادان لە نێوانیاندا دروست بێت. بەهۆی گوناهی مرۆڤەوە بوو، زەوی کەوتە ژێر نەفرەتی خودا.

ئادەمیزاد گوناهی کرد بۆیە مرۆڤایەتی پێویستە بمرێت.

مردن جیابوونەوەیە. سێ جیابوونەوە لە ئەنجامی گوناهەوە ڕوودەدات:

١- مردنی ڕۆحی: ڕۆحی مرۆڤ لە ڕۆحی خودا جیا دەبێتەوە.

٢- مردنی جەستەیی: ڕۆح و گیانی مرۆڤ لە جەستەی جیا دەبێتەوە.

٣- مردنی هەتاهەتایی: ڕۆح و جەستەی مرۆڤ بۆ هەتاهەتایە لە خودا جیا دەبێتەوە، مرۆڤ لە دەریاچەی ئاگر (دۆزەخ)[٨] هیچ دەروازەیەکی نەبوو بۆ دەربازبوون لە نەفرەتی گوناه.

ئایا هیچ هیوایەك هەبوو؟





## پەردەی حەڤدەیەم

# بەڵێنەکە

ئەو شتەی بەلای پاشاکەوە زۆر بەهادار بوو شەیتان دزی، بەڵام پاشا پلانێکی نهێنی و مەزنی هەبوو بۆ کڕینەوەی ئەم شتە بەهادارە. ئەو باجەی پاشا ئامادەیکردبوو بۆ دووبارە کڕینەوەی ئەم شتە بەهادارە لە دەرەوەی بیری مرۆڤە، نە جیهانی ڕۆحە پیسەکان و نە مرۆڤایەتی ناتوانێت لەم پلانەی خودا بگات، هەتا ئەو دەمەی جێبەجێ دەکات.

ئەو ڕۆژەی شەیتان مرۆڤایەتی جڵەوگیر کرد، یەزدانی خودا بە مارەکەی فەرموو:

> **«لەبەر ئەوەی ئەمەت کرد، تۆ نەفرەت لێ کراویت زیاتر لە هەموو ئاژەڵێکیماڵی و ئاژەڵێکی کێوی. هەموو تەمەنیشت لەسەر سکت دەخشێیت و خۆڵ دەخۆیت.»** (پەیدابوون ٣: ١٤)

لە سەرەتاوە کاتێك خودا ماری بەدیهێنا قاچی هەبوو. لەبەر ئەوەی مارەکە بواری بە شەیتان دا بەکاریبهێنێ بۆ ئاراستەکردنی مرۆڤایەتی بەرەو گوناە، خودا نەفرەتی لێکرد و فەرمووی: **”هەموو تەمەنیشت لەسەر سکت دەخشێیت.“** (ئایا دەزانن مارەکانی جۆری پایسن و بۆوا ئاسەواری چوکڵەی بچووك لە شێوەی قاچ لە ژێر سکیاندا هەیە، چونکە لە سەرەتاوە قاچیان هەبووە.) بە نزمکردنەوەی مار بۆ یەکێك لە خشۆکەکان، خودا ویستی نموونەیەکی بەرجەستە نیشانی مرۆڤایەتی بدات بۆ ئەوەی تاهەتایە لە بیریان بێت کە لە کاتی خۆیدا سەری مارە دێرینەکە پان دەکرێتەوە **”ئەوەی بە ئیبلیس و شەیتان ناودەبرێت“** (ئاشکراکردن ١٢: ٩).

ئینجا خودا بەو شەیتانەی فەرموو کە مارەکەی بەکارهێنا،

> **«دوژمنایەتیش دەخەمە نێوان تۆ و ئافرەتەکە، نێوان نەوەی تۆ و نەوەی ئەوەوە. نەوەی ئەو سەرت پان دەکاتەوە و تۆش پاژنەی پێی دەکوتیت.»** (پەیدابوون ٣: ١٥)

ئەمە یەکەمین پێشبینی بوو لە پێشبینییەکانی خودا بۆ ئاشکراکردنی پلانەکەی، ئەو پلانەی بە هۆیەوە مرۆڤایەتی لە دەستی شەیتان و گوناە و مردن ڕزگاری دەبێت. خودا قۆناغ بە قۆناغ ئەم پلانەی بۆ مرۆڤایەتی ئاشکرا دەکرد. بۆ بە نهێنی هێشتنەوەی پلانەکە لە شەیتان و دەست و پێوەندەکانی، خودا هەموو پلانەکەی بە یەك جار ئاشکرا نەکرد.

خودا بەڵێنیدا لە نەوەی ژن ڕزگارکەرێك بنێرێتە سەر زەوی.

ڕزگارکەرەکە دایکێکی مرۆڤی دەبێت، بەڵام باوکی مرۆڤی نابێت. ئەو ڕزگارکەرە بە **(مەسیح)** ناودەبردرێت واتە **(هەڵبژێردراو)**.

شەیتان پاژنە پێی مەسیح دەکوتێت، بەڵام مەسیح سەری شەیتان پان دەکاتەوە.

مانای ئەم شتانە چییە؟ دواتر، پاشا ئەم پلانەی بۆ مرۆڤایەتی ڕوون دەکاتەوە، بەڵام بۆ ئێستا یەزدان تروسکاییەك لە هیوا بە ئادەم و حەوا دەبەخشێ.

لەدوای چەند هەزار ساڵێك، یەکێك لە پەیامبەرانی خودا دەنووسێت،

> **ئەو گەلەی بە تاریکیدا دەڕۆیشت، ڕووناکیەکی گەورەی بینی... ئەوەتا پاکیزەیەك سکی دەبێت و کوڕێکی دەبێت، ناوی لێ دەنێت ئیمانوێل - واتە خودا لەگەڵمانە.** (ئیشایا ٩: ١، ٧: ١٤)

پاشا بۆ کڕینەوەی بەدیهێنراوە بەهادارەکەی، باجێکی گەورە دەدات[٩].

بەڵام نرخەکەی چەند دەبێ؟





## پەردەی هەژدەیەم

# یەکەم قوربانی

ئایا لە بیرتانە ئادەم و حەوا چییان کرد پاش ئەوەی لەبەری درەختەکەیان خوارد؟ هەوڵیاندا بە گەڵای هەنجیر خۆیان داپۆشن.

ئایا داپۆشینەکەی ئادەم و حەوا بە گەڵای هەنجیر ئاسوودەی کردن لەبەردەم بەدیهێنەرەکەیاندا؟ نەخێر، هێشتا هەستیان بە شەرم و گوناە دەکرد. هیچ ڕێگەیەکیان بۆ خۆپاککردنەوە لەبەردەم خودا نەبوو.

خودا شتێکی بۆ کردن.

«**یەزدانی پەروەردگار بۆ ئادەم و ژنەکەی جلی لە پێست دروستکرد و لەبەری کردن.**» (پەیدابوون ٣: ٢١)

ئایا کێ بوو یەکەمین ئاژەڵی کرد بە قوربانی؟ خودا بوو.

خودا چەند ئاژەڵێکی بۆ کردن بە قوربانی و بە پێستەکەی بەرگێکی بۆ دروستکردن و داپۆشین. خودا بەم کارەی، ئادەم و حەوای فێری چەند بنەمایەك کرد دەربارەی دادپەروەری و بەزەیی و نیعمەتەکەی.

با هەڵوەستەیەك لەسەر ئەم سێ وشە گرنگە بکەین.

**دادپەروەری.** بڕوانە ئاژەڵە مردووەکان. بۆچی خودا ئاژەڵەکانی کردە قوربانی؟ خودا ئەو قوربانییەی کرد بۆ ئەوەی ئادەم و حەوا فێربکات کە یاسای گوناە و مردن پێویستی بە باجدان هەیە. پێویستە گوناهەکەیان بە مردن سزا بدرێت. ئەوە دادپەروەرییە.

**بەزەیی.** بڕوانە ئادەم و حەوا. ئایا خودا بەهۆی گوناهەکەیانەوە هەردووکیانی کوشت؟ نەخێر، خودا لەبری ئادەم و حەوا چەند ئاژەڵێکی کوشت و کردییە قوربانی. ئەوە بەزەییە.

**نیعمەت.** ئێستا بڕوانە ئەو جل و بەرگە جوانە کە یەزدان ئادەم و حەوای پێ داپۆشیوە. ئایا ئەم دوو کەسە کە فەرمانی خودایان شکاند شایەنی ئەم دیارییە بوون؟ نەخێر، بەڵام خودا بەزەیی نیشاندان بە دروستکردنی جل و بەرگ بۆیان لە پێستی ئاژەڵ. ئەوەیە نیعمەت.

ئادەم و حەوا دڵخۆش بوون بەوەی جارێکی دیکە لەگەڵ خودا بن، چونکە خودا دادپەروەری و بەزەیی و نیعمەتی نیشاندان.

خوێنی ئاژەڵەکان گوناهەکانی ئەوانی داپۆشی. ئەو ڕۆژەی گوناهەکەیان کرد، ئادەم و حەوا شایەنی مردن بوون. بەڵام چەند ئاژەڵێکی بێ گوناە لە جێگەیان مرد.

پێستی ئاژەڵەکان شەرمەکەیانی داپۆشی. بۆیە دووبارە، ئادەم و حەوا هەستیان بە ئاسوودەیی کرد لە بەردەم خودا.

پاش چەند هەزار ساڵێك، خودا لە ڕێگەی یەکێك لە پێغەمبەرانیەوە فەرمووی:

«**بە شادی دڵشاد دەبم بە یەزدان - گیانم بە خودای خۆم شادمان دەبێت، چونکە بەرگی ڕزگاری لەبەرکردم، کەوای ڕاستودروستی بەسەر شانمدا دا.**» (ئیشایا ٦١: ١٠)

تەنها خودا دەزانێت چۆن گوناهباران دووبارە بهێنێتەوە سەر ڕێگەی ڕاست.





## پەردەی نۆزدەیەم

# دوورخستنەوە

کاتێك خودا فریشتە یاخیبووەکانی لە بەهەشت دەرکرد، ئیتر لەو دەمەوە چارەنووسی ڕەشیان دیاریکرا. ئەم بوونەوەرە ڕۆحییانە کە لەناو ڕووناکی بەهەشتدا بوون هیچ بیانوویەکیان بۆ گوناهکردن نەبوو. بەڵام، لەبەر ئەوەی گوناه مرۆڤیشی گرتەوە، بۆیە یەزدان پلانێکی دانا بۆ ئەوەی دووبارە هەموو ئەوانەی باوەڕی پێدەهێنن لە گوناهەکانیان بیانکڕێتەوە.

بەڵام هێشتا گوناه سزای هەیە. چۆن خودا ئیبلیس و فریشتە یاخیبووەکانی لە بەهەشت دەرکرد، بە هەمان شێوە خودا پیاو و ژنەکەی لە بەهەشتە زەمینییەکە دەرکرد.

> **دوای ئەوەی مرۆڤی دەرکرد، بۆ پاسەوانی ڕێگای درەختی ژیان لە دیوی ڕۆژهەڵاتی باخچەی عەدەن کەڕوبەکانی** (بوونەوەری ڕۆحی بەهێز) **دانا، لەگەڵ شمشێری گڕدار کە بە هەموو لایەکدا دەسووڕایەوە.** (پەیدابوون ٣: ٢٤)

یەکێکی دیکە لە درەختە تایبەتەکانی ناو باخچەی عەدەن درەختی ژیان بوو. تەنها ئەو کەسانە دەتوانن لە درەختی ژیان بخۆن کە پاك و پیرۆز و بێ کەموکوڕین. ئادەم و حەوا چیتر بێ کەموکوڕی نین، چونکە گوناهیان کرد. بۆیە دەبێت لە ڕووی جەستەییەوە پیر بن و پاشان بمرن.

خودای مەزن پیرۆزە. پیرۆز واتە پاك و بێگەرد و دوور لە هەموو گوناهێك. یەزدانمان خودایەکی بێ کەموکوڕی و چاکە. لەبەر سروشت و شەریعەتە پیرۆزەکەی، دەبێت یەزدان سزای گوناه بە مردن بدات (واتە جیابوونەوە لە سەرچاوەی ژیان.)

هەندێك باوەڕیان وایە خودا بەهۆی مەزنی و بەخشندەییە بێ سنوورەکەیەوە دەتوانێ ئەو شەریعەتەی خۆی دایناوە پشتگوێی بخات و لێی پاشگەز بێتەوە. بڕوانە ئەم نموونەیە، ئەگەر دادوەری دادگایەك پەیڕەوکردنی یاساکانی وڵاتەکەی ڕەت بکاتەوە. ئایا تۆ دەڵێی ئەوە دادوەرێکی زۆر باشە؟ نموونەیەکی دیکە، لە یارییەکی تۆپی پێدا، داوەر یاساکانی یاری تۆپی پێ پشتگوێ بخات. ئایا بە بڕوای تۆ ئەو کەسە داوەرێکی باشە یان خراپ؟

شەیتان ویستی لە حەوا بگەیەنێ کە بەدیهێنەرەکەی یاساکانی خۆی پشتگوێ دەخات و سزای یاسا شکێنان بە مردن نادات. بەڵام پاشای گەردوون دادوەرە و هەمیشە بەڵێنەکانی جێبەجێ دەکات.

خودا مەزنە. دەتوانی هەمیشە متمانەی پێبکەی.

> **ڕاستودروستی و دادپەروەری بناغەی تەختی تۆن، خۆشەویستی نەگۆڕ و ڕاستی لە بەردەمی تۆ دەڕۆن.** (زەبوورەکان ٨٩: ١٤)

بزانە دەتوانیت ئەم مەتەڵە هەڵبێنیت: ئایا هیچ شتێك هەیە شەیتان و مرۆڤ بتوانن بیکەن بەڵام خودا نەتوانێ بیکات؟

ئەمە وەڵامی خودا خۆیەتی:

> **«پەیمانی خۆم ناشکێنم و قسەی خۆم ناگۆڕم. جارێك سوێندم بە پیرۆزی خۆم خوارد، درۆ... ناکەم.»** (زەبوورەکان ٨٩: ٣٤-٣٥)

پاشای گەردوون هەرگیز لە فەرمایشتی خۆی پاشگەز نابێتەوە.





### پەردەی بیستەم

## منداڵە یەکەمینەکان

لە دەرەوەی باخچەکە، جیهان هێشتا شوێنێکی جوان بوو، بەڵام بەدەرنەبوو لە دڕك و داڵ و مێرووی زیانبەخش و شتە خراپەکانی دیکە. زۆرێك لە ئاژەڵان پەیوەندی هاوڕێیەتی لە نێوانیاندا نەما. خۆراك پەیداکردن ئاسان نەبوو. ئادەم و حەوا دەبوایە کاری گرانیان بکردبایە لەپێناو پەیداکردنی نانی ڕۆژانەیان.

هەروەها کات و ساتی خۆشیشیان هەبوو.

**ئادەم لەگەڵ حەوای ژنی جووتبوو، ئەویش سکی پڕبوو، قایینی بوو. گوتی: (لەلای یەزدانەوە پیاوێك بووە بەرهەمم.)** (پەیدابوون ٤: ١)

حەوا منداڵی یەکەمی ناونا قایین واتە (خاوەنداریێتی). چ سامانێکی بەهاداره خودا منداڵێکی جوانی پێ بەخشیون! ڕەنگە حەوا وا هەستی کردبێت قایین ئەو ڕزگارکەرەیە کە خودا بەڵێنی هاتنی داوە، بەڵام هەرزوو حەوا بۆی دەردەکەوێت منداڵە بچکۆلە جوانەکەی زۆر سەرکەش و لەخۆڕازییە - وەك دایك و باوکی!

پاشان، کوڕی دووەمیان بوو، حەوا ناوی نا هابیل واتە (بێ سوود). ئاشکرایە، ئادەم و حەوا لە توانایاندا نەبوو ئەو نەوە بێگوناهە بهێننە دونیاوە کە هەموو خەڵکی لە گوناهەکانیان ڕزگار دەکات.

منداڵەکانیشیان هەمان سروشتی گوناهی دایك و باوکیان هەبوو، لەبری ئەوەی سروشتی پیرۆزی خودایان هەبێت.

**ئادەم... کوڕ و کچی دیکەشی بوو... لە وێنەی خۆی و لە شێوەی خۆی.** (پەیدابوون ٥: ٣، ٤)

بڕوانە وێنەکە. دەبینی چۆن قایین ئەو کاڵەکە لە برا بچووکەکەی دەستێنێ؟ هەروەك باوك و دایکی هەڵسوکەوت دەکات، وەك نەخۆشییەکی گوازراوە، هەمان دەردی گوناهی ئادەم و حەوا منداڵەکانیشیانی گرتۆتەوە.

کاتێك ئادەم گوناهی کرد، گوناە هاتە ناو جیهانەوە. گوناهی ئادەم مردنی بەدوای خۆیدا هێنا.

**بەم شێوەیە مردن هەموو خەڵکی گرتەوە، لەبەر ئەوەی هەموو گوناهیان کرد.** (ڕۆما ٥: ١٢)

پەندێکی ئەفریقی هەیە دەڵێ: "جرج تەنها دەتوانێ نەوەیەك بخاتەوە کە چاڵ هەڵکەن بێت." پەندێکی عەرەبیش هەیە دەڵێ: "بەچکەی مراوی مەلەوانە."

کاتێك دایك و باوکە یەکەمینەکەمان گوناهیان کرد وەك لقە شکاوەکەیان لێهات. چۆن هەموو گەڵاکانی سەر لقە شکاوەکە وردەوردە بەرەو پووکانەوە دەچن، بە هەمان شێوە هەموو ئەندامانی لقی خێزانەکەی ئادەم و حەوا دەکەونە ژێر کاریگەری گوناە.

ماوەیەکی دوورودرێژ لەدوای مردنی ئادەم، داودی پێغەمبەر نووسی،

**«ئەوەتا من بە زگماکی تاوانبارم، گوناهبارم لەو کاتەوە کە دایکم سکی بە من پڕ بووە.»** (زەبوورەکان ٥١:٥)

ڕەنگە حەزمان لە بیستنی ئەم ڕستەیە نەبێت، بەڵام ئەوە ڕاستییەکەیە.





## پەردەی بیست و یەکەم

# پەرستن لەلایەن گوناهبارانەوە

ئادەم و حەوا ژمارەیەکی زۆر منداڵیان بوو، بەڵام کتێبی پیرۆز تەنها باس لە دوو کوڕی یەکەمیان دەکات.

**هابیل بووە شوانی مێگەل و قابینیش جوتیار بوو.** (پەیدابوون ٤: ٢)

قابین و هابیل هەردووکیان ئیشکەری زۆر باش بوون. هەردووکیان خودایان دەناسی.

هەردووکیان دەیانویست خودا پەرستشەکانیان قبوڵ بکات. هەردووکیان هەمان کێشەی گوناهیان هەبوو.

نەك تەنها بە گوناهبار لە دایك بوون، بەڵکو وەك گوناهبار دەژیان. قسەکردن و هەڵسوکەوتی ڕۆژانەیان ڕەنگدانەوەی خۆشەویستی و بێگەردییەکەی سروشتی خودا نەبوو. لە پەڕتووکە پیرۆزەکەیدا، پاشای گەردوون ئەم کارانە بە گوناه ناودەبات.

**هەموو گوناهیان کرد و لە شکۆی خودا کەوتن.** (ڕۆما ٣: ٢٣)

ئایا ڕێگەیەك هەبوو بۆ خودا لە گوناهی قابین و هابیل خۆش ببێت و بە چاکەکار ناوزەندیان بکات لە پێش چاوی خۆی؟ بەڵێ، بەڵام ئەوە نرخێکی زۆری پێویست بوو.

**بەپێی شەریعەت نزیکەی هەموو شتێك بە خوێن پاك دەبێتەوە، لێ خۆشبوونی گوناهیش بێ خوێن ڕشتن نابێ.** (عیبرانییەکان ٩: ٢٢)

ئەو یاسا گەردوونییەی کە ناتوانرێت بشکێنرێ و بە (یاسای گوناه و مردن) ناودەبرێت، پێویستە جێبەجێ بکرێت. سزای گوناه مردنە. لێخۆشبوونی گوناه پێویستی بە نرخی مردنە. لە کاتێکدا گوناهبار شایەنی مردنە، بەڵام خودا خوێنی ئاژەڵێکی دیاریکراوی وەك مەڕ قبوڵ دەکات لەبری گوناه.

مەڕی قوربانی نابێت نەخۆش و لاواز بێت. پێویستە تەندروست و پاك و بێ کەموکوڕی بێت.

مەڕەکە سەردەبڕدرێت و دەسوتێندرێت. مەڕەکە لەبری گوناهەکانی مرۆڤەکە دەمرێت.

ڕۆژێکیان هەردوو براکە قوربانییان پێشکەشی خودا کرد، بەڵام لەلای خودا تەنها یەکێکیان قوربانییەکەی ڕاست بوو.

**دوای ماوەیەك قابین هەندێك بەروبوومی زەوی پێشکەش بە یەزدان کرد. هەروەها هابیل لە چەوری باشترین نۆبەرەی مێگەلەکەی پێشکەش کرد.** (پەیدابوون ٤: ٣-٤)

ئایا خودا کام قوربانی قبوڵ دەکات؟





## پەردەی بیست و دووەم

# یاسای پێشکەشکردنی قوربانی لەپێناوی گوناه

بڕوانە دوو براکە. تەماشا بکە چ قوربانییەك پێشکەشی خودا دەکەن.

بڕوانە قوربانگاکە.

قوربانگا بریتییە لە سەکۆیەك کە بە بەرد یان قوڕ ئامادەکراوە. قوربانگا شوێنی سەربڕین و مردنی ئاژەڵ بوو، شوێنی پێشکەشکردنی قوربانی بوو لە نێوان مرۆڤ و خودا. هەر شتێك پێشکەش دەکرا لەسەر قوربانگاکە دەبووایە بە ئاگر بسووتێنرابایە.

یەزدان دادپەروەرە، بەڵام دەیەوێ بەزەیی پیشانبدات. ئایا خودا چۆن لە یەك کاتدا دادپەروەر و بەبەزەیش بێت؟ چۆن خودا سزای گوناه بدات بەبێ سزادانی گوناهبار؟

سەردەمانێکی دووروودرێژ لەدوای قایین و هابیل، خودا فەرمانی بە موسا کرد:

**«چونکە ژیانی بوونەوەر لە خوێن دایە و من لەسەر قوربانگا بە ئێوەی دەدەم بۆ کەفارەتکردن بۆ گیانتان، چونکە خوێن کەفارەت بۆ ژیان دەکات.»** (لێڤییەکان ١٧: ١١)

**«دەستی لەسەر سەری قوربانی سووتاندنەکە دادەنێت و بۆ کەفارەتی لێی وەردەگیرێت.»**

(لێڤییەکان ١: ٤)

گوناه پاککردنەوە یان کەفارەت چییە؟ بریتییە لە دانی باجی پێویست بۆ داپۆشین و پاکبوونەوە و لێخۆشبوونی گوناه. لە سەردەمی پەیمانی کۆندا، خودا بە خەڵکەکەی فەرموو کە بەرامبەر گوناهەکانیان ئەو قوربانییانەیان لێ قبوڵ دەکات کە لە ڕژانی خوێنی بەرخ، بەران، بزن، گا، یان کۆترێك بێت، بە مەرجێك قوربانییەکان تەندروست بن. ئەم خوێنە دەبێتە کەفارەت - داپۆشینی گوناهەکانیان - بەڵام هەتا ئەو ڕۆژە قبوڵی دەکات کە خودا ئەو قوربانییە بێ خەوشە پێشکەش دەکات بۆ سڕینەوەی گوناهی هەموو مرۆڤایەتی. ئەو قوربانییەی کە بەڕاستی یاسای گوناه و مردن دەسڕێتەوە.

بڕوانە، بزانە ئەو قوربانییەی قایین پێشکەشی خودای دەکات چیە. کۆمەڵێك سەوزە و میوەی زۆر جوانە! بە ئارەقەی نێوچەوانی ئەو سەوزە و میوەیەی لە زەویەکەی بەرهەم هێناوە! بەڵام ئەم سەوزە و میوەیە هەرگیز گوناهەکانی پاك ناکاتەوە، چونکە ڕژانی خوێن و باجی مردنی تێدا نییە.

تەماشای هابیل و قوربانییەکەی بکە. چ دیمەنێکی خەمناکە! بەرخێکی بچووك دەست و قاچی بەستراوەتەوە و خەریکە سەردەبڕدرێت. دەستی هابیل دەبینی لەسەر سەری مەڕەکە؟ لەبەر ئەوەی هابیل بڕوای بە پلانی خودا هەبوو. خودا هەموو گوناهەکانی خستە سەر ئەستۆی بەرخی قوربانییەکە. هەرچەندە هابیل شایەنی سزای مردنە بەهۆی گوناهەکانی، بەڵام یەزدان ڕژانی خوێنی بەرخەکەی لێ قبوڵ دەکات بۆ داپۆشینی گوناهەکانی.

بەپێی یاسای خودایی، سزای هەموو گوناهبارێك دەبێت مردن بێت، بەڵام بەهۆی بەزەیی و دادپەروەریەکەی یەزدان مردنی بەرخێك لەبری ئەوان قبوڵ دەکات. یەزدان ئەمە ناودەبات بە **«ڕێنماییەکان دەربارەی قوربانی گوناه.»** (لێڤییەکان ٦: ٢٥).

یاسای پێشکەشکردنی قوربانی هابیلی لە گوناهەکانی ڕزگاریکرد.

ئەی قایین چی بەسەرهات؟





## پەردەی بیست و سێیەم

# پەسەندکراو و ڕەتکراوە

قوربانگاکەی قایین دەبینی؟ چی لەسەر قوربانگاکەیەتی؟ بەرهەمی کشتوکاڵی. ئێستا بڕوانە قوربانگاکەی هابیل. چی لەسەر قوربانگاکەیەتی؟ خۆڵەمێش و خوێن.

ئایا یەزدان چۆن تەماشای ئەم دوو برایە و پەرستنەکانیان دەکات؟

**جا هابیل و قوربانییەکەی جێی ڕەزامەندی یەزدان بوون. بەڵام قایین و پێشکەشکراوەکەی جێی ڕەزامەندی یەزدان نەبوون.** (پەیدابوون ٤: ٤-٥)

پەڕتووکی پیرۆز پێمان ناڵێت چۆن یەزدان قوربانییەکەی هابیلی پەسەند کرد و ئەوەی قایینی ڕەتکردەوە[١٠]. بەڵام دەفەرموێ:

**«بە باوەڕ هابیل قوربانییەکی باشتری لەوەی قایین پێشکەشی خودا کرد. بە باوەڕ شایەتی بۆ درا کە ڕاستودروستە کاتێك خودا شایەتی بۆ قوربانییەکەی دا.»** (عیبرانییەکان ١١: ٤)

چونکە هابیل متمانەی بە خودا و پلانەکەی هەبوو، خودا لێی خۆشبوو. ئەمە دیاری خودا بوو بۆ هابیل.

یەزدان گوناهەکانی هابیلی خستە سەر شانی بەرخی قوربانییەکە. بەرخەکە لەبری هابیل مرد. خوێنی بەرخەکە ڕژا و جەستەکەی بووە خۆڵەمێش.

تووڕەیی خودا لە دژی گوناهەکانی هابیل بەسەر لاشەی بەرخەکەدا ڕژا لەبری لاشەی هابیل. بۆچی خودا قوربانییەکەی هابیلی قبوڵ کرد؟ چونکە ئاماژە بوو بە هاتنی ڕزگارکەرێك و مردنی لەپێناوی گوناهی هەموو جیهان لە داهاتوودا.

هابیل بەهۆی باوەڕبوونی بە پلانەکەی خودا، پەیوەندییەکەی لەگەڵ خودا ڕاستکردەوە. لەدوای مردنی، ڕۆحی هابیل بۆ هەتاهەتایە لەگەڵ خودا دەمێنێتەوە کە بووە هاوڕێی خودا. یاسای قوربانی پێشکەشکردن بەسەر یاسای گوناە و مردندا سەرکەوت.

قایین بە نوێژەکانی چووە بەردەم خودا، بەڵام یاساکەی خودای پشتگوێخست کە دەڵێ سزای گوناە مردنە. قایین کەسێکی دیندار بوو، بەڵام پەیوەندییەکەی لەگەڵ خودا ڕاست نەبوو. یاسای گوناە و مردن هێشتا وەك هەورێکی ڕەش لە ملی ئاڵابوو. چونکە قایین باوەڕی بە پلانەکەی خودا نەبوو، هەرگیز نابێتە هاوڕێی خودا. بۆیە خودا وەك دادوەر ڕووبەڕووی دەبێتەوە نەك هاوڕێ.

هەندێك خەڵك بەرگری لە قایین دەکەن و دەڵێن، "قایین جوتیار بوو. ئەوەی هەیبوو هێنایە بەردەم خودا." کەچی خودا لێی قبوڵ نەکرد. قایین دەیتوانی هەندێك دانەوێڵە بداتە براکەی لە بەرامبەر وەرگرتنی بەرخێك، یان دەیتوانی دەستی بخاتە سەر ملی بەرخی قوربانییەکەی هابیلی برای و پێکەوە لەسەر قوربانگاکە ستایشی خودا بکەن.

ئێستا قایین چی دەکات؟

ئایا قایین پەشیمان دەبێتەوە و قوربانییە ڕاست و دروستەکە پێشکەشی خودا دەکات؟





## پەردەی بیست و چوارەم

# یەکەمین کوشتن

یەزدان قوربانییەکەی قایینی ڕەتکردەوە. بەڵام هێشتا خودا خۆشی دەویست و داوای لێکرد تۆبە بکات.

مانای تۆبەکردن چیە؟

گریمان، دەتەوێ بچیتە شارێکی دیاریکراو. پاش ئەوەی سواری شەمەندەفەرەکە دەبیت، بۆت دەردەکەوێ سواری شەمەندەفەرەێکی هەڵە بوویت. ئێستا چی دەکەی؟ دان بەوەدا دەنێیت کە هەڵە بوویت و دێیتە خوارەوە و سواری شەمەندەفەرە ڕاستەکە دەبی. ئەمە پێی دەگوترێ تۆبە.

تۆبەکردن واتە گۆرانکاری لە بیرکردنەوە، واتە پاشگەزبوونەوە لە هەڵە و ملکەچ بوون بۆ ڕاستی. تۆبەکردن لەبەردەم خودا مانای ئەوە نییە پێویستە سزای خۆم بدەم لەبەر گوناهەکانم، بەڵکو مانای ئەوەیە کە دەبێت گوناهەکانم ببینم هەروەك چۆن خودا دەیانبینێت.

خودا دەیویست قایین پاشگەز ببێتەوە- متمانە بە خودا بکات لەبری شوێنکەوتنی ڕێگای خۆی.

**قایین زۆر تووڕە و ڕووی خۆی گرژ کرد.**

**یەزدان بە قایینی فەرموو: (بۆ تووڕە بوویت و ڕووی خۆتت گرژ کردووە؟ ئایا ئەگەر ئەوەی چاکە ئەنجامی بدەیت، قبوڵ ناکرێیت؟ خۆ ئەگەر ئەوەی چاکە ئەنجامی نەدەیت ئەوا گوناە لەبەر دەرگا خۆی ماتکردووە و ئارەزووت دەکات، بەڵام تۆ دەبێت بەسەری دا زاڵ بیت.)** (پەیدابوون ٤: ٥-٧)

قایین بەهۆی خۆبەزلزانییەوە تۆبەی نەکرد. بەهۆی براکەیەوە شەرمەزار ببوو! بۆیە قایین بڕیاری دا بەو شێوازەی خۆی دەیەوێ بەسەر شەرمەزاریەکەیدا زاڵبێت و ڕێز و شەرەف بۆ خۆی بگەڕێنێتەوە!

**ئینجا قایین بە هابیلی برای گوت: (با بچینە کێڵگەکە.) واش ڕوویدا، کاتێك هەردووکیان لە کێڵگە بوون، قایین پەلاماری هابیلی برای دا و کوشتی.**

**یەزدان بە قایینی فەرموو: (کوا هابیلی برات؟)**

**ئەویش گوتی: (نازانم، خۆ من پاسەوانی براکەم نیم؟)**

**جا یەزدان پێی فەرموو: (چیت کردووە؟ گوێ بگرە! دەنگی خوێنی براکەت لە زەوییەوە هاوارم بۆ دەکات.)** (پەیدابوون ٤: ٨-١٠)

ڕۆحی هابیل چووە لای خودا، بەڵام جەستەی دەبێتەوە بە خۆڵ، هەتا ئەو کاتەی خودا جارێکی دیکە خۆڵەکە دەکاتەوە بە جەستەیەکی شکۆدار لە ژیانی هەتاهەتاییدا.

قایینیش خودا هەلێکی دیکەی دایە بۆ ئەوەی تۆبە بکات، بەڵام ئەو ڕەتی کردەوە.

**ئیتر قایین لە ئامادەبوونی یەزدان دەرچوو و لە خاکی (نۆد) لە ڕۆژهەڵاتی عەدەن نیشتەجێ بوو.**
(پەیدابوون ٤: ١٦)

قایین بە ڕۆحێکی خۆبەزلزانین و یاخیبوونەوە بەرەو ڕۆژهەڵات چوو، لەوێ شارێکی بنیادنا. قایین و ژنەکەی چەندین منداڵیان بوو. نەوەکانی قایین یەکەمین ئامێری مۆسیقایان دروستکرد.

نەوەکانی قایین زۆر زیرەك بوون، بەڵام خودایان نەدەناسی.





## پەردەی بیست و پێنجەم

# دانبەخۆداگرتن و حوکمدان

دە نەوە دوای یەکەم گوناهی ئادەم، یەزدان شتێکی زۆر خەمناکی دەربارەی مرۆڤایەتی فەرموو،

**یەزدان بینی کە خراپەکاری مرۆڤ لەسەر زەوی زۆر بووە، هەروەها هەموو بیر و بۆچوونەکانی دڵیشی بە درێژایی ڕۆژ تەنها لەلای خراپەیە.** (پەیدابوون ٦: ٥)

بەڵام، هێشتا یەك خێزان باوەڕیان بە خودا هەبوو.

**نوح لە بەرچاوی یەزدان ڕەزامەندی بەدەستهێنابوو.**

**ئیتر خودا بە نوحی فەرموو: (من کۆتایی بە بوونی هەموو ئادەمیزاد دەهێنم، چونکە بەهۆی ئەوانەوە زەوی پڕ بووە لە توندوتیژی. وا لەگەڵ زەوی لەناویان دەبەم. کەشتییەك بۆ خۆت لە دارسەروو دروست بکە، کەشتییەکە بکە لانە و بە قیر دیوی ناوەوە و دەرەوەی سواخ بدە. ئاواش دروستی دەکەیت...)** (پەیدابوون ٦: ٨، ١٣-١٥)

ئەم کەشتییە سێ قاتە ئەوەندە و نیوی گۆڕەپانێکی تۆپی پێ دەبوو، ئەوەندە گەورە بوو جێگەی جووتێك لە هەر جۆرە ئاژەڵ و باڵندەیەکی سەر زەوی تێدا دەبۆوە جگە لە حەوت جووت ئاژەڵ بۆ پێشکەشکردنی قوربانی. کەشتییەکە ڕێڕەوی ئاڵوگۆڕی هەوا و دەرگایەکی گەورەی تێدابوو.

یەك سەدەی تەواو نوح و ژنەکەی و سێ کوڕەکەی و ژنەکانیان خەریکی دروستکردنی ئەم کەشتییە بوون. لە کاتێکدا نوح سەرقاڵی دروستکردنی کەشتییەکە بوو، خەڵکیشی ئاگادارکردەوە لە تووڕەیی و حوکمی خودا، بەڵام خەڵکەکە بەردەوام گاڵتەیان پێدەکرد.

لە کۆتاییدا کەشتییەکە تەواوبوو، بە هەزاران ژووری تێدابوو، نوح و خێزانەکەی کەشتییەکەیان پڕکرد لە پێداویستی و خواردەمەنی. یەزدانیش لە هەموو جۆرەکانی ئاژەڵ و باڵندە و خشۆکی سەر زەوی جووتێکی هێنا و خستییە ناو کەشتییەکەوە. چ دیمەنێك بوو کە هەموو ئەمانە دەچوونە ناو کەشتییەکە و لەناو هەزاران بەشی ناو کەشتییەکە جێی خۆیان دەگرت!

نوح و خێزانەکەی چوونە ناو کەشتییەکەوە. ئایا هیچ کەسێکی دیکە هاتە ناو کەشتییەکە؟ نەخێر. ئینجا یەزدان دەرگای کەشتییەکەی داخست. هەورێکی ڕەش سەرتاپای جیهانی داگرت.

**کاتێك نوح تەمەنی شەش سەد ساڵ بوو، لە حەڤدەمین ڕۆژی مانگی دووەم، لەو ڕۆژەدا هەموو سەرچاوەکانی دەریا گەورەکەی ژێر زەوی تەقینەوە و دەروازەکانی ئاسمانیش کرانەوە. چل شەو و چل ڕۆژیش لەسەر زەوی باران باری.** (پەیدابوون ٧: ١١-١٢)

ئەوە خراپترین کارەساتی سروشتی بوو لە مێژوودا. جگە لەو هەشت کەسەی چووبوونە ناو کەشتییەکەوە هەموو مرۆڤایەتی لەناوچوو. بۆ خەڵکە بێ باوەڕ و خۆبەزلزانەکە تازە کار لە کار ترازابوو.

ئاسەوار و تۆمارە جیۆلۆجییەکان ڕاستی ئەو ڕووداوە پشتڕاست دەکەنەوە. لە بیابانە کاکی بە کاکییەکان هەتا لووتکەکانی هیمالایا هەموو شتەکان چوونەتە ژێر ئاو.

خودا لە بەزەییەکەیدا دانبەخۆگرە، بەڵام لە دادپەروەرییەکەیدا حوکمی گوناە دەدات.





## پەردەی بیست و شەشەم

# دەستپێکردنەوەیەکی نوێ

ئایا نوح و خێزانەکەی و هەموو گیانلەبەرانی ناو کەشتییەکە چییان بەسەرهات؟

ڕزگاریان بوو لە حوکم و تووڕەیی خودا.

**ئینجا خودا نوحی هاتەوە یاد، لەگەڵ هەموو ئاژەڵە کێوییەکان و هەموو ئاژەڵەماڵییەکان کە لە کەشتییەکەدا لەگەڵی بوون. ئیتر خودا بایەکی بەسەر زەویدا هەڵکرد و ئاو کەم بووەوە.** (پەیدابوون ٨: ١)

کەشتییە زەبەلاحەکە لەسەر چیای ئارارات لە باکووری کوردستان گیرسایەوە.

نوح سێ جار کۆترێکی لە کەشتییەکە نارده دەرەوە بۆ ئەوەی بزانێت وشکایی دەدۆزێتەوە. یەکەم جار کۆترەکە گەڕایەوە، بەبێ دۆزینەوەی وشکایی. دووەم جار کاتێك کۆترەکە گەڕایەوە بۆ لای نوح گەڵایەکی زەیتوون بە دەنووکیەوە بوو. سێیەم جار کۆترەکە نەگەڕایەوە، چونکە ماڵێکی لە وشکاییدا بۆ خۆی دۆزییەوە. ئیتر نوح زانی کاتی چوونە دەرەوە لە کەشتییەکە هاتووە. یەك ساڵی تەواو تێپەڕیبوو بەسەر دەستپێکردنی لافاوەکەدا.

پاش هێنانە دەرەوەی خێزانەکەی و گیانلەبەرانی ناو کەشتییەکە، ئایا دەزانی یەکەم شت نوح کردی چی بوو؟

**نوح قوربانگایەکی بۆ یەزدان دروستکرد، لە هەموو ئاژەڵە پاکەکان و لە هەموو باڵندە پاکەکانی هێنا و لەسەر قوربانگەکە کردنییە قوربانی سووتاندن. ئینجا یەزدان بە بۆنەکە ڕەزامەند بوو.** (پەیدابوون ٨: ٢٠-٢١)

بەزەیی و دادپەروەرییەکەی خودا نەگۆڕا بوو. هێشتا سزای گوناه مردن بوو. نوح ئەو ئاژەڵانەی بۆ قوربانی ئامادەی کردبوون سەربڕین و لەسەر قوربانگاکە سووتاندنی. ئەم قوربانییەی نوح ئاماژەیە بۆ داهاتوو کە خوێنی مەسیحی بێتاوان لەسەر خاچ دەڕژێ بۆ لێخۆشبوونی گوناهی جیهان.

ئینجا، یەزدان فەرمانی بە نوح کرد:

**«بەردار بن و زۆر بن و زەوی پڕ بکەن.»** (پەیدابوون ٩: ١)

هەروەها یەزدانی خودا پەیمانێکی لەگەڵ زەوی بەست:

**«وا پەلکەزێڕینەی خۆمم لەناو هەورەکاندا داناوە، ئەوەش دەبێتە نیشانەی پەیمانەکەی نێوان من و زەوی... پەیمانەکەم لەنێوان خۆم و ئێوە. هەرگیز جارێکی دیکە ئاو لافاوێکی وا دروستناکات کەوا هەموو ژیانێك لەناو ببات.»** (پەیدابوون ٩: ١٣، ١٥)

وەك هێمایەك بۆ پەیمانەکەی یەزدان ئاسمانی بە پەلکە زێڕینەیەکی جوان ڕازاندەوە، هەروەها بەڵێنی دا چیتر زەوی بە لافاو لەناونابات.

پەلکە زێڕینەکە وەبیرمان دەهێنێتەوە کە ئایا یەزدان پارێزگاریمان لێدەکات یان سزامان دەدات.

یەزدان هەمیشە بەڵێنی خۆی دەپارێزێ.

هەمیشە.





## پەردەی بیست و حەوتەم

# قوللەی شانازی

یەزدان مرۆڤایەتی بە دەستپێکردنەوەیەکی نوێ پیرۆز کرد، بەڵام دوای لافاوەکە جارێکی دیکە خەڵکەکە پشتیان لە خودا کرد و بەدووی حەز و ئارەزووەکانی خۆیان کەوتن. بۆ نموونە، خودا فەرمانی بە مرۆڤایەتی کرد کە بڵاو ببنەوە و «**زەوی پڕ بکەن**» (پەیدابوون ١: ٢٨، ٩: ١). بەڵام مرۆڤایەتی چی کرد؟

کتێبی پیرۆز دەڵێ:

**هەموو جیهان یەك زمان و یەك جۆر قسەکردنیان هەبوو.**

**ئینجا کاتێك بۆ ڕۆژهەڵات کۆچیان کرد، دەشتاییەکیان لە خاکی شینعار (لە عیراقی ئەمڕۆدا) دۆزییەوە و لەوێ نیشتەجێ بوون. ئینجا بە یەکتریان گوت: (وەرن، با خشت دروستبکەین و تەواو سووری بکەینەوە.)**

**ئیتر لە جیاتی بەرد خشتیان بەکارهێنا، قیریش لە جیاتی قوڕ.**

**هەروەها گوتیان: (وەرن، با شارێك بۆ خۆمان دروستبکەین لەگەڵ قوللەیەك کە سەری لە ئاسمان بدات. ناوێکیش بۆ خۆمان دروستدەکەین، تاکو بەسەر هەموو ڕووی زەویدا پەرت نەبین.)** (پەیدابوون ١١: ١-٤)

بنیادنەرانی ئەم شارە دەیانویست خەڵکی ستایشی ئەوان بکەن لەبری ستایشکردنی ناوی خودا. خەڵکەکە وەك شەیتان ڕۆحی لەخۆباییبوون و یاخیبوون بیریانی داگیرکرد.

بە دروستکردنی ئەم قوللەیە خەڵکەکە ویستیان دەستیان بگاتە عەرشی خودا. هەروەك ئەو خەڵکە دیندارانەی ئەمڕۆ وا دەزانن بە هەوڵ و کۆششی خۆیان دەتوانن بگەنە بەهەشت. ئەم خەڵکانە هەروەك قابیین زۆر دیندار بوون، بەڵام ئەو ڕێگەیەی خودا بۆ لێخۆش بوون دەستنیشانی کردبوو، ئەمان پشتگوێیان خستبوو. متمانەیان بە پلانەکەی خودا نەبوو.

بۆیە یەزدان فەرمووی:

**(وەرن، با بچینە خوارەوە و لەوێ زمانیان بشێوێنین، بۆ ئەوەی کەسیان لە زمانی ئەوی دیکەیان نەگات.)**

**ئینجا یەزدان لەوێوە بەسەر هەموو زەویدا پەرتیکردن. ئیتر وازیان لە بنیادنانی شارەکە هێنا. لەبەر ئەمە ناونرا (بابل)، چونکە لەوێدا یەزدان زمانی هەموو زەوی شێواند. هەر لەوێشەوە یەزدان بەسەر هەموو ڕووی زەویدا پەرتیکردن.** (پەیدابوون ١١: ٧-٩)

بە پەرتەوازەکردنیان بەسەر چەند خێزان و هۆزێکی جیاواز، یەزدان پیلانەکەی ئەوانی لەناوبرد. ئینجا زمانی جیاوازی بە هەریەك لەو خێزان و هۆزانە بەخشی. خەڵکەکە هیچ چارەیەکیان نەبوو جگە لە جێهێشتنی بابل و بڵاوبوونەوە بەسەر زەویدا، هەروەك چۆن خودا فەرمانی کردبوو.

خەڵکەکە قوللەکەیان تەواو نەکرد، بەڵام پلانی خودا لە کات و ساتی دیاریکراوی خۆیدا بوو.





## پەردەی بیست و هەشتەم

# خودا بانگی ئیبراهیم دەکات

دە نەوە لەدوای سەردەمی نوح. شەیتان بەباشی شوێن پێی خۆی کردبوویەوە لەنێو نەتەوەکانی سەر زەوی.

لەجیاتی باوەڕکردن بە خودای تاك و تەنیا، خەڵکی خەریکی دینداری و پەرستنی خودای جیاواز بوون. هەندێك نەتەوە خۆریان دەپەرست لەبری پەرستنی بەدیهێنەری خۆر. هەندێکی دیکە کڕنۆشیان بۆ مانگ دەبرد.

دەوروبەری ساڵی ١٩٢٥ ی پێش زاین بوو.

لە باکوری ڕۆژهەڵاتی ناوچەی عەرەبستان، پیاوێکی پیر هەبوو بە ناوی ئەبرام. دواتر خودا ناوەکەی گۆڕی بۆ ئیبراهیم، واتە باوکی چەندین نەتەوە.

ئەبرام تەمەنی ٧٥ ساڵ بوو. سارای ژنی تەمەنی ٦٥ ساڵ بوو، هیچ منداڵیان نەبوو، لەبەر ئەوەی سارا نەزۆك بوو. دایك و باوك و دراوسێکانیان بتپەرست بوون.

ڕۆژێك یەزدان بە ئیبراهیمی فەرموو:

**«خاك و کەسوکار و ماڵی باوکت بەجێ بهێڵە و بڕۆ بۆ ئەو خاکەی پیشانت دەدەم.**

**جا دەتکەمە نەتەوەیەکی مەزن، بەرەکەتدارت دەکەم، ناوت مەزن دەکەم، دەبیتە بەرەکەت. ئەوانەی داوای بەرەکەتت بۆ دەکەن بەرەکەتداریان دەکەم، نەفرەتیش لە نەفرەتکارانت دەکەم. هەموو نەتەوەکانی سەر زەویش لە ڕێگەی تۆوە بەرەکەتدار دەبن.»** (پەیدابوون ١٢: ١-٣)

خودا ویستی پەیمانێك لەگەڵ ئیبراهیم ببەستێ. یەزدان دوو کاری مەزنی لەسەر دەستی ئیبراهیم دەکات ئەگەر خزم و کەس و کار و ناوچەکەی جێبهێڵێ و بچێتە شوێنێکی دوور و نادیار.

یەزدان ئیبراهیم دەکاتە باوکی نەتەوەیەکی مەزن.

لە ڕێگەی ئەو نەتەوە نوێیەوە یەزدان هەموو نەتەوەکانی سەر زەوی پیرۆز دەکات.

ئەگەر ئیبراهیم بەدوای خودا و فەرمانی خودا بکەوێ، ئەوا دەبێتە باوکی نەتەوەیەك کە لەنێویەوە پێغەمبەران و وشەکانی خودا و ڕزگارکەری مرۆڤایەتی دەردەکەون.

ئایا ئیبراهیم چیکرد؟

**بە باوەڕ کاتێك ئیبراهیم بانگکرا بچێتە ئەو شوێنەی خەریك بوو بە میرات وەریبگرێت، گوێڕایەڵ بوو و ڕۆیشت، هەرچەندە نەیدەزانی بۆ کوێ دەچێت.** (عیبرانییەکان ١١: ٨)

بۆ ئیبراهیم و سارا کارێکی ئاسان نەبوو خێزان و کەسوکارە بتپەرستەکانیان جێبهێڵن و پشتیان لێبکەن. بەڵام ئیبراهیم و ژنەکەی بڕیاریان دا گلەیی و گازندەی کۆمەڵگەکەیان قبوڵ بکەن و بەدوای خودای ڕاستەقینە بکەون.

زۆرجار متمانە بە خودا و گوێڕایەلبوون ئاسان نییە، بەڵام هەمیشە باشترین ڕێگایە.





## پەردەی بیست و نۆیەم

# پارێزەری بەڵێن

ئیبراهیم و ژنەکەی پیربوون و هیچ منداڵیان نەبوو. بەڵام یەزدان بەڵێنی بە ئیبراهیم دابوو بیکاتە باوکی نەتەوەیەکی مەزن.

ئایا ئیبراهیم چۆن وەڵامی ئەم بەڵێنەی خودای دایەوە لە کاتێکدا هاتنەدی ئەم بەڵێنە مەحاڵ بوو، چونکە خۆی و ژنەکەی زۆر پیربوون؟

**ئیبراهیم باوەڕی بە خودا هێنا، ئەمەشی بە ڕاستودروستی بۆ دانرا، هەروەها ناوی لێنرا دۆستی خودا.** (یاقوب ٢: ٢٣، پەیدابوون ١٥: ٦)

هەروەك هەموو نەوەکانی ئادەم، ئیبراهیمیش گوناهبار بوو. بەڵام ئیبراهیم وەك هابیل و نوح، بۆ لێخۆش بوونی گوناهەکانی قوربانی پێشکەشی خودا کرد. چونکە ئیبراهیم باوەڕی بە پلانەکەی خودا هەبوو، یەزدان لە ئاسمان ناوی ئیبراهیمی بە دۆستی خۆی تۆمار کرد و دیاری ژیانی هەتاهەتایی پێبەخشی. لەبەر ئەوەی سارای ژنیشی باوەڕی بە خودا هەبوو ئەویش لەلای خودا بە چاکەکار ناوی تۆمارکرا.

بەڵام چاوەڕوانکردن بۆ ئیبراهیم و ژنەکەی قورس بوو.

لەدوای ١٠ ساڵ چاوەڕوانکردن لە خاکی فەلەستین و بەهیوای لەدایکبوونی ئەو منداڵەی خودا بەڵێنی پێدابوون. ئیبراهیم و سارا چیتر چاوەڕێیان نەکرد و بڕیاریاندا بە ویست و ئارەزووی خۆیان ئەو بەڵێنەی خودا لە پێدانی کوڕێك بە ئیبراهیم بهێننەدی. بەپێی نەریتی ئەو کاتە، سارا خزمەتکارێکی میسری هەبوو کە ناوی (هاجەر) بوو بەخشی بە ئیبراهیمی مێردی. ئیبراهیم لەگەڵ هاجەر جووت بوو. هاجەر سکی پڕبوو و کوڕێکیان بوو. کوڕەکەیان ناونا ئیسماعیل.

پاش سێزدە ساڵ، کاتێك ئیبراهیم تەمەنی ٩٩ ساڵ بوو و سارای ژنیشی تەمەنی ٨٩ ساڵ بوو. یەزدانی مەزن جارێکی دیکە بۆیان دەرکەوت و پێی فەرموون منداڵێکیان دەبێت و ناوی دەنێن ئیسحاق. هەروەها یەزدان بە ئیبراهیمی فەرموو،

**«بۆ ئیسماعیلیش... بێگومان بەرەکەتداری دەکەم، بەرداری دەکەم و زۆر زۆری دەکەم... بەڵام پەیمانەکەم لەگەڵ ئیسحاقدا دەچەسپێنم، کە ساڵێکی دیکە ئەم کاتە سارا بۆ تۆی دەبێت.»** (پەیدابوون ١٧: ٢٠-٢١)

پاش یەك ساڵ، ئەو منداڵەی خودا بەڵێنی پێدابوون لە دایك بوو، سارا منداڵەکەی ناونا ئیسحاق.

بڕوانە وێنەکە. دەبینی چۆن ئیبراهیم و ژنەکەی سەریان هەڵبڕیوە و لە شەودا تەماشای ئاسمان دەکەن؟

سوپاسی خودا دەکەن بۆ دڵسۆزییەکەی و بەجێهێنانی بەڵێنەکەی. پاشان هاجەر و ئیسماعیل دوورخرانەوە لەو خاکەی ئیبراهیم و سارای لێبوو، بەڵام یەزدان لەگەڵ ئەوانیشدا دڵسۆز بوو.

**خودا لەگەڵ کوڕەکە بوو، گەورە بوو و لە چۆڵەوانیدا دەژیا، بووە تیرهاوێژ. لە چۆڵەوانی پاران نیشتەجێ بوو، دایکیشی لە خاکی میسر ژنێکی بۆ هێنا.** (پەیدابوون ٢١: ٢٠-٢١)

ئیسماعیل بووە باوکی نەتەوەی مەزنی عەرەب کە یەزدان بە چەندین ڕێگا ئەوانیشی پیرۆزکرد. ئیسحاق لە ماڵی باوکیدا مایەوە، سەرپەرشتی مەڕوماڵاتەکەی باوکی دەکرد، ئیسحاق ناوبەناو یارمەتی باوکی دەدا لە هەڵبژاردنی مەڕێکی بێ کەموکوڕی بۆ سەربڕین و سوتاندنی لەسەر قوربانگا، بۆ لێخۆشبوونی گوناهەکانیان. بەڵام ئیسحاق و باوکیشی هەرگیز ڕۆژێك لە ڕۆژان ئەو قوربانییەیان بەبیردا نەدەهات کە خودا داوایان لێدەکات بیکەن.





## پەردەی سییەم

# سەختترین تاقیکردنەوە

یەزدان ویستی ئیبراهیم و کوڕەکەی وەك نموونەیەك بەكار بهێنێ بۆ نیشاندانی پلانە پێشبینی کراوەکەی بە جیهان. ئەو پلانەی بەهۆیەوە تەواوی جیهان ڕزگاری دەبێت لە نەفرەتی گوناە و مردن. لەلایەکی دیکەوە یەزدان ویستی بەو داواکارییە قورسە باوەڕی ئیبراهیم تاقیبکاتەوە، داواکارییەك کە مەحاڵ بوو هیچ کەسێك لێی تێبگات، هەتا کۆتاییهاتنی تاقیکردنەوەکە.

ئیبراهیم لە قۆناغێکدا بوو باوەڕ و متمانەی تەواوی بە خودا هەبوو. ئیبراهیم خودای بەباشی دەناسی. دەیزانی خودا چاك و دادپەروەرە. بەڵام ئایا ئیبراهیم لە تاقیکردنەوەکەدا گوێڕایەڵی خودا دەبێت، هەرچەندە ئەوەی خودا داوای دەکرد لە هەڵە دەچوو؟

چیرۆکەکە بەم شێوەیەیە، ڕاستەوخۆ لە کتێبی پیرۆزەوە وەرگیراوە:

**لەدوای ماوەیەك خودا ئیبراهیمی تاقیکردەوە.**

**پێی فەرموو: (ئیبراهیم!)**

**ئەویش گوتی: (ئەوەتام.)**

**ئینجا خودا فەرمووی: (کوڕەکەت، تاقانەکەت ئەوەی کە خۆشت دەوێت، ئیسحاق، بیبە و بڕۆ خاکی مۆریا[١١]. لەوێ بیکە قوربانی سووتاندن، لەسەر یەکێك لە کێوەکان کە خۆم پێت دەڵێم.)**

**بۆ بەیانی ئیبراهیم زوو لە خەو هەستا و گوێدرێژەکەی کورتان کرد. لەگەڵ خۆیدا دووان لە خزمەتکارەکانی و ئیسحاقی کوڕی برد، داریشی بڕی بۆ قوربانی سووتاندن. ئینجا هەڵستا و بەرەو ئەو شوێنە چوو کە خودا پێی فەرمووبوو.**

**لە ڕۆژی سێیەم ئیبراهیم چاوی هەڵبڕی و لە دوورەوە شوێنەکەی بەدی کرد. ئیتر ئیبراهیم بە دوو خزمەتکارەکەی گوت: ”ئێوە لێرە لەگەڵ گوێدرێژەکە دانیشن، من و کوڕەکەش هەتا ئەوێ دەچین، کڕنۆش دەبەین و دەگەڕێینەوە لاتان.“**

**ئیبراهیم داری قوربانی سووتاندنەکەی هەڵگرت و خستیە سەر پشتی ئیسحاقی کوڕی، خۆشی ئاگر و چەقۆکەی هەڵگرت، هەردووکیان پێکەوە ڕۆیشتن.**

**ئینجا ئیسحاق بە ئیبراهیمی باوکی گوت: (باوکە!)**

**ئەویش وەڵامی دایەوە: (ها کوڕم؟)**

**ئیسحاق گوتی: (ئەوەتا ئاگرەکە و داری سووتاندنەکە، ئەی کوا بەرخەکە کە بۆ قوربانی سووتاندنەکەیە؟)**

**ئیبراهیم وەڵامی دایەوە: (خودا بۆ خۆی بەرخێك بۆ قوربانی سووتاندنەکە دابین دەکات، کوڕم.)**

**ئیتر هەردووکیان پێکەوە ڕۆیشتن.** (پەیدابوون ٢٢: ١-٨)





## پەردەی سی و یەکەم

# ئەو کوڕەی بڕیاری مردنی بەسەردا درا

بەرلەوەی ئیبراهیم و کوڕەکەی بەسەر چیای قوربانیدا سەرکەون، گوێتان لێبوو ئیبراهیم چی بە خزمەتکارەکانی گوت؟

**گوتی: (دەچین لەوێ خودا پەرستی دەکەین و پاشان دەگەڕێینەوە بۆ لاتان.)**

ئایا کوڕەکەی ئیبراهیم چۆن دەتوانێت بگەڕێتەوە، ئەگەر ئەو دەبوایە بکوژرێ و لاشەکەشی بسووتێنرێ؟ کتێبی پیرۆز دەفەرموێ،

**«ئیبراهیم باوەڕی بەوە هەبوو خودا توانای ئەوەی هەیە مردووان زیندوو بکاتەوە.»** (عیبرانییەکان ١١: ١٩)

یەزدان بەڵێنی دا ئیسحاق بکاتە باوکی نەتەوەیەك، لەنێو ئەو نەتەوەیەوە ڕزگارکەرێك دەردەکەوێ. یەزدان ڕاستگۆیە. بەڵێنی خودا بەس بوو بۆ ئیبراهیم.

لە هەمان کاتدا، ئیسحاق بیری لەچی دەکردەوە؟ ئیسحاق دەیزانی کە گوناهبارە و شایەنی مردنە لەبری گوناهەکانی. هەروەها دەیزانی یەزدان کەفارەت قبوڵ دەکات بۆ لێخۆشبوونی گوناە. ئیسحاق پرسیاری لە باوکی کرد، ئەمڕۆ ئەوان بۆ چیای قوربانی دەچن بەڵام هیچ ئاژەڵێکیان پێ نییە؟

**(داری سوتاندنەکان لێرەن، ئەی مەڕی قوربانییەکە لە کوێیە؟)**

**ئیبراهیم وەڵامی دایەوە، (کوڕم، یەزدان خۆی بەرخێك بۆ قوربانییەکە دابین دەکات؟)**

ئێستا بەردەوام دەبین لە چیرۆکەکە....

**کاتێك گەیشتنە ئەو شوێنەی خودا پێی فەرموو بوو، ئیبراهیم قوربانگایەکی دروستکرد و دارەکانی لەسەری ڕێکخست، ئیسحاقی کوڕی بەستەوە و خستیە سەر قوربانگەکە لەسەر دارەکان.**

**ئیتر ئیبراهیم دەستی درێژکرد و چەقۆکەی هەڵگرت هەتا کوڕەکەی خۆی سەرببڕێت.**

**بەڵام فریشتەی یەزدان لە ئاسمانەوە بانگی کرد و گوتی: (ئیبراهیم! ئیبراهیم!)**

**ئەویش وەڵامی دایەوە: (ئەوەتام.)**

**پێی فەرموو: (دەست بۆ کوڕەکە مەبە و هیچی لێ مەکە. ئێستا زانیم تۆ لە خودا دەترسیت، چونکە لە پێناوی من دەستت بە کوڕە تاقانەکەتەوە نەگرت.)** (پەیدابوون ٢٢: ٩-١٢)

ئیبراهیم و کوڕەکەی زۆر دڵشاد بوون! بەڵام ئەی چی دەکەن بۆ ئەو قوربانییەی پێویست بوو بیکەن؟

**ئیبراهیم چاوی هەڵبڕی و بینی وا بەرانێك لە دوایەوە لە ناو دەوەنەکە بە هەردوو قۆچی گیر بووە.** (پەیدابوون ٢٢: ١٣)

کوڕەکەی ئیبراهیم لە سزای مردن ڕزگاری بوو.

یەزدان لەبری ئیسحاق کەفارەتێکی دابین کرد.





## پەردەی سی و دووەم

# وێنە و پێشبینییەکان

خودا چۆن کوڕەکەی ئیبراهیمی لە سزای مردن ڕزگارکرد؟ بەرانێکی بێ کەموکوڕی دابینکرد تاکو لەبری ئیسحاق خوێنی بڕژێت.

**«ئیبراهیم چاوی هەڵبڕی و بینی وا بەرانێك لە دوایەوە لەناو دەوەنەکە بە هەردوو قۆچی گیر بووە، ئیبراهیم چوو و بەرانەکەی گرت و سەری خست، وەك قوربانی سووتاندن لەجیاتی کوڕەکەی.»** (پەیدابوون ٢٢: ١٣)

لە ڕێگەی ئەم ڕووداوەوە یەزدان وێنەی پلانەکەی دەکێشێ لە ناردنی ڕزگارکەرێکی پیرۆز بۆ سەر زەوی لە داهاتوودا بۆ جێبەجێکردنی یاسای گوناه و مردن و لە ڕێگەی ڕژانی خوێنی، هەموو نەتەوەکانی سەر زەوی لە گوناهەکانیان ڕزگار دەکات.

**ئیبراهیم ئەو شوێنەی ناونا، (یەزدان دابینی دەکات). وەك ئەوەی ئەمڕۆ دەگوترێت، (لەسەر کێوی یەزدان دابین دەکرێت.** (پەیدابوون ٢٢: ١٤)

بۆچی ئیبراهیم ناوی لە چیاکە نا **یەزدان دابینی دەکات** لەبری **یەزدان دابینی کرد؟**

ئایا یەزدان قوربانییەکەی بۆ دابین نەکردن؟

بە ناونانی چیاکە بە **"یەزدان دابینی دەکات"** لەبری **"یەزدان دابینی کرد"**، ئیبراهیمی پێغەمبەر پێشبینی ئەو ڕۆژەی کرد کە یەزدان بۆ خۆی لەسەر هەمان چیا خوێنێکی زۆر بەهادار پێشکەش دەکات، ئەم خوێنە بەس دەبێت بۆ سڕینەوەی گوناهەکانی هەموو جیهان، هەموو ئەوانەی باوەڕ بەو قوربانییە دەهێنن لەناوناچن، بەڵکو ژیانی هەتاهەتاییان دەبێت.

نزیکەی ١٩٠٠ ساڵ لەدوای پێشکەشکردنی قوربانییەکەی ئیبراهیم، ئەو ڕزگارکەرەی خودا بەڵێنی هاتنی دابوو بەم شێوەیە باس لەو ڕووداوە دەکات،

**«ئیبراهیمی باوکتان دڵشاد بوو کە ڕۆژی هاتنی من ببینێت، جا ئەو ڕۆژەی بینی و دڵخۆش بوو.»** (یۆحەنا ٨: ٥٦)

لە کاتێکدا دووکەڵی سووتانی بەرانی سەر قوربانگاکەی ئیبراهیم بۆ ئاسمان بەرزدەبۆوە، یەزدان تروسکاییەك لەو قوربانییەی لەسەر هەمان چیا کە لە داهاتوودا دەکرێت نیشانی ئیبراهیمی دا. یەکسەر وەڵامی ئیبراهیم بۆ ئەو پرسیارەی کوڕەکەی کردی (ئەی کوا بەرخەکە کە بۆ قوربانی سووتاندنەکەیە؟)، مانایەکی زۆر قووڵتری هەبوو.

**«خودا بۆ خۆی بەرخێك بۆ قوربانی سووتاندنەکە دابین دەکات، کوڕم.»** (پەیدابوون ٢٢: ٨)

هێشتا خودا بەرخی قوربانییەکەی بۆ ئیبراهیم و کوڕەکەی دابین نەکرد، بەڵکو بەرانێکی بۆ ناردن.

ئەی بەرخەکە لە کوێیە؟

یەزدان لە کاتی خۆیدا ئەو وەڵامە دەداتەوە.





## پەردەی سی و سێیەم
# خودایەکی پیرۆز و دڵسۆز

ئایا ئەو دوو بەڵێنە مەزنەتان لەبیرە کە یەزدان بە ئیبراهیمی دا؟ یەکەم، یەزدان فەرمووی:

**«دەتکەمە نەتەوەیەکی مەزن.»** (پەیدابوون ١٢: ٢)

یەزدان بەڵێنەکەی هێنایە دی. ئیبراهیم بووە باوکی ئیسحاق، ئیسحاق یاقوبی بوو، ئینجا یاقوب دوازدە کوڕی بوو، خێزانەکانی ئەم دوازدە کوڕە بوونە دوازدە هۆزەکەی گەلی ئیسرائیل. هەروەها یەزدان فەرمووی:

**«هەموو نەتەوەکانی سەر زەویش لە ڕێگەی تۆوە بەرەکەتدار دەبن.»** (پەیدابوون ١٢: ٣)

خودا بەڵێنی دا ڕاستەوخۆ خۆی چاودێری ئەم گەلە بکات و پەروەردەی بکات، هەرچەندە ئەم گەلە زوو زوو لە خودا یاخی دەبوون. بە پارێزگاریکردن لەم گەلە، خودا پارێزگاری لەو پلانە دەکرد کە بەهۆیەوە تەواوی سەر زەوی پیرۆز دەکات، چونکە لەنێو ئەم نەتەوەیەوە پێغەمبەران و وشەکانی خودا و ڕزگارکەرە بەڵێنپێدراوەکە دەردەکەون. هەروەها خودا ویستی نیشانی هەموو مرۆڤایەتی بدات ئەو چ خودایەکە و چۆن پێشوازی لە گوناهباران دەکات.

خودا بەردەوام بوو لە پلانە نهێنییەکەی.

لە دەوروبەری ١٥٠٠ی پێش زایندا، یەزدان موسای نەوەی ئیبراهیم بە پەیامبەری خۆی هەڵبژارد. موسا لە ڕێگەی سروشەوە پێنج پەڕتووکی یەکەمی کتێبی پیرۆزی نووسیوەتەوە. خودا موسای بەکارهێنا بۆ ڕزگارکردنی سێ ملیۆن لە نەوەکانی ئیبراهیم لە خاکی میسر، پاش چوار سەد ساڵ لە کۆیلایەتی. کاتێك ئەم گەلە خاکی میسریان جێهێشت و بەرەو زەوی بەڵێنپێدراو چوون، خودا خۆی ڕابەرایەتی دەکردن، لە کاتی ڕۆژدا بە هەور سێبەری بۆ دەکردن تاکو لە گەرمای بیابانی سەخت و دژوار ڕزگاریان بێت، لە کاتی شەویشدا بە ستوونی ئاگر ڕێڕەوەکەیانی ڕووناك دەکردەوە. یەزدان بە دەستە پیرۆز و بەهێزەکانی دەریای سووری بۆ شەقکردن بۆ ئەوەی پێیدا بپەڕنەوە، هەروەها یەزدان لە ئاسمانەوە نانی بۆ دابیندەکردن و لە بەردی بیابانەوە ئاوی بۆ هەڵدەقوڵاندن، هەتا ئەو کاتەی گەیشتنە شاخی سینا.

لە دامێنی شاخەکە یەزدان بە خەڵکەکەی فەرموو،

**«ئێوە بۆم دەبنە پاشایەتی... و نەتەوەیەکی پیرۆز.»** (دەرچوون ١٩: ٦)

یەزدان خواستی لەسەر پیرۆزکردنی ئەم نەتەوەیە بوو، دەیویست لە نەتەوەکانی دەوروبەریان جیایان بکاتەوە. بەڵام خەڵکەکە لە مانای پیرۆزبوون تێنەدەگەیشتن. خۆیان بە گوناهبار و بێ دەسەڵات نەدەزانی. هەوڵیان دەدا بە ویستی خۆیان خودا ڕازی بکەن. بۆ ئەوەی فێریان بکات چەندە دڵگران و تووڕەیە بە گوناە، یەزدان لە شێوەی زەمین لەرزە و ئاگرێکی بڵێسەدار و دەنگێکی گەورە هاتە خوارەوە.

**«هەموو شاخی سیناش دووکەڵی دەکرد، لەبەر ئەوەی یەزدان بە ئاگرەوە هاتە خوارەوە بۆ سەری و دووکەڵیش وەك دووکەڵی کوورە بەرزبۆوە و هەموو کێوەکەش بە توندی لەرزی. دەنگی کەڕەناش جار لەدوای جار بەرزتر دەبوو. موسا دەدووا و خوداش بە دەنگ وەڵامی دەدایەوە.»** (دەرچوون ١٩: ١٨-١٩)

خودا یەك ڕاسپاردەی دایە ئادەم بۆ گوێڕایەڵبوون، بەڵام خەریکە دە ڕاسپاردە بەم گەلە بسپێرێت.






# پەردەی سی و چوارەم

## دە ڕاسپاردەکە

خەڵکانی ئەم گەلە پێیان وابوو کە خەڵکێکی چاکن لەبەر ئەوە خودا بە گەلی خۆی هەڵیبژاردوون. لەبەر ئەوە خودا لە ڕێگەی دەنگێکەوە وەك هەورە تریشقە لەسەر شاخی سینا هات، پاشان لەسەر دوو تەختی بەردین دە ڕاسپاردەی نووسییەوە و ئەم گەلەی پێ ڕاسپارد.

با دە ڕاسپاردەکە بخوێنینەوە (ئەو وشانەی لە وێنەی بەرامبەرن، پوختەیەکن لە پەڕتووکی دەرچوون بەشی ٢٠ وەرگیراون.)

یەزدان فەرمانی بە موسا کرد دەبێت هەموویان گوێڕایەڵی هەموو فەرمانەکانی بن، بەبێ زیاد و کەم.

**نەفرەت لێ کراوە ئەوەی پاڵپشتی وشەکانی ئەم فێرکردنانە ناکات.** (دواوتار ٢٧: ٢٦)

پێت وایە پاش بیستنی ئەم دە ڕاسپاردەیە خەڵکەکە هەستیان چۆن بوو؟ ئایا هێشتا وا بیریان دەکردەوە کە خەڵکێکی ئەوەندە باشن؟ ئەی تۆ چۆن بیردەکەیتەوە؟ ئایا تۆش وا بیردەکەیتەوە زۆر پاك و پیرۆزی و شایەنی ئەوەی بۆ هەتاهەتایە لە پاشایەتییەکەی خودا بژیت؟

ڕاسپاردەی یەکەم بخوێنەوە. ئایا هەمیشە خودا لە پێش هەموو شتێکەوە دادەنێی؟ ئەگەر نا، ئەوا سەرکەوتوو نەبووی لە جێبەجێکردنی ڕاسپاردەی یەکەم. ڕاسپاردەی پێنجەم بخوێنەوە، ئەگەر ڕۆژێك لە ڕۆژان گوێڕایەڵی دایك و باوکت نەبووبی، ئەوا تاوانباری لەبەردەم خودا. تەماشای ڕاسپاردەی هەشتەم بکە. ئەگەر جارێك لە جاران شتی کەسێکت بردبێ یان لە تاقیکردنەوەی قوتابخانەدا فێڵت کردبێ، مانای ئەوەیە ئەم ڕاسپاردیەت شکاندووە. ئایا هەرگیز درۆت کردووە؟ گەر بەڵێ، مانای ئەوەیە گوێڕایەڵی ڕاسپاردەی نۆیەم نەبووی. ڕاسپاردەی دەیەم پێمان دەفەرموێت گوناهە ئەگەر چاو ببڕیتە شتی کەسێکی دیکە. یەزدان گوناهی دڵەکانمان دەخوێنێتەوە.

ئایا ئادەم و حەوا چەند گوناهیان کرد کاتێك پەیوەندییەکەیان لەگەڵ خودا پچڕا؟ تەنها یەك گوناه.

**ئەوەی هەموو شەریعەت بەجێبهێنێت، بەڵام تەنها بەندێکی بشکێنێت، ئەوا لە هەمووی تاوانبارە.** (یاقوب ٢: ١٠)

یەزدان پیرۆزە و ناتوانێت گوناه پشتگوێ بخات.

ئایا هیچ کەس حەز دەکات سەگێکی تۆپیو لە ژوورەکەی هەبێت؟ گوناهی مرۆڤیش بەو شێوەیەیە بۆ یەزدان. چۆن ڕژاندنی بۆنی خۆش بەسەر سەگە تۆپیوەکەدا ژوورەکە پاك ناکاتەوە، بە هەمان شێوە هەوڵ و تێکۆشان و ئەنجامدانی ئەرکی ئایینی دڵی مرۆڤ پاك ناکاتەوە.

وەك چۆن کاری ئاوێنە دەرخستنی پیسییەکانی دەم و چاوە، کاری شەریعەتیش نیشاندانی گوناهەکانی ناو دڵی مرۆڤە. ئاوێنە ناتوانێت دەم و چاو لە پیسییەکان پاك بکاتەوە، بە هەمان شێوە دە ڕاسپاردەکەش ناتوانن گوناهەکانی ناو دڵ پاك بکەنەوە.

**بە کرداری شەریعەت کەس لەلای خودا بێتاوان نابێت، بەڵکو گوناه لە ڕێگەی شەریعەتەوە دەناسرێت.** (ڕۆما ٣: ٢٠)

گرنگ نییە مرۆڤ چەندە خۆی بە پاك و پیرۆز بزانێ، هێشتا مەحاڵە بە هەوڵ و چاکەی خۆی بگاتە ئەو ئاستەی شایەنی ژیانی هەتاهەتایی بێت لەشانشینی خودادا.

بۆیە پێویستمان بە ڕزگارکەرێکە.





## پەردەی سی و پێنجەم

# وێنەی زیاتر

ده ڕاسپاردەکە وێنەیەکی ڕوونی نیشانی گەلە نوێیەکە دا لەسەر چاکە و خراپە. ئەوە شتێکی زۆر باش بوو. بەڵام ڕاسپاردەکانی خودا هەواڵی ناخۆشیشی لەگەڵ خۆیدا هێنا. بەرچاوی خەڵکەکەی ڕوونکردەوە کەوا لە کێشەیەکی گەورەدان، چونکە هەموویان گوناهبارن، پێویستە بمرن و لە خودا جیاببنەوە.

بەڵام هەواڵە دڵخۆشکەرەکە ئەوەیە هێشتا یەزدان قوربانی و ڕژانی خوێنی ئاژەڵی وەك بەرخ، گا، بزن، کۆتریان لێ قبوڵ دەکات و گوناهەکانیان دادەپۆشی.

هەمان ئەو ڕۆژەی یەزدان دە ڕاسپاردەکەی بە موسا دا، پێی فەرموو:

**«قوربانگام بۆ دروست دەکەیت و قوربانی سووتاندنەکان و قوربانییەکانی هاوبەشیت ... لەسەری سەردەبڕیت.»** (دەرچوون ٢٠: ٢٤)

دەبینی موسا چۆن دەستی لەسەر سەری بەرخەکەیە؟ ئەی دەبینی چۆن خەڵکەکەش دەستیان بەرەو بەرخەکە درێژکردووە؟ چونکە باوەڕیان بە خودا و شێوازی لێخۆشبوونەکەی هەیە، گوناهەکانیان بە خوێنی ئەو بەرخە بێتاوانە دادەپۆشرێ. ئینجا جەستەی ئاژەڵەکە لەسەر قوربانگاکە دەسووتێنرێت هەتا دەبێتە خۆڵەمێش. پاشماوەی خۆڵەمێشەکەش هێمایە بۆ ئەوەی خودا گوناهەکانی ئەوانی وەك ئەوە لێکرد. خودا لێیان خۆشبوو!

ئەم جۆرە خوێنڕشتن و قوربانی پێشکەشکردنە بۆ لێخۆشبوونی گوناە تەنها وێنەیەك بوو بۆ ئەوەی خواستی ڕاستەقینەی خودا بزانن.

> **تەورات تەنها سێبەری شتە باشەکانی داهاتووە، نەك وێنەی تەواوی ڕاستییەکان. لەبەر ئەوە بەردەوام هەمان قوربانییەکانی ساڵ لەدوای ساڵ پێشکەش دەکرێتەوە، هەرگیز ناتوانێ ئەوانە تەواو بکات کە بۆ پەرستن نزیك دەبنەوە. ئەگینا، ئایا لە پێشکەشکردن نەدەوەستان؟ لەبەر ئەوەی ئەگەر خواپەرستان تەنها جارێك پاکبوونەتەوە، بۆیە چیتر لە ویژدانیاندا هەست بە گوناە ناکەن. بەڵام لەو قوربانییانەدا ساڵانە یادەوەری گوناە دەکرێتەوە. چونکە مەحاڵە خوێنی گا و بزن گوناە لاببات.**
>
> (عیبرانییەکان ١٠: ١-٤)

ئاژەڵ لەسەر وێنەی خودا دروست نەکراوە.

نرخی بەرخێك یەکسان نییە بە نرخی مرۆڤێك. هەروەك چۆن ناتوانی ئۆتۆمبیلێکی منداڵانە ببەیت بۆ پێشانگایەکی ئۆتۆمبیل کڕین و فرۆشتن، بتەوێ بە نرخەکەی ئۆتۆمبێلێکی ڕاستەقینە بکڕیت، بە هەمان شێوە خوێنی بەرخێك ناتوانێت هەموو ئەو نرخە بدات کە یاسای گوناە و مردن مەرجی بۆ دادەنێت.

لەبەر ئەوە قوربانییەکی مەزنتر پێویست بوو.

هەرچەندە قوربانیکردنی ئاژەڵ و ڕژانی خوێنیان نەیدەتوانی گوناهی جیهان بە تەواوی بسڕێتەوە، بەڵام ئەم قوربانییانە وێنەی قوربانییە مەزنەکەی داهاتوویان نیشان دەدا.





## پەردەی سی و شەشەم

# پێشبینی زیاتر

کاتی هاتنی ڕزگارکەرەکە وردەوردە نزیك دەبۆوە، یەزدان بە سروش لەڕێگەی پێغەمبەرانەوە لە پەڕتووکەکانیاندا پێشبینی[١٢] زیاتری لەسەر هاتنی مەسیحی ڕزگارکەر نووسی. ئەم ژمارانەی لای خوارەوە هەندێك لەو بەڵێنانەن کە لە پەڕتووکی پێغەمبەراندا نووسراون:

**ئەوەتا پاکیزەیەك سکی دەبێت و کوڕێکی دەبێت...**

- پێغەمبەر ئیشایا ٧: ١٤

**بەڵام تۆ ئەی بەیتلەحمی ئەفراتە،... لە تۆوە بۆ من دەردەکەوێت ئەوەی دەبێتە فەرمانڕەوای ئیسرائیل، ڕەچەڵەکی لە دێرزەمانەوەیە، لە ئەزەلەوەیە.**

- پێغەمبەر میخا ٥: ٢

**چونکە کوڕێکمان دەبێت، کوڕێکمان پێدەدرێت... ناوی لێ دەنرێت سەرسوڕهێنەر... خودای بە توانا... میری ئاشتی.**

- پێغەمبەر ئیشایا ٩: ٦

**ئەوەتا خوداتان.... ئەو دێت و ڕزگارتان دەکات. ئەوسا چاوی کوێر دەبینێت و گوێی کەڕ دەکرێتەوە. ئەوسا شەل وەك ئاسك باز دەدات....**

- پێغەمبەر ئیشایا ٣٥: ٤-٦

**وەك بەرخ بۆ سەربڕین بردرا...**

- پێغەمبەر ئیشایا ٥٣: ٧

**دەست و پێیان کون کردووم.**

- زەبوورەکانی داودی پێغەمبەر ٢٢: ١٦

هەموو ئەم پێشبینیانە بەڵێن بوون بۆ هاتنی ڕزگارکەرەکە!

بەڵام کەی دەبێت و کێ دەبێت؟ چۆن ئەم پێشبینیانە دێنەدی؟

# بەشی دووەم

## پاشا پلانەکەی
## جێبەجێ دەکات

– پەیمانی نوێ –





## پەردەی سی و حەوتەم
# چیرۆکی پاشاکە بەردەوامە

بەشی یەکەمی پەڕتووکە پیرۆزەکەی پاشاکەت بەلاوە چۆن بوو؟
ئایا لە پەڕتووکی پەیمانی کۆنەوە چی فێربوویت؟

پەیمان بە واتای ڕێککەوتن یان پەیمانبەستن دێت. لە دێر زەمانەوە و پێش هاتنی پەیمانی نوێ، یەزدان فەرمووی:

**«ئەوەتا سەردەمێك دێت... پەیمانێکی نوێ لەگەڵ بنەماڵەی ئیسرائیل و بنەماڵەی یەهودا دەبەستم.»** (یەرمیا ۳۱: ۳۱)

خودا لە یەکەم پەیمانیدا لە (تەورات) ژمارەیەك یاسا و شەریعەتی بەوان سپارد تاکو نیشانیان بدات خودا پیرۆزە و ئەوان گوناهبارن. هەر لەو پەیمانەدا، خودا چەندین وێنە و پێشبینی بە خەڵکەکە دا دەربارەی هاتنی ڕزگارکەرەکە. لە پەیمانی کۆندا، پێغەمبەران پێشبینیان بۆ هاتنی مەسیحی پاشا کرد. بەڵام لە پەیمانی نوێدا: مەسیحی پاشا هات!

پەیمانی نوێ موژدەی تێدایە. بە زمانی عەرەبی واتە "ئینجیل،" بە زمانی کوردی واتە "هەواڵی خۆش." موژدەکە بەم وشانە دەست پێدەکات:

**ئەمە ڕەچەڵەکی عیسای مەسیحە، کوڕی داود، کوڕی ئیبراهیم: ئیبراهیم باوکی ئیسحاق بوو، ئیسحاق باوکی یاقوب بوو، یاقوب باوکی یەهودا و براکانی بوو،...** (مەتا ۱: ۱-۲)

کتێبی پیرۆز لە ئیبراهیمەوە هەتا عیسای مەسیح ناوی پشت بە پشتی بەدواییەکدا تۆمارکردووە. یەزدان بەڵێنەکەی جێبەجێ دەکات لە پیرۆزکردنی هەموو نەتەوەکان بەهۆی دەرکەوتنی ڕزگارکەرێك لە نەوەی ئیبراهیم.

پەیمانی نوێ چوار پەڕتووکی موژدەی لەخۆ گرتووە. ئایا بۆچی پەیمانی نوێ لەبری یەك پەڕتووکی موژدە چواری لەخۆگرتووە؟ لە پەیمانی کۆندا، یەزدان بە موسای فەرموو:

**«هەر بابەتێك لەسەر زاری دوو یان سێ شایەت ڕاستییەکەی دەسەلمێنرێت.»** (دواوتار ۱۹: ۱۵)

بۆ پشتڕاستکردنەوەی پەیامەکەی، خودا لەبری دوو یان سێ شایەت، چوار شایەتی هەڵبژارد هەتا لە چوار ڕوانگەی جیاوازەوە لەسەر ژیانی مەسیح بنووسن. ناوی چوار موژدەکە بریتییە لە مەتا، مەرقۆس، لۆقا و یۆحەنا. وەك چوار پەیامنێری جیاواز ڕووماڵی هەواڵێك بکەن، ئەم چوار کەسەش هەمان چیرۆکی ژیانی مەسیح لە چوار ڕوانگەی جیاوازەوە باسدەکەن.

پەیمانی نوێ ۲۷ سپیارە لەخۆ دەگرێت. پەڕتووکی کرداری نێردراوان لەلایەن لۆقاوە بە سروش نووسراوە، باس لەو ڕووداوانە دەکات کە لەدوای بەرزبوونەوەی مەسیح بۆ ئاسمان ڕوویاندا. یەزدان لە ڕێگەی سروشەوە ئەم کەسانەی خوارەوەی بەکارهێنا بۆ نووسینەوەی بەشەکانی دیکەی پەیمانی نوێ: پۆڵس (ئەو کەسەی پێش ئەوەی باوەڕبهێنێت باوەڕدارانی دەچەوساندەوە)، یاقوب و یەهوزا (زڕبرای عیسای مەسیح)، پەترۆس و یۆحەنا (باوەڕداری نوێ بوون).

هەریەك لە سپیارەکانی کتێبی پیرۆز بەشێك لە کەسایەتی پاشا و پلانەکەی بۆ مرۆڤایەتی ئاشکرا دەکەن.

ئێستا بەشی دواتری چیرۆکەکەی پاشا ڕاڤە دەکەین.





## پەردەی سی و هەشتەم
# چیرۆکی مریەم

دوای هەزاران ساڵ لە ئامادەکاری، کاتی لەدایك بوونی ڕزگارکەرەکە هاتبوو. یەزدان لە سەروبەندی ناردنی مەسیحی پاشای ڕزگارکەردا بوو. بەڵام ئایا ئەم ڕزگارکەرە کێ دەبێت و چۆن چۆنی دێت؟

**لەو سەردەمەی هێرۆدسی باوك پاشای یەهودیا بوو،... خودا جبرائیلی فریشتەی نارد بۆ شارێك لە ناوچەی جەلیل کە ناوی ناسیرە بوو، بۆ لای پاکیزەیەکی مارەبڕاو لە پیاوێك لە بنەماڵەی داود کە ناوی یوسف بوو، ناوی پاکیزەکەش مریەم بوو.**

**فریشتەکە پێی گوت: «مەترسە مریەم، چونکە لەلای خودا ڕەزامەندیت بەدەستهێنا. ئەوەتا سکت دەبێت و کوڕێکت دەبێت ناوی لێ دەنێیت عیسا. پایە بەرز دەبێت و بە کوڕی خودای هەرەبەرز ناودەبرێت، خودای پەروەردگاریش تەختی داودی باوکی پێدەداتەوە. هەتاهەتایە حوکمڕانی نەوەی یاقوب دەکات، شانشینەکەشی کۆتایی نایەت.)**

**بەڵام مریەم بە فریشتەکەی گوت: (ئەمە چۆن دەبێت، کە من هێشتا پاکیزەم؟)**

**فریشتەکە وەڵامی دایەوە: (ڕۆحی پیرۆز دێتە سەرت و هێزی خودای هەرەبەرز دەبێتە سایەی سەرت. لەبەر ئەوە ئەو پیرۆزەی لێت دەبێت بە کوڕی خودا ناودەبردرێت.)** (لۆقا ١: ٥، ٢٦-٢٧، ٣٠-٣٥)

ئایا بۆچی جبرائیلی فریشتە عیسا بە **"کوڕی خودا"** ناو دەبات؟

هەندێك خەڵك بە هەڵە ئەم دەستەواژەیە لێکدەدەنەوە، وا بیردەکەنەوە خودا ژنی هێنابێت و بووبێت بە باوکی کوڕێك. ئەوە هەڵەیە. بەڵکو بیر لەم نموونەیە بکەوە: ئەگەر خەڵکی کوردستان بیت، ڕەنگە هەندێك خەڵك بە "کوڕی کوردستان" بانگت بکەن. ئایا ئەمە مانای ئەوەیە کوردستان ژنی هێنابێت و منداڵێکی بووبێت؟ بێگومان نەخێر! مانای ئەوەیە تۆ خەڵکی کوردستانی.

مەسیح بە کوڕی خودا ناوبرا لەبەر ئەوەی لە خوداوە بوو. ئەم مرۆڤە بێگوناهە هاتە نێو خێزانە گوناهبارەکەی ئادەمەوە، لە بنەڕەتەوە مەسیح لەم خێزانە نەبوو. مەسیح وشە و ڕۆح و کوڕی خودایە.

**لە سەرەتادا وشەکە هەبوو، وشەکە لەلای خودا بوو، وشەکە خۆی خودا بوو. ئەو لە سەرەتاوە لەلای خودا بوو. هەموو شتێك بەو بەدیهاتووە، بێ ئەو هیچ شتێك بەدی نەهاتووە لەوانەی کە بەدیهاتوون... وشەکەش بوو بە مرۆڤ و لەنێوماندا نیشتەجێ بوو. شکۆی ئەومان بینی، وەك شکۆی تاقانەیەك لە باوکەوە، پڕ لە نیعمەت و ڕاستی.** (یۆحەنا ١: ١-٣، ١٤)

ئەو ڕۆژەی ئادەم لە بەری درەختە قەدەغەکراوەکەی خوارد، ئەو بەڵێنەتان لەبیرە کە خودا ڕایگەیاند؟ بەڵێنەکە ئەمە بوو، خودا فەرمووی نەوەی ژن سەری مارەکە پاندەکاتەوە.

ئەو ڕزگارکەرەی خودا بەڵێنی هاتنی دا، ئێستا لە سکی کچێکی پاکیزەدایە.

چۆن ئەم ڕزگارکەرە سەری مارەکە پاندەکاتەوە، چاوەڕێ دەکەین هەتا کاتی خۆی دێت.





## پەردەی سی و نۆیەم
# چیرۆکی یوسف

مریەم دەستگیرانی یوسف بوو. یوسف کابرایەکی دارتاش بوو لە شاری ناسیرە.

مریەم و یوسف هەردووکیان جولەکە بوون، لە نەوەی داود و ئیبراهیم بوون. ئەگەر وڵاتەکەیان لە ژێر داگیرکاری ئیمپراتوریەتی ڕۆم نەبووایە، پێدەچوو یوسف وەك شازادە لە کۆمەڵگەکەیدا مامەڵەی لەگەڵ بکرابایە. سەربازانی ڕۆم شەقام بە شەقام دەگەڕان، هەر جولەکەیەك گومانی ناپاکی لێبکرابایە قۆڵبەستیان دەکرد و لە خاچیان دەدا. باجگرەکان خەریکی سەرانە سەندن بوون لە خەڵکی. ژیان زۆر قورس و تاڵ بوو.

بەڵام یوسف زۆر دڵخۆش بوو، چونکە لە سەروبەندی پێکەوەنانی خێزان بوو لەگەڵ مریەمی دەستگیرانی. ئیشی زۆری دەکرد هەتا بە پارەکەی شوێنێك بۆ خۆی و خێزانەکەی دوای زەماوەندی هاوسەرگیریان دابین بکات. ڕۆژێکیان یوسف هەواڵێکی دڵتەزێنی بیست کە مریەم سکی هەیە.

ئایا بە بیستنی ئەم هەواڵە یوسف هەستی بە چی کرد؟ وا دیار بوو مریەم ناپاکی کردبوو.

یوسف دڵی شکا. بەڵام هەوڵیدا بەشێوەیەکی دانایانە مامەڵە لەگەڵ بارودۆخەکەدا بکات. یوسف بڕیاری دا بەنهێنی دەستگیراندارییەکەیان هەڵبوەشێنێتەوە، چونکە نەیدەویست لەبەرچاوی خەڵکی مریەم ڕسوا بکات.

> **کاتێك بیری لەم شتانە دەکردەوە، فریشتەیەکی یەزدان هاتە خەونی و پێی فەرموو: «ئەی یوسفی نەوەی داود، مەترسە مریەم بهێنیت، چونکە ئەوەی ئەو سکی پێی هەیە لە ڕۆحی پیرۆزەوەیە. کوڕێکی دەبێت ناوی دەنێیت عیسا، چونکە گەلەکەی لە گوناهەکانیان ڕزگار دەکات.»**
>
> **ئەمانە هەمووی ڕوویدا، هەتا ئەوەی یەزدان لە ڕێگەی پێغەمبەرەکە فەرموویەتی بێتە دی: ﴿ئەوەتا پاکیزەیەك سکی دەبێت و کوڕێکی دەبێت، ناوی لێ دەنێن ئیمانوێل.﴾ واتە: خودا لەگەڵمانە.**
>
> (مەتا ۱: ۲۰-۲۳)

خەم و دڵشکاوییەکەی یوسف بووە خۆشی. چ شەرەفێکی گەورەیە! مریەم دەبێتە دایکی مەسیحی بەڵێن پێدراو، هەروەها یوسف خۆشی دەبێتە چاودێری منداڵەکە.

مەسیحی پیرۆز دایکێکی مرۆڤی دەبێت، بەڵام باوکی مرۆڤی نابێت. بە عیسا بانگ دەکرێت واتە "ڕزگارکەر" یان **"یەزدان ڕزگار دەکات."**

> **کاتێك یوسف لە خەو هەستا، ئەوەی فریشتەکەی یەزدان فەرمانی پێدابوو ئەنجامی دا و ژنەکەی گواستەوە. بەڵام هەتا کوڕەکەی نەبوو لەگەڵی جووت نەبوو، ئینجا ناوی لێنا عیسا.** (مەتا ۱: ۲۴-۲۵)

دەستی خودا لەگەڵ هەموو ئەم ڕووداوانەدا بوو.





## پەردەی چلەم

# گەیشتن

حەوت سەد ساڵ پێش هاتنی مەسیح، میخای پێغەمبەر پێشبینی لەدایکبوونی عیسا لە شاری (بەیتلەحم) دەکات کە شاری دێرینی داودی پاشا بوو.

بەڵام کێشەکە لەوەدا بوو کە یوسف و مریەم لە شاری ناسیرە دەژیان، سێ ڕۆژە ڕێ لە شاری بەیتلەحمەوە دووربوو. کەواتە ئەم پێشبینییەی کتێبی پیرۆز چۆن دێتەدی؟

هەموو شتێك لەژێر دەسەڵاتی یەزداندا بوو.

کاتێك لەدایکبوونی منداڵەکە نزیکبۆوە، قەیسەری ئیمپراتۆری ڕۆم، یاسایەکی دەرکرد و تێیدا فەرمانیکرد بە هەموو خەڵکانی ژێر دەسەڵاتی ئیمپراتۆرێتییەکەی بگەڕێنەوە شوێنەکانی باوباپیریان تاکو لەو شوێنانە ناونووسبکرێن، بە مەبەستی دانی باج و سەرانەکانیان. یوسف و مریەمی هاوسەری دەستیان بە گەشتکردن کرد لە شاری ناسیرەوە بەرەو بەیتلەحم.

**کاتێك لەوێ بوون، کاتی منداڵ بوونی هات. جا کوڕە نۆبەرەکەی بوو.**

**قۆنداغی کرد و لە ئاخوڕێکدا داینا، چونکە هیچ ژوورێکیان بۆ نوستن دەست نەکەوت.** (لۆقا ٢: ٦-٧)

شاری بەیتلەحم زۆر قەرەباڵغ بوو، پڕبوو لە گەشتیاری ماندوو کە هەموویان بۆ ناونووسین گەڕابوونەوە بۆ شارەکە. ئەو کوڕەی خودا بەڵێنی لەدایکبوونی دابوو، لە ژنێك لەدایك بوو. کتێبی پیرۆز زۆر بە وردی باسی ڕووداوەکە دەکات:

**جا کوڕە نۆبەرەکەی بوو.** (لۆقا ٢: ٧)

لە دایکییەوە، کوڕێکی تازە لەدایکبووی مریەم بوو، بەڵام لە باوکیەوە کوڕی هەتاهەتایی خودابوو. هەمان ئەو وشەیە بوو ئەوەی خودا گەردوونی پێ بەدیهێنا، هەمان ئەو دەنگە بوو لە شێوەی هەورە تریشقەدا شاخی سینای داپۆشی، ئەم دەنگە ئێستا لە گریانی نەرمی منداڵێکدا دەبیسترێت.

ئەی ئەو لە کوێ لەدایکبوو؟

لە کۆشکی پاشایەك یان لە نەخۆشخانەیەك؟ نەخێر تەنانەت لە ژوورێکی سادە و ساکاردا لەدایکنەبوو. پاشای ئاسمان لە شوێنی لەدایکبوونی کاریلەیەکدا لەدایکبوو - لە گەوەڕێك.

هەموو ئەم شتانە بەشێك بوون لە پلانی خودا.

**«نیعمەتی عیسای مەسیحی گەورەمان دەزانن، هەرچەندە دەوڵەمەند بوو، لە پێناوی ئێوەدا بووە هەژار، بۆ ئەوەی ئێوە بە هەژاری ئەو دەوڵەمەند بن.»** (دووەم کۆرنسۆس ٨: ٩)

ئایا خودا نەیدەتوانی ئاهەنگێك ڕێکبخات بۆ ڕێزدارکردنی لەدایکبوونی کوڕەکەی؟

بەڵێ، یەزدان ئەم ئاهەنگەی سازکرد.





## پەردەی چل و یەکەم

# چیرۆکی شوانەکان

ئایا خودا یەکەم جار هاتنی مەسیحی بۆ کێ ئاشکرا کرد؟ ئایا بۆ ئیمپراتۆر؟ بۆ دەوڵەمەند و خەڵکانی بەناوبانگ؟ یان بۆ سەرکردە ئایینییەکان؟

نەخێر.

چەند شوانێکی هەژاربوون یەکەم جار ئەم هەواڵە مەزنەیان بیست. ئەو پیاوانەی مەڕیان دەلەوەڕاند و گەورەیان دەکردن تاکو لە قوربانگاکانی ئۆرشەلیمدا بکرێنە قوربانی.

**لەو ناوچەیە شوان هەبوون لە دەشت دەمانەوە و شەوان ئێشکیان لە مێگەلەکەیان دەگرت. فریشتەیەکی یەزدان بۆیان دەرکەوت و شکۆی یەزدان لە دەوریان درەوشایەوە، بەمە ترسێکی زۆریان لێ نیشت.**

**فریشتەکە پێی گوتن: «مەترسن، ئەوا مژدەی خۆشییەکی گەورەتان دەدەمێ کە بۆ هەموو گەلە. ئەمڕۆ لە شاری داود ڕزگارکەرێکتان بۆ لەدایک بوو، ئەویش مەسیحی خاوەن شکۆمانە[١٣]. ئەمەش نیشانەیە بۆتان، مەلۆتکەیەك دەبینن لەناو ئاخوڕێکدا دانراوە.»**

**لەناکاو لەگەڵ فریشتەکە لەشکرێکی گەورەی ئاسمانی دەرکەوت و ستایشی خودایان دەکرد و دەیانگوت: «شکۆ بۆ خودا لە ئاسمان، لەسەر زەویش ئاشتی بۆ ئەوانەی جێی ڕەزامەندی ئەون.» کاتێك فریشتەکان بەرەو ئاسمان بەجێیان هێشتن، شوانەکان بە یەکتریان گوت: «دەی با بڕۆینە بێتلەحم و ئەم شتەی ڕوویداوە ببینین کە یەزدان پێی ڕاگەیاندین.» خێرا هاتن و مریەم و یوسف و ئەو مەلۆتکەیەی لە ئاخوڕەکەدا دانرابوو دۆزییانەوە. کاتێك بینییان، ئەو قسەیەیان بڵاو کردەوە کە دەربارەی ئەم منداڵە پێیان گوترابوو. هەموو ئەوانەی گوێیان لێبوو، سەریان سوڕمابوو لەوەی شوانەکان پێیان دەگوتن.** (لۆقا ٢: ٨-١٨)

ئای لەو چیرۆکە مەزنە کە شوانەکان دەبێت بۆ خەڵکی بگێڕنەوە!

ڕزگارکەرەکە لەدایك بوو! بەچاوی خۆمان بینیمان! دەستمان لێدا! فریشتەیەك هات بۆ لامان بۆ ڕاگەیاندنی هەواڵەکە. ئەو مەسیحی پەروەردگارە! کۆمەڵەی فریشتەکان ئاسمانیان پڕکرد! شەوەکە وەك ڕۆژ ڕووناك بۆوە! مەسیح هاتە سەر زەوی! ئەو لەدایکبوو! ئەو لەدایکبوو!

هەندێك خەڵك باوەڕیان بە قسەی شوانەکان کرد. بەڵام، زۆرێکیش باوەڕیان پێ نەکردن.

خەڵکەکە باوەڕ بکەن یان نا، ئەو پاشایەی بە لەدایکبوونەکەی مێژووی کردە دوو بەش، هاتە ناو مرۆڤایەتییەوە.

**لە دوای هەشتەمین ڕۆژ کاتی خەتەنەکردنی منداڵەکە هات، هەر ئەو کاتەش ناوی لێنرا عیسا، بەو شێوەیەی فریشتەکە ناوی لێنا، پێش ئەوەی مریەم سکی پڕبێت.** (لۆقا ٢: ٢١)





## پەردەی چل و دووەم

# چیرۆکی مۆغەکان

پاش لەدایکبوونی عیسا لە گەوەڕەکە، یوسف شوێنێکی گونجاوی بۆ خێزانە بچکۆلەکەی پەیدا کرد.

ڕۆژێکیان چەند مۆغێك گەیشتنە ئۆرشەلیم، ئەستێرەیەکی تایبەت ڕێنمایی گەشتەکەی ئەم پیاوانەی کردبوو بۆ ئۆرشەلیم، لە رۆژهەڵاتەوە[١٤] هاتبوون و ڕێگایەکی دووریان بڕیبوو بۆ بینینی پاشا تازە لەدایکبووەکە.

ئەم پیاوە دانایانە یەك پرسیار و یەك مەبەستیان هەبوو. پرسییان:

**«کوا ئەوەی لەدایك بووە کە پاشای جولەکەیە؟ لە ڕۆژهەڵاتەوە ئەستێرەی ئەومان بینی، هاتووین کڕنۆشی بۆ ببەین.» کاتێك شا هێرۆدس ئەمەی بیست، پەشۆکا و هەموو خەڵکی ئۆرشەلیم لەگەڵی پەشۆکان. هەموو کاهینانی باڵا و مامۆستایانی تەوراتی گەلی کۆکردەوە، لێی پرسین: «مەسیح لەکوێ لە دایك دەبێت؟»**

**وەڵامیان دایەوە: «لە بێتلەحم لە یەهودیا، چونکە لە ڕێی پێغەمبەرەکەوە ئاوای نووسیوە... »**

**هێرۆدسیش بە نهێنی مۆغەکانی بانگکرد و لەبارەی کاتی دەرکەوتنی ئەستێرەکە لێکۆڵینەوەی لەگەڵ کردن. ئینجا بۆ بێتلەحمی ناردن و پێی گوتن: «بڕۆن و بە وردی بەدوای منداڵەکەدا بگەڕێن. کاتێك دۆزیتانەوە هەواڵم بدەنێ، تاکو منیش بێم و کڕنۆشی بۆ ببەم.» لەدوای ئەوەی گوێبیستی پاشا بوون، ڕۆیشتن، ئەستێرەکەی لە ڕۆژهەڵات بینیبوویان، پێشیان کەوت هەتا لەسەر ئەو شوێنەی منداڵەکەی لێبوو ڕاوەستا. بە بینینی ئەستێرەکە زۆر شادمان بوون، چوونە ماڵەکە، منداڵەکەیان لەگەڵ مریەمی دایکی بینی، دانەوین و کڕنۆشیان بۆ برد و گەنجینەکانیان کردەوە، زێڕ و بخوور و موڕیان بە دیاری پێشکەش کرد.**

**ئینجا خودا لە خەوندا مۆغەکانی ئاگادار کردەوە کە نەگەڕێنەوە لای هێرۆدس، ئەوانیش بە ڕێگایەکی دیکەدا گەڕانەوە وڵاتی خۆیان.**

**کە ڕۆیشتن، فریشتەیەکی یەزدان هاتە خەونی یوسف و گوتی: «هەستە منداڵەکە و دایکی ببە و ڕاکە بۆ میسر. لەوێ بمێنەوە هەتا پێت دەڵێم، چونکە هێرۆدس خەریکە بە شوێن منداڵەکەدا دەگەڕێت، بۆ ئەوەی بیکوژێت.»** (مەتا ٢: ١-١٣)

هێرۆدس هەوڵی دا منداڵەکە بکوژێت. خەڵکی قودسیش بایەخیان بە لەدایکبوونی منداڵەکە نەدا، بەڵام ئەو مۆغانەی بیابانێکی دووریان بڕیبوو، هاتن کڕنۆشیان بۆ منداڵەکە برد و دیاری گرانبەهای وەك زێڕ و بخورد و مۆڕیان پێشکەش کرد. بۆچی ئەم مۆغانە بۆنی خۆشی بخوور و مۆڕیان پێشکەش بە منداڵەکە کرد؟

ئایا دەیانزانی عیسا بۆ مردن لە دایك ببوو؟





## پەردەی چل و سێیەم

# منداڵێکی بێ کەموکوڕی

پاش ئەوەی فریشتەکەی خودا هات هەردووکیانی ئاگادار کردەوە، یوسف منداڵەکە و مریەمی هاوسەری بۆ میسر برد، وەك پەنابەر لە وڵاتی میسر مانەوە هەتا مردنی هێرۆدسی زۆردار.

**کاتێك هێرۆدس مرد، فریشتەیەکی یەزدان لە میسر هاتە خەونی یوسف و گوتی: «هەستە، منداڵەکە و دایکی ببە و بڕۆ بۆ خاکی ئیسرائیل، چونکە ئەوانەی بۆ ژیانی منداڵەکە دەگەڕان مردن.»** (مەتا ٢: ١٩-٢٠)

بەم ڕووداوە یەکێکی دیکە لە پێشبینی پێغەمبەران سەبارەت بەم منداڵە هاتەدی:

**«لە میسرەوە بانگی کوڕەکەی خۆمم کرد.»** (هۆشەع ١١: ١)

جا یوسف و مریەم عیسایان بۆ شاری ناسیرە بردەوە، لەوێ لەگەڵ زڕخوشك و زڕبراکانی دیکەی گەورە بوو[١٥].

عیسا لە ڕووی نانخواردن و نوستن و یاریکردن و کارکردن و خوێندنەوە وەك منداڵانی دیکە بوو. بەڵام لە چەند شتێکدا عیسا لە منداڵانی دیکە جیاوازبوو. منداڵێکی خۆپەرست نەبوو. هەمیشە گوێڕایەڵی دایك و باوکی دەکرد. هەرگیز درۆی نەدەکرد. هەمیشە بە دڵی خودای باوکی ئاسمانی دەکرد.

**«ئەو پیرۆز و بێ گلەیی و بێگەردە، لە گوناهباران جیاکرایەوە.»** (عیبرانییەکان ٧: ٢٦)

عیسا تاکە منداڵێك بووە لە مێژوودا بێ کەموکوڕی بووبێت. بێ کەموکوڕی مانای ئەوە نییە هەرگیز نەخۆش نەبووە، یان لە کاتی یاریکردن پێستی نەڕووشاوە. بەڵکو سروشتێکی تەواوی هەبووە، پیرۆز و پاك و بێگەرد بووە. هەروەها لە هێز و داناییدا بێ کەموکوڕی بووە، بەڵام پێش ئەوەی عیسا بچێتە ناو منداڵدانی مریەمەوە هەندێك سروشتی مرۆڤانەی وەرگرت، تاکو وەك مرۆڤ بێت و لەناو مرۆڤدا بژی.

**عیساش لە دانایی و باڵا گەشەی دەکرد، جێی ڕەزامەندی خودا و خەڵکی بوو.** (لۆقا ٢: ٥٢)

کاتێك عیسا تەمەنی دوازدە ساڵ بوو لەگەڵ یوسف و مریەمی دایکی چووە ئۆرشەلیم تاکو لەوێ بەشداری جەژنی تێپەڕبوون[١٦] بکات. لە کاتێکدا هاوڕێکانی خەریکی گەڕان بوون بە ناو شارەکەدا، عیسا لە پەرستگا لەگەڵ مامۆستایانی ئایینی جولەکەدا دانیشتبوو، گوێی لێدەگرتن و پرسیاری لێدەکردن.

**هەموو ئەوانەی گوێیان لێی ڕاگرتبوو، لە تێگەیشتن و وەڵامەکانی سەرسام بوون.** (لۆقا ٢: ٤٧)

لەسەر قوربانگای پەرستگا بەرخ دەسوتێنرا، بۆ پاك بوونەوەی گوناهەکانی خەڵك. ئەوەی عیسا دەیزانی زاناکان نەیاندەزانی.

عیسا هاتە سەر زەوی تاکو ببێتە کۆتا بەرخی قوربانی.





## پەردەی چل و چوارەم

# بەرخی خودا

سی ساڵ بەسەر لەدایکبوونی عیسادا تێپەری بوو. قەیسەری ئیمپراتۆری ڕۆم مردبوو، کوڕەکەی جێی باوکی گرتبۆوە وەك ئیمپراتۆر. هێرۆدسی ئانتیپاس فەرمانڕەوای جەلیل بوو و پیلاتۆس حاکمی ناوچەی یەهودیا بوو. پێغەمبەرێکی نوێ لە ناوچەی فەلەستین دەرکەوتبوو، پەیامی خودای ڕادەگەیاند.

> **هەر لەو ڕۆژانەدا، یەحیای لەئاوهەڵکێش لە دەشتی یەهودیا دەرکەوت و پەیامی خودای ڕادەگەیاند، دەیگوت: «تۆبە بکەن، چونکە پاشایەتی ئاسمان نزیك بووەتەوە.»**
>
> **ئەمەش ئەوەیە کە لە ڕێگەی پێغەمبەر ئیشایاوە دەربارەی گوتراوە: ﴿کەسێك لە چۆڵەوانی هاوار دەکات و دەڵێت: «ڕێگا بۆ هاتنی یەزدان ئامادە بکەن،ڕێچکەکانی بۆ ڕێکبخەن.»﴾**
>
> **جلوبەرگی یەحیا لە مووی وشتر بوو، پشتێنێکی چەرمیشی لە کەمەری دەبەست، خواردنیشی کوللە و هەنگوینی کێوی بوو.** (مەتا ٣: ١-٤)

لە کاتێکدا خەڵکی خەریکی لەبەرکردنی جلی ئاوریشم و خواردن و خواردنەوەی بەتام بوون، یەحیا پیاوێکی سادە و ساکار بوو. ئەرکی بەجێهێنانی بانگەوازی پەیامی خودا بوو.

یەحیا دەنگێك بوو موژدەی هاتنی پاشاکەی ڕادەگەیاند.

بە سەدان ساڵ بەر لە دەرکەوتنی یەحیا، پێغەمبەران (مەلاخی) و (ئیشایا)، پێشبینی هاتنی ئەم پێغەمبەرەیان پێش دەرکەوتنی مەسیحی پاشا کردبوو.

پێغەمبەرانی پەیمانی کۆن پێشبینییان دەربارەی ڕزگارکەرەکە دەکرد و دەیانگوت: لەکاتی خۆیدا، ڕزگارکەرەکە دێتە سەر زەوی، بەڵام یەحیای پێغەمبەر بانگەوازی دەکرد و دەیگوت: «ئەو ڕۆژە هاتووە. ڕزگارکەرەکە لێرەیە!»

خەڵکێکی زۆر دەچوونە دەشتودەر تاکو گوێبیستی وشەکانی یەحیا بن. هەموو ئەوانەی تۆبەیان دەکرد یەحیا لە ڕووباری ئوردون لە ئاوی هەڵدەکێشان. بەم جۆرە خەڵکەکە باوەڕی خۆیان بۆ مەسیح نیشان دەدا کە هەموو گوناهەکانیان دەسڕێتەوە و پۆشاکی پیرۆزیان لەبەردەکات.

ڕۆژ لەدوای ڕۆژ، هەفتە لەدوای هەفتە، یەحیا خەڵکەکەی ئاگاداردەکردەوە لە هاتنی ئەو ڕزگارکەرەی ماوەیەکی دوورودرێژە چاوەڕوانی دەکەن،

> **«شایانی ئەوە نیم پێڵاوەکانی بۆ هەڵبگرم. ئەو لە ڕۆحی پیرۆز و لە ئاگرتان هەڵدەکێشێت.»** (مەتا ٣: ١١)

ڕۆژێکیان، ڕزگارکەرەکە لەناو قەرەباڵغیەکەوە دەرکەوت، هاتە خوارەوە بۆ ئەو شوێنەی یەحیا خەڵکی تێدا لە ئاو هەڵدەکێشا.

یەحیا دەستی بۆ عیسا درێژکرد و گوتی:

> **«ئەوەتا بەرخی خودا، ئەوەی گوناهی جیهان لادەبات.»** (یۆحەنا ١: ٢٩)

بۆچی یەحیا عیسای بە بەرخی خودا ناوبرد؟

ئەگەر وەڵامی ئەم پرسیارە بزانی، مانای ئەوەیە لە مەبەستی سەرەکی هاتنی پاشاکە تێگەیشتووی.





## پەردەی چل و پێنجەم

# کوڕێکی بێ کەموکوڕی

عیسا داوای لە یەحیا کرد لە ئاوی هەڵبکێشێت. یەحیا سەری لەم داواکارییە سوڕما، چونکە مەسیحی پاشا کە لە ئاسمانەوە دابەزیوە پێویستی بە تۆبەکردن نییە.

**عیساش وەڵامی دایەوە: «ئێستا ڕێگا بدە، چونکە ئاوا لە ئێمە دەوەشێتەوە هەتا هەموو ڕاستودروستییەك تەواو بکەین.»** (مەتا ٣: ١٥)

یەحیا عیسای لە ئاو هەڵکێشا. بەم کارە عیسا ویستی پیشانی بدات سەر بە خێزانی مرۆڤە و هاتووە بۆ ڕزگارکردنیان.

**کاتێك عیسا لە ئاو هەڵکێشرا، دەستبەجێ لە ئاوەکە هەستایەوە. ئەوە بوو ئاسمانی بۆ کرایەوە و بینی ڕۆحی خودا وەك کۆترێك نیشتەوە و هاتە سەری. دەنگێکیش لە ئاسمانەوە فەرمووی: «ئەمە کوڕی خۆشەویستمە، ئەوەی زۆر پێی دڵشادم.»** (مەتا ٣: ١٦-١٧)

لە یەکەم ڕۆژی بەدیهێنانی گەردوون، تاك و تەنهایی خودا لە سێ تایی «خودا و وشە و ڕۆحی پیرۆزدا» ئاشکرا بوو. وەك چۆن لە سەرەتای دروستبووندا، خودا و ڕۆحی خودا و وشەکەی پێکەوە جیهانیان بەدیهێنا، ئێستاش هەرسێکیان پێکەوە وەك یەك کەس کار دەکەن بۆ ڕزگارکردنی جیهان[١٧].

لە سەرەتای پەیدابوون، ڕۆحی خودا بەسەر ئاوەکاندا دەهات و دەچوو، هەمان ڕۆح ئێستا دێتە سەر عیسا لە کاتی لەئاوهەڵکێشانی. دەبینین کوڕی خودا (وشەی خودا کە لە سەرەتاوە گەردوونی بەدیهێنا) ئێستا لەناو ڕووبارەکەوە بەپێ دێتە دەرەوە. گوێمان لە دەنگی باوکە لە ئاسمانەوە قسە دەکات.

بە درێژایی سی ساڵی ڕابردوو، عیسا لە قۆناغی دەرنەکەوتندا بوو، دوور بوو لە چاوی کۆمەڵگە. بەڵام، باوکە ڕۆحییەکەی لە ئاسمان چاودێری هەموو کار و وشە و بیرکردنەوەکانی دەکرد. ئایا بۆچوونی خودا لەسەر ژیانی کوڕەکەی چی بوو؟

خودا فەرمووی: **(ئەوەی پێی دڵشادم.)**

بە درێژایی ژیانی مرۆڤایەتی، عیسا تەنها مرۆڤێك بووە کە هەموو داواکارییەکانی خودای جێبەجێ کردووە. خودا لە هەموو شتێکی عیسا ڕازی بووە. هەمیشە لێی ڕازی بووە. عیسا هیچ کەموکوڕی و گوناهێکی نەبووە.

عیسا بووە وێنەی خودا، ئەو شتەی ئادەم تێیدا سەرکەوتوو نەبوو. عیسا تەنها وێنەی خودا نەبوو بەڵکو خودا خۆی بوو.

**«لە سەردەمانی کۆنەوە خودا زۆر جار و بە ڕێگای جۆراوجۆر لە ڕێگەی پێغەمبەرانەوە لەگەڵ باوباپیراندا دواوە، بەڵام لەم ڕۆژانەی کۆتاییدا لە ڕێگەی کوڕەکەیەوە لەگەڵمان دوا، ئەوەی دەستنیشانی کردووە وەك میراتگری هەموو شتێك و لە ڕێگەی ئەویشەوە گەردوونی دروستکردووە. کوڕەکە تیشکی شکۆی خودایە و بە تەواوی وێنەی کرۆکیەتی، هەڵگری هەموو شتێکە بە هێزی فەرمایشتی خۆی،...»** (عیبرانییەکان ١: ١-٣)

بۆیە پاشان عیسا دەڵێ:

**«من و باوك یەکین.»** (یۆحەنا ١٠: ٣٠)

عیسا کوڕە نموونەییەکەی خودایە.





## پەردەی چل و شەشەم

# مرۆڤی دووەم

شەیتان دڵگران بوو ئەم مرۆڤە بێ گوناه و بێ کەموکوڕییە لە نێو شانشینەکەیدا بژی! بۆیە دەستیکرد بە پیلانگێڕان. چۆن لە سەرەتادا ئادەمی تاقیکردەوە و تووشی گوناهی کرد، ئێستاش هەموو هەوڵەکانی دەخاتەگەر تاکو ئەم مرۆڤە فریوبدات و گوناهباری بکات.

شەیتان هەر بە ئادەم و نەوەکانیەوە نەوەستا، ویستی عیساش جڵەوگیر بکات. چونکە ئەگەر کوڕی خودا گوناهبار بێت ئەوا چیتر ناتوانێت خەڵکەکەی لە گوناه ڕزگار بکات.

**پاشان عیسا بەهۆی ڕۆحی پیرۆزەوە بردرایە سەروو بۆ چۆڵەوانی، تاکو لەلایەن ئیبلیسەوە تاقیبکرێتەوە. دوای چل ڕۆژ و چل شەو بەڕۆژووبوون، برسی بوو.**

**تاقیکەرەوە لێی هاتە پێش، پێی گوت: (ئەگەر تۆ کوڕی خودایت، بەم بەردانە بڵێ با ببن بە نان.)**
(مەتا ٤: ١-٣)

عیسا برسی بوو، بەڵام گوێڕایەڵی شەیتان نەبوو. عیسا هەرگیز لە خواست و فەرمانی خودای باوکی یاخی نابێت. عیسا هێزە خوداییەکەی بۆ ڕازیکردنی خواستی مرۆڤانەی بەکارناهێنێت. عیسا بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی شەیتان، بە یەکێك لە ئایەتەکانی تەوراتی موسا وەڵامی دایەوە:

**«نووسراوە: ﴿مرۆڤ تەنها بە نان ناژیێت، بەڵکو بە هەر وشەیەك کە لە دەمی خوداوە دێتە دەرەوە.﴾»**
(مەتا ٤: ٤، دواوتار ٨: ٣)

شەیتانی خۆبەزلزان هەوڵی دا جارێکی دیکە عیسای پیرۆز فریو بداتەوە.

**دیسان ئیبلیس بۆ سەر شاخێکی زۆر بڵندی برد و هەموو شانشینەکانی جیهان و شکۆی ئەوانی پیشان دا و پێی گوت، (هەموو ئەمانەت دەدەمێ ئەگەر کڕنۆش ببەیت و بمپەرستی.)** (مەتا ٤: ٨-٩)

کاتێك ئادەم گوناهی کرد، مرۆڤایەتی مافی حوکمکردنی بەسەر زەویدا لەدەستدا. شەیتان دەستی گرت بەسەر جیهاندا. خۆی کرد بە پاشای جیهان. پاشای شکۆ ئێستا هاتووەتە سەر زەوی تاکو جارێکی دیکە زەوی لەژێر دەسەڵاتی شەیتان دەربهێنێ. بۆیە عیسا کڕنۆش بۆ شتێك نابات کە بۆ لەناوبردنی هاتووە.

**ئینجا عیساش پێی فەرموو: (شەیتان لێم دوور بکەوە، چونکە نووسراوە: «کڕنۆش بۆ یەزدانی پەروەردگارت دەبەیت و تەنها ئەو دەپەرستیت.»)** (مەتا ٤: ١٠)

لە کۆتاییدا، شەیتان عیسای بەجێهێشت چونکە هەرگیز تووشی کەسێك نەبووە هیچ ئارەزوویەکی بۆ گوناهکردن نەبێت. عیسا جیاواز بوو لە ئادەم و نەوەکانی.

**«مرۆڤی یەکەم لە خۆڵی زەوی بوو، مرۆڤی دووەم لە ئاسمانەوەیە.»** (یەکەم کۆرنسۆس ١٥: ٤٧)

ئادەم یەکەم مرۆڤی بێ کەموکوڕی بوو. عیسا دووەم مرۆڤی بێ کەموکوڕی بوو.

کاتێك ئادەم لەلایەن شەیتانەوە تاقیکرایەوە، شەیتان بردییەوە و ئادەم دۆڕا. بەڵام، کاتێك شەیتان هەوڵیدا عیسا تاقیبکاتەوە و تووشی گوناهی بکات، بە دۆڕانی شەیتان و سەرکەوتنی عیسا کۆتایی هات.

یەکەم مرۆڤ، مرۆڤایەتی بەرەو پاشایەتی گوناه و مردن برد. مرۆڤی دووەم هات تاکو لەناو پاشایەتی گوناه و مردن دەربازمان بکات.





## پەردەی چل و حەوتەم

# مەسیحی پاشا

پاش هەوڵە بێ ئەنجامەکەی شەیتان بۆ ئەوەی مەسیح گوناه بکات، عیسا گەڕایەوە بۆ ناسیرە، ئەو شوێنەی کاری دارتاشی تێدا کرد و تێیدا گەورە بوو.

**وەك نەریتی خۆی ڕۆژی شەممە چووە کەنیشت...** (لۆقا ٤: ١٦)

کەنیشت خانەی خوداپەرستی جولەکە بوو، ئەو شوێنەی پەرستنی خودای تێدا دەکرا و هەموو ڕۆژانی شەممەیەك وشەکانی کتێبی پیرۆزی تێدا دەخوێنرایەوە. جا لەو ڕۆژی شەممەیەدا، عیسا بانگەوازێکی تایبەتی بۆ خەڵکەکە هەبوو.

**عیسا بۆ خوێندنەوە ڕاوەستا.**

**پەڕتووکی ئیشایا پێغەمبەریان دایێ و کردیەوە، ئەو شوێنەی دۆزییەوە کە تێیدا نووسراوە:**

**«ڕۆحی یەزدان بەهێزم دەکات، چونکە دەستنیشانی کردووم بۆ مژدەدان بە هەژاران، منی ناردووە بۆ جاڕدانی ئازادی بەدیلگیراوان، هەروەها گەڕانەوەی بینایی بۆ کوێران، بۆ ئازادکردنی ستەملێکراوان...»** (لۆقا ٤: ١٧-١٨)

عیسا ئەو بەشەی کتێبی پیرۆزی خوێندەوە کە پێشبینی هاتنی مەسیحی پاشا بۆ سەر زەوی دەکات تاکو بە جیهانی نیشان بدات پەروەردگار کێیە و چۆن گوناهباران ڕزگار دەکات لە ژێر دەستی شەیتان و گوناه و مردن.

**ئینجا نووسراوە پیرۆزەکەی پێچایەوە، دایەوە خزمەتکارەکە و دانیشت. هەموو ئەوانەی لە کەنیشت بوون چاویان تێبڕی بوو. دەستی کرد بە قسەکردن و گوتی: «ئەمڕۆ ئەم نووسراوە پیرۆزەی گوێتان لێبوو هاتە دی.»** (لۆقا ٤: ٢٠-٢١)

ئایا کاردانەوەی دراوسێ و نزیکەکانی عیسا چۆن بوو، کاتێك بانگەشەی ئەوەی کرد ئەو مەسیحە و لە ئاسمانەوە هاتووە، هەمان ئەو کەسەیە پێغەمبەران پێشبینی هاتنیان کردووە؟

**هەموو ئەوانەی لە کەنیشتەکە بوون، کاتێك ئەمەیان بیست لێی تووڕە بوون. دەریانکردە دەرەوەی شار، بردییانە سەر لێواری ئەو چیایەی شارەکەیانی لەسەر بنیاد نرابوو، تاکو فڕێیبدەنە خوارەوە. بەڵام ئەو بە ناویاندا تێپەڕی و ڕۆیشت.** (لۆقا ٤: ٢٨-٣٠)

بە پێچەوانەی ئادەم کە گوناهەکەی مردن و نەهامەتی بۆ نەوەکانی هێنا، عیسای مەسیح دەسەڵاتی هەبوو. مەسیحی پاشا دەست نیشان کراوی خودایە[١٨] و خودا پارێزگاری تەواوی لێ دەکات. هیچ کەس ناتوانێت دەستی لێبدات ئەگەر خواستی خودای لەسەر نەبێت.

بەڵام، عیسا کار لە دڵەکانیان دەکات.





## پەردەی چل و هەشتەم

# زاڵبوون بەسەر ڕۆحە پیسەکان و نەخۆشیدا

لە پەڕتووکی پێغەمبەرانی پێش خۆیدا، یەکێك لە ناوەکانی مەسیح بریتییە لە «دەستی یەزدان» یاخود «**بازووی یەزدان**» (ئیشایا ٥٣: ١). مەسیح بە کارە پەرجووەکانی دەریخست ئەو دەستی خودایە لەسەر زەوی. عیسا تەنها بە دەستلێدان و بە وشە نەخۆشەکانی چاکدەکردەوە و مردووانی زیندوو دەکردەوە.

**ئەوەبوو خەڵکێکی زۆر هاتنە لای، ئیفلیج و گۆج و کوێر و لاڵ و زۆری دیکەشیان لەگەڵ بوو، لەبەر پێیدا دایاننان، ئەویش چاکیکردنەوە.** (مەتا ١٥: ٣٠)

وشەی پێغەمبەران هاتنەدی.

**« کوێر دەبینێت، شەل دەڕوات، گەڕوگول پاك دەبێتەوە، کەڕ دەبیستێت، مردوو هەڵدەستێتەوە و هەژار مزگێنی پێدەدرێت.»** (مەتا ١١: ٥، ئیشایا ٣٥: ٤-٦، ٦١: ١)

هیچ نەخۆشییەك نەبوو کە عیسا نەتوانێت چاکی بکاتەوە.

**پیاوێکی گول هاتە لای عیسا و لێی پاڕایەوە، چۆکی دادا و پێی گوت: «ئەگەر بتەوێت، دەتوانیت پاکم بکەیتەوە.» عیسا دڵی پێی سووتا و دەستی بۆ درێژکرد و دەستی لێدا و پێی فەرموو: «دەمەوێت. پاك بەرەوە!» دەستبەجێ گولییەکەی لێبووەوە و پاك بووەوە.** (مەرقۆس ١: ٤٠-٤٢)

**کاتی ڕۆژئاوابوون، هەموو نەخۆشەکانیان هێنایە لای عیسا، بە نەخۆشی جۆراوجۆرەوە، ئەویش دەستی لەسەر هەریەکەیان دانا و چاکیکردنەوە. ڕۆحی پیسی لە زۆریان دەرکرد، ڕۆحەکان هاواریان دەکرد: «تۆ کوڕی خودای!» ئەویش لێی ڕادەخوڕین و نەیدەهێشت بدوێن، چونکە دەیانزانی مەسیحەکەیە.** (لۆقا ٤: ٤٠-٤١)

عیسا نەیدەویست ڕۆحە پیسەکان شایەتی بۆ بدەن. ئەم فریشتە بەدکارانە هێز و دەسەڵاتی مەسیحیان بەچاوی خۆیان بینی کاتێك تەنها بە وشە زەوی و ئاسمانی هێنایە بوون. ئەم ڕۆحە پیسانە تووشی ڕاچڵەکان دەبوون کاتێك ئەو ڕۆژەیان وەبیر هاتەوە کە خودا لە پاشایەتییەکەی دەریکردن. ئێستاش دەبینن وەك مرۆڤێك لەسەر زەوی دەژی! دەیانزانی هێز و دەسەڵاتی گەورەکەیان بەرەو ڕمان دەچێ. پاشای شکۆمەندی دەسەڵاتەکەیانی داگیرکردووە.

مەسیح بۆ هەر جێگەیەك دەچوو، دەسەڵاتی شەیتان لەو شوێنەدا لاواز دەبوو. هەر جێگەیەك مەسیحی لێبووایە نەفرەت و گوناه لەو شوێنە هەڵدەهات.

لەگەڵ کردنی هەموو ئەو کارە پەرجووانەدا، مەسیح پەیامێکی بۆ خەڵکەکە هەبوو:

**«کاتەکە هاتووەتە دی و پاشایەتی خودا نزیك بووەتەوە. تۆبە بکەن، باوەڕ بەم مزگێنییە بهێنن.»**

(مەرقۆس ١: ١٥)





## پەردەی چل و نۆیەم

# زاڵبوون بەسەر ڕەشەبا و شەپۆلی دەریا

عیسای مەسیح دوازدە پیاوی وەك قوتابی خۆی دەستنیشان کرد تاکو بەردەوام گەشتی لەگەڵ بکەن و لێیەوە فێربن. هەروەها زۆرێکیش لە شوێنکەوتووانی ژن بوون. ئەم ژنانە یارمەتی مەسیح و قوتابییەکانیان دەدا لە دابینکردنی خواردن و پارە.

بۆ هەموو ئەوانەی باوەڕیان پێ هێنا، بانگەوازەکەی عیسا ڕوون بوو:

**«دوام بکەوە»** (لۆقا ٥: ٢٧)

بەڵام، ئەم بانگەوازە قورس و گران بوو:

**«ئەوەی باوك یان دایکی لە من خۆشتربووێت، شایانی من نییە. ئەوەی کوڕ یان کچی لە من خۆشتربووێت، شایانی من نییە.»** (مەتا ١٠: ٣٧)

عیسا کاتی زۆری لە نزیك دەریای جەلیل بەسەردەبرد، چونکە بەشێك لە قوتابییەکانی ماسیگر بوون. خەڵکی لە دوور و نزیکەوە بۆ بیستنی بانگەوازەکەی دەهاتن.

**دیسان عیسا لە کەناری دەریاچەی جەلیل دەستی کرد بە فێرکردنی خەڵك، خەڵکێکی ئێجگار زۆر لێی کۆبووەوە، تاکو وای لێهات چووە ناو بەلەمێکی ناو ئاوەکە دانیشێت، هەموو خەڵکەکەش لە نزیك ئاوەکە لەسەر وشکانی بوون.** (مەرقۆس ٤: ١)

پاش یەك ڕۆژ لە فێرکردنی خەڵکەکە، عیسا بە قوتابییەکانی گوت، **«با بڕۆین بۆ بەشی ئەوبەری دەریاکە.»** ئەو کاتە ئەو لەبەلەمێکدا بوو. قەرەباڵغیەکەیان بەجێ هێشت.

**ئینجا ڕەشەبایەکی توند هەڵیکرد، شەپۆلەکان بە توندی لە بەلەمەکەیان دەدا، کە خەریك بوو پڕبێت لە ئاو.**

**عیسا لە دواوە سەری خستبووە سەر سەرینێك و خەوتبوو. هەڵیانساند و پێیان گوت: «مامۆستا، بەلاتەوە گرنگ نییە ئەگەر لەناوبچین؟»**

**ئەویش هەستا و لە ڕەشەباکەی ڕاخوڕی و بە دەریاچەکەی فەرموو: «بێدەنگ بە! هێمن بە!» ڕەشەباکە وەستا و بووە هێمنییەکی تەواو.**

**ئینجا پێی فەرموون: «بۆچی ئەوەندە دەترسن؟ هێشتا باوەڕتان نییە؟»**

**ئەوانیش تۆقین و بە یەکتریان دەگوت: «ئەمە کێیە؟ تەنانەت با و دەریاش گوێڕایەڵی دەبن!»** (مەرقۆس ٤: ٣٧-٤١)

ئەم پیاوە کێیە؟ هەزار ساڵ بەر لەم ڕووداوە، داودی پێغەمبەر وەڵامی ئەم پرسیارەی دابۆوە:

**وەك سەرخۆش سەرسم دەدەن و بە ئەملا و ئەولادا دەکەون، نازانن چی دەکەن. ئینجا لە تەنگانەیاندا هاواریان بۆ یەزدان کرد، ئەویش لە ناخۆشییەکانیان دەربازی کردن. ڕەشەبای هێدی کردەوە بۆ ئارامی، شەپۆلەکانی بێدەنگ کرد.** (زەبوورەکان ١٠٧: ٢٧-٢٩)

لە توانای کێدایە تەنها بە وشە ڕەشەبا و شەپۆلی دەریا هێمن بکاتەوە؟

وەڵام: هەمان ئەو دەنگەی کە دروستی کردوون.





## پەردەی پەنجایەم

# زاڵبوون بەسەر گوناهدا

ڕۆژێك چوار کەس پیاوێکی ئیفلیجیان لەناو بەتانییەکدا بۆ ئەو ماڵە هێنا کە مەسیحی لێ بوو.

پیاوەکان هەوڵیان دا بەناو قەرەباڵغیەکەدا بچنە ژوورەوە تاکو مەسیح ببینن، بەڵام نەیانتوانی. سەرەنجام چوونە سەربانی ژوورەکە و کونێکیان تێکرد و لەوێوە پیاوەکەیان بۆ ناو ئەو ژوورە شۆڕکردەوە کە عیسای لێ بوو.

**کاتێك عیسا باوەڕی ئەوانی بینی، بە ئیفلیجەکەی فەرموو: «کوڕم، گوناهەکانت بەخشران.»**

(مەرقۆس ٢: ٥)

عیسا دەیزانی پێداویستی سەرەکی پیاوە ئیفلیجەکە چاکبوونەوەی قاچەکانی نییە، بەڵکو لێخۆشبوونی گوناهەکانییەتی.

**هەندێك مامۆستایانی تەورات لەوێ دانیشتبوون، لە دڵی خۆیاندا بیریان دەکردەوە: «بۆچی ئەمە بەم شێوەیە دەدوێت؟ کفر دەکات! بێجگە لە خودا کێ دەتوانێت گوناه ببەخشێت؟»**

**دەستبەجێ عیسا لە ناخی خۆیدا زانی لە دڵی خۆیاندا بەو جۆرە بیر دەکەنەوە، پێی فەرموون: «بۆچی لە دڵتاندا بیر لەم شتانە دەکەنەوە؟ کامیان ئاسانترە، بە ئیفلیجەکە بڵێی: ”گوناهەکانت بەخشران،“ یان بڵێی: ”هەستە، نوێنەکەت هەڵگرە و بڕۆ“؟ بەڵام تاکو بزانن، کوڕی مرۆڤ لەسەر زەوی دەسەڵاتی هەیە گوناه ببەخشێت،...»**

**ئینجا بە ئیفلیجەکەی فەرموو: «پێت دەڵێم: هەستە، نوێنەکەت هەڵگرە و بڕۆرەوە ماڵەوە.»**

**ئەویش یەکسەر هەستا و نوێنەکەی هەڵگرت و لەبەرچاوی هەموویان چووە دەرەوە. بە شێوەیەك هەموو سەرسام بوون و ستایشی خودایان کرد، گوتیان: «هەرگیز شتی وامان نەبینیوە!»** (مەرقۆس ٢: ٦-١٢)

پیاوانی ئایینی جولەکە لە دینداری و خۆبەزلزانینیاندا چاوەکانیان کوێر ببوو. لە دڵی خۆیاندا گوتیان: مەسیح کفر دەکات! کفر بە خودا دەکات، چونکە دەڵێت لە گوناه خۆش دەبێت، تەنها خودا دەتوانێت لە گوناه خۆش ببێت!

ئەو بیرکردنەوەیەیان ڕاستبوو، تەنها خودا دەتوانێت لە گوناه خۆشبێت، بەڵام بیرکردنەوەکانیان دەربارەی کەسایەتی مەسیح هەڵە بوو.

بە بڕوای تۆ مەسیح کێیە؟ مانای ناوی «مەسیح»ت لەبیرە؟ واتە یەزدان ڕزگار دەکات.

لە یەکێك لە ناوچەکانی فەلەستین کە مەسیح خەڵکی فێر دەکرد، خەڵکەکەی گەیشتنە ئەم ئەنجامە:

**«چونکە خۆمان بیستمان و دەزانین کە ئەم پیاوە بەڕاستی ڕزگارکەری جیهانە!»** (یۆحەنا ٤: ٤٢)





## پەردەی پەنجا و یەکەم

# زاڵبوون بەسەر مردن

مەسیح دەسەڵاتی بەسەر هەموو بەدیهێنراوەکاندا هەبوو. بەڵام بە خەڵکەکەی نەدەگوت، «بمپەرستن! من خودام!» ئەو کارانەی ئەنجامی دەدا کردنیان تەنها لە دەسەڵاتی خودا بوو، دەیویست خەڵکەکە خۆیان بگەنە ئەو ئەنجامە.

لەسەر بنەمای ئەم دوو چیرۆکەی خوارەوە، بە بڕوای تۆ عیسا کێیە؟

**عیسا بۆ شارێك چوو ناوی نایین بوو، قوتابییەکانی و خەڵکێکی زۆری لەگەڵ چوون. کاتێك لە دەروازەی شارەکە نزیك بووەوە، تەرمێکی بینی بەسەر شانی خەڵکەوە، ئەویش کوڕە تاقانەی بێوەژنێك بوو، خەڵکێکی زۆری لەگەڵ بوو. کاتێك مەسیح ژنەکەی بینی، دڵی پێی سووتا و پێی فەرموو: «مەگریێ.» ئینجا هاتە پێشەوە و دەستی لە دارەمەیتەکە دا، هەڵگرانی ڕاوەستان. فەرمووی: «ئەی کوڕی گەنج، پێت دەڵێم، هەستە!» مردووەکە ڕاستبووەوە و دەستی کرد بە قسەکردن، عیساش دایەوە دەست دایکی. هەموو ترسیان لێ نیشت، ستایشی خودایان کرد، گوتیان: «لەناوماندا پێغەمبەرێکی مەزن دەرکەوتووە، خوداش گەلەکەی خۆی بەسەرکردەوە!»**

(لۆقا ٧: ١١-١٦)

ڕۆژێکی دیکە، عیسا سەردانی دوو خوشکی خەفەتباری کرد بە ناوی مریەم و مارسا، چوار ڕۆژ پێش سەردانەکەی مەسیح (لەعازر)ی برایان مردبوو.

**ئینجا مەرسا بە عیسای گوت: «گەورەم، ئەگەر لێرە بوویتایە، براکەم نەدەمرد.»**

**عیسا پێی فەرموو: «منم زیندووبوونەوە و ژیان. ئەوەی باوەڕم پێ بهێنێت، ئەگەر بشمرێت زیندوو دەبێتەوە. هەروەها هەرکەسێك کە زیندووە و باوەڕم پێ بهێنێت، هەرگیز نامرێت. باوەڕ بەمە دەکەیت؟»**

**پێی گوت: «بەڵێ گەورەم. باوەڕم هێناوە کە تۆ مەسیحەکەیت، کوڕی خودای، ئەوەی بۆ جیهان دێت.»**

**دیسان عیسا لە ناخەوە خەم دایگرت و هاتە لای گۆڕەکە کە ئەشکەوتێك بوو دەمەکەی بەردێکی پێوەنرابوو. عیسا فەرمووی: «بەردەکە لادەن.»**

**مەرسای خوشکی مردووەکە پێی گوت: «گەورەم، بۆنی کردووە، چونکە چوار ڕۆژە.»**

**عیساش پێی فەرموو: «ئەی پێم نەگوتی ئەگەر باوەڕ بکەیت شکۆی خودا دەبینیت؟»**

**کە ئەمەی گوت بە دەنگێکی بەرز هاواری کرد: «لەعازر وەرە دەرەوە!» ئەوسا مردووەکە هاتە دەرەوە، دەست و قاچی بە کفن بەسترابوو، ڕووشی بە دەسماڵێك پێچرابوو.**

**عیساش پێی فەرموون: «بیکەنەوە، بهێڵن با بڕوا.»** (یۆحەنا ١١: ٢١، ٢٥-٢٧، ٣٨-٤١، ٤٣-٤٤)

مەسیحی پەروەردگار تەنها مرۆڤێکە لەمێژوودا کە بتوانێ بڵێ،

**«منم زیندووبوونەوە و ژیان.»**

کارەکانی سەلماندیان کە وشەکانی ڕاستن.





## پەردەی پەنجا و دووەم

# دابینکەر

بەردەوام خەڵکانێکی زۆر لە دەوری مەسیح بوون، هەندێك جار بۆ ماوەی چەندین ڕۆژ لە دەوری دەمانەوە. زۆرجار خەڵکەکە بەدووی دەکەوتن بۆ ئەو شوێنە چۆڵەوانیانەی لەگەڵ قوتابییەکانی تێیدا کاتی بەسەردەبرد. هەندێك جار خەڵکەکە برسییان دەبوو.

نیوەڕۆیەکیان لەسەر گردۆڵکەیەکی ڕۆژهەڵاتی دەریای جەلیل، نزیکەی پێنج هەزار کەس لە دەوری مەسیح کۆببوونەوە. ئینجا عیسا بە فلیپۆسی گوت کە یەکێك بوو لە قوتابییەکانی:

**«لەکوێ نان بکڕین و ئەمانە نان بدەین؟» ئەمەی گوت بۆ ئەوەی تاقی بکاتەوە، چونکە خۆی دەیزانی دەبێت چی بکات.**

**فیلیپۆس وەڵامی دایەوە: «بایی دوو سەد دیناریش نان بەشیان ناکات، ئەگەر هەریەکەیان کەمێکی بەرکەوێت.»**

**یەکێك لە قوتابییەکانی کە ئەندراوسی برای شیمۆن پەترۆس بوو پێی گوت: «کوڕێك لێرەیە پێنج نانی جۆ و دوو ماسی پێیە. بەڵام ئەوندە چییە بۆ ئەم هەمووە؟»**

**عیسا فەرمووی: «خەڵکەکە دابنیشێنن.» ئەو شوێنە گیایەکی زۆری لێبوو، جا پیاوەکان کە پێنج هەزار دەبوون دانیشتن.**

**عیساش نانەکانی وەرگرت و سوپاسی خودای کرد، بەسەر دانیشتووان دابەشی کرد، بۆ ماسییەکانیش ئاوای کرد، ئەوەندەی ویستیان. کاتێك تێربوون، بە قوتابییەکانی فەرموو: «ئەو پەلکەنانەی ماوەتەوە کۆی بکەنەوە تاکو هیچ بەفیڕۆ نەڕوات.»**

**ئەوانیش کۆیان کردەوە و دوازدە سەبەتەیان پڕکرد لەو پەلکەنانەی ئەو پێنج نانە جۆیەی لە نانخۆران مابووەوە.** (یۆحەنا ٦: ٥-١٣)

بۆ ڕۆژی دواتر خەڵکەکە بەدوای عیسادا دەگەڕان تاکو بیدۆزنەوە و بیکەنە پاشای خۆیان، تاکو ڕزگاریان بکات لە دەستی ئیمپراتۆری ڕۆم و خواردنی زیاتریان بۆ دابین بکات. بەڵام عیسا پێی فەرموون:

**«بۆ خۆراکێك ئیش مەکەن کە لەناودەچێت، بەڵکو بۆ خۆراکێك کە بۆ ژیانی هەتاهەتایی دەمێنێتەوە، ئەوەی کوڕی مرۆڤ[١٩] دەتانداتێ، چونکە ئەمە خودای باوك مۆری لێداوە...**

**منم نانی ژیان. ئەوەی بێتە لام هەرگیز برسی نابێت، ئەوەش باوەڕم پێ بهێنێت هەرگیز تینووی نابێت.»** (یۆحەنا ٦: ٢٧، ٣٥)

خۆراك تەنها بۆ ماوەیەك پێداویستی جەستەت دابین دەکات، بەڵام پەروەردگار دەتوانێت ژیانی هەتاهەتایی ڕاستەقینە بە مرۆڤەکان ببەخشێ.

تەنها مەسیح دەتوانێ بڵێ،

**«منم نانی ژیان.»**





## پەردەی پەنجا و سێیەم

# فێرکەر

عیسا وەك مامۆستا ئایینییەکان نەبوو تەنها بڵێ، «ئەمە بکەن و ئەمە مەکەن! شوێن ئەم شەریعەتە بکەون! ئەمە ڕێگا ڕاستەکەیە!»

تەنها عیسا دەتوانێ بڵێ،

**«منم ڕێگا و ڕاستی و ژیان.»** (یۆحەنا ١٤: ٦)

عیسا لەگەڵ پێغەمبەرانیش جیاوازی هەیە، چونکە ئەوان قوربانییان بۆ لێخۆشبوونی گوناهەکانیان دەکرد و پێشبینی هاتنی مەسیحیان دەکرد. عیسا فەرمووی:

**«وا بیر نەکەنەوە من هاتووم تەورات یان نووسراوی پێغەمبەران بسڕمەوە، نەهاتووم بۆ سڕینەوەیان، بەڵکو هاتووم بۆ تەواوکردنیان.»** (مەتا ٥: ١٧)

عیسا زۆر جار قوتابییەکانی فێردەکرد و دەیفەرموو، ئەوانەی سەر بە پاشایەتی خودان دەبێت ژیان و کرداریان ڕەنگدانەوەی کەسایەتی و شکۆی پاشاکەیان بێت.

**«بیستووتانە گوتراوە: ﴿نزیکەکەت خۆشبوێت،﴾ ”ڕقت لە دوژمنت بێتەوە.“ بەڵام من پێتان دەڵێم: دوژمنەکانتان خۆشبوێ، نوێژ بکەن بۆ ئەوانەی دەتانچەوسێننەوە.» «کاتێك نوێژ دەکەن وەك دووڕووان مەبن، ئەوان حەز دەکەن بە پێوە... نوێژ بکەن، تاکو بۆ خەڵك دیار بن... بەڵام تۆ کاتێك نوێژ دەکەیت، بڕۆ ژوورەکەت و دەرگا لەسەر خۆت دابخە، نوێژ بکە بۆ باوکی نەبینراوت. باوکیشت ئەو کارە دەبینێت کە بە نهێنی ئەنجام دراوە، پاداشتت دەداتەوە.**

**«بەڵام ئێوە بەم شێوەیە نوێژ بکەن و بڵێن: ”ئەی باوکمان لە ئاسمان، با ناوت پیرۆز بێت، با پاشایەتییەکەت بێ، با خواستت لەسەر زەوی پەیڕەو بکرێت وەك لە ئاسمان. نانی ڕۆژانەمان ئەمڕۆش بدەرێ....“»**

**«خەم مەخۆن بڵێن ”چی بخۆین؟“ یان ”چی بخۆینەوە؟“ یان ”چی بپۆشین؟“ چونکە بێباوەڕان هەوڵ بۆ هەموو ئەمانە دەدەن، باوکی ئاسمانیشتان دەزانێت پێویستیتان بە هەموو ئەوانە هەیە. بەڵکو یەکەم جار داوای پاشایەتییەکەی خودا و ڕاستودروستییەکەی بکەن، هەموو ئەمانەتان بۆ زیاد دەبێت.»**

**«ئاگاداری پێغەمبەرانی درۆزن بن کە لە پێستی مەڕدا بۆ لاتان دێن، بەڵام لەناوەوە گورگی دڕندەن.»**

**«هەرکەسێك گوێی لەم وتانەم بێت و پەیڕەوی بکات، وەك پیاوێکی دانا وایە کە خانووەکەی لەسەر بەرد دروستکردبێت. باران باری و لافاو هەستا و ڕەشەبا هەڵیکرد و لەو خانووەی دا، بەڵام نەڕووخا، چونکە لەسەر بەرد دروستکرابوو.**

**هەرکەسێکیش گوێی لەم وتانەم بێت و پەیڕەوی نەکات، وەك پیاوێکی گێل وایە خانووەکەی لەسەر لم دروستکردبێت. باران باری و لافاو هەستا و ڕەشەبا هەڵیکرد و لەو خانووەی دا و ڕووخا، ڕووخانەکەشی گەورە بوو.»**

(مەتا ٥: ٤٣-٤٤، ٦: ٥-٦، ٦: ٩-١١، ٦: ٣١-٣٣، ٧: ١٥، ٧: ٢٤-٢٧)

کەس وەك ئەو مامۆستایە قسەی نەکرووە کە لە ئاسمانەوە هاتووە.





## پەردەی پەنجا و چوارەم

# شکۆمەندییەکەی

کاهین و مامۆستایانی جولەکە دڵگران بوون لەوەی خەڵکەکە گوێیان لە مەسیح دەگرت. دەیانویست خەڵکەکە گوێ لە ئەوان بگرن لەبری گوێگرتن لە مەسیح!

ڕۆژێکیان کاهینەکانی جولەکە پاسەوانانی پەرستگایان نارد تاکو مەسیح دەستگیر بکەن، بەڵام پاسەوانەکان بە دەستی بەتاڵ گەڕانەوە. کاهینەکان پرسیاریان لێکردن: «بۆچی دەستگیرتان نەکرد؟»

**خزمەتکارەکان وەڵامیان دایەوە: «هەرگیز کەس وەك ئەمە قسەی نەکردووە!»** (یۆحەنا ٧: ٤٦)

تەنانەت پێغەمبەرانیش وەك مەسیح نەدواون. پێغەمبەران وەك مۆم ڕووناکییان بە جیهانی تاریك بەخشیوە، بەڵام مەسیح **خۆری ڕاستودروستییە**، (مەلاخی ٤: ٢). کێ پێویستی بە مۆمە کاتێك خۆر لە هەڵهاتندایە؟

عیسا دەفەرموێت،

**«منم ڕووناکی جیهان. ئەوەی دوام بکەوێت هەرگیز بە تاریکیدا ناڕوات، بەڵکو ڕووناکی ژیانی دەبێت.»**

(یۆحەنا ٨: ١٢)

مەسیح ئەو وشەیە بوو کە لە سەرەتای دروستبوونی گەردووندا فەرمووی: **(با ڕووناکی ببێت.)** مەسیح تاکە سەرچاوەی ڕووناکی ڕاستەقینەیە بۆ گیان و ڕۆح.

کاتی ئەوە نزیکببۆوە کە عیسا کارەکەی تەواو بکات، بۆیە سێ لە قوتابییەکانی، پەترۆس و یاقوب و یۆحەنای بردە سەر چیایەکی بەرز.

**لەپێشیان شێوەی گۆڕا، ڕووی وەك ڕۆژ دەدرەوشایەوە و جلەکانی وەك ڕووناکی سپی هەڵگەڕان. لەناکاو موسا و ئەلیاسیان بۆ دەرکەوت و لەگەڵ عیسادا کەوتنە گفتوگۆ...، هەورێکی ڕۆشن باڵی بەسەریاندا کێشا و دەنگێك لە هەورەکەوە فەرمووی:**

**«ئەمە کوڕی خۆشەویستمە، ئەوەی پێی دڵشادم. گوێی لێ بگرن!»**

**کاتێك قوتابییەکان گوێیان لێبوو، بەدەمدا کەوتن، زۆر ترسان. بەڵام عیسا هات، دەستی لێدان و فەرمووی: «هەستن، مەترسن!» ئینجا چاویان هەڵبڕی و لە عیسا زیاتر کەسیان نەبینی.**

(مەتا ١٧: ٢-٣، ٥-٨ )

ئەوەی ئەو ڕۆژە ڕوویدا قوتابییەکان بە چاوی خۆیان بینییان و هەرگیز لەبیریان نەچۆوە. پاشان، پەترۆس نووسی: «**شایەتحاڵی پایەبەرزییەتی ئەو بووین!**» (دووەم نامەی پەترۆس ١: ١٦ )، هەروەها یۆحەنا ئەمەی نووسی: «**شکۆی ئەومان بینی، وەك شکۆی تاقانەیەك لە باوکەوە، پڕ لە نیعمەت و ڕاستی.**» (یۆحەنا ١: ١٤)

بەڵام، دەبووایە شکۆمەندی کوڕەکە لەناو جەستەی مرۆڤانەیدا بە شاراوەیی بمێنێتەوە.

کاتی ئەوە هاتبوو پاشاکە ئەرکەکەی لەسەر زەوی تەواو بکات.





## پەردەی پەنجا و پێنجەم

# ئەرکەکەی

عیسای پەروەردگار بۆ ماوەی سێ ساڵ لە ناوچەکانی فەلەستین **«دەگەڕا و چاکەی دەکرد و هەموو ئەوانەی ئیبلیس دەستی بەسەریاندا گرتبوو چاکی دەکردنەوە.»** (کرداری نێردراوان ١٠: ٣٨). خەڵکانی هەژار و سادە و ساکار خۆشیان دەویست، بەڵام پیاوانی ئایینی جولەکە لە ئۆرشەلیم خەریکی پیلاندانان بوون بۆ کوشتنی- مەسیح ئاگاداری پیلانەکەیان بوو.

**کە ڕۆژانی بەرزکردنەوەی نزیکبووەوە، پێداگری کرد لەسەر ڕۆیشتنی بۆ ئۆرشەلیم.** (لۆقا ٩: ٥١)

ئەگەر بزانی کۆمەڵێ پیاوی بەدکار لە شارێکی دوورەوە خەریکی پیلاندانانن بۆ گرتن و ئازاردان و کوشتنت، ئایا ڕوو لەو شارە دەکەی؟

بەڵام مەسیح بەرەو شارەکە چوو.

**لەو کاتەوە عیسا دەستی بە ڕوونکردنەوە کرد بۆ قوتابییەکانی کە دەبێت بچێتە ئۆرشەلیم، لەوێ بە دەستی پیران و کاهینانی باڵا و مامۆستایانی تەورات زۆر ئازار بچێژێت و بکوژرێت و لە ڕۆژی سێیەم هەستێنرێتەوە.** (مەتا ١٦: ٢١)

عیسا ئەو پاشا زەمینییە نەبوو کە قوتابییەکانی چاوەڕوانی بوون. قوتابییەکان لەو باوەڕەدا نەبوون خودا ڕێگە بدات تاکە هەڵبژێردراوەکەی ئازار بکێشێ و لەخاچ بدرێ. بۆیە پەترۆس بە عیسای گوت:

**«خودا نەکات گەورەم! هەرگیز ئەمەت بەسەرنەیەت!»**

**عیسا ئاوڕی دایەوە و بە پەترۆسی فەرموو: «لەبەرچاوم لاچۆ، ئەی شەیتان! تۆ کۆسپی لەبەردەمم، چونکە بیر لە شتە خوداییەکان ناکەیتەوە، بەڵکو شتی مرۆڤانە.»** (مەتا ١٦: ٢٢-٢٣)

قوتابییەکان پێشبینیان دەکرد مەسیحی پاشا ئیمپراتۆریەتی داگیرکەری ڕۆم لەناو بەرێت و حکومەتێکی نوێ لە ئۆرشەلیم دابمەزرێنێ. تەنانەت لە کاتێکدا گەشتیان دەکرد، قوتابییەکان لەنێو خۆیاندا مشتومڕی ئەوەیان بوو کێ لەو حکومەتەدا بەرزترین پلە وەردەگرێت. بۆیە مەسیح بە قوتابییەکانی گوت،

**«ئەوەی دەیەوێت لەنێوتاندا پایەی بەرز بێت، با ببێتە خزمەتکارتان... هەروەك کوڕی مرۆڤ کە نەهاتووە تاکو خزمەت بکرێت، بەڵکو خزمەت بکات و ژیانی خۆی بەخت بکات.»** (مەتا ٢٠: ٢٦، ٢٨)

مەسیح هات بۆ سەر زەوی بۆ زاڵبوون بەسەر شەیتان و حکومڕانیکردن لە دڵی مرۆڤەکاندا: نەك بۆ داگیرکردن و زاڵبوون بەسەر پاشایەتییە زەمینی و سیاسییەکاندا. بۆیە عیسا دەفەرموێ:

**«پاشایەتی خودا لە نێوتاندایە.»** (لۆقا ١٧: ٢١)

بەڵام پێش ئەوەی پاشا ئاسمانییەکە حوکمڕانی لە دڵی مرۆڤەکاندا بکات (پاشان لە تەواوی جیهان)، دەبێت یەکەم جار باجی گوناهی جیهان بدات و زاڵبوون بەسەر مردندا جێبەجێ بکات.

ئەمە بوو ئەرکی عیسا لەسەر زەوی.





## پەردەی پەنجا و شەشەم

# پاشاکە دەچێتە ناو ئۆرشەلیم

هەموو شتێك بە گوێرەی پلانەکە بەڕێوە دەچوو. کاتێك عیسا لە ئۆرشەلیم نزیکبۆوە، لەپێش خۆی دوو لە قوتابییەکانی بە ئەرکێك نارد.

**«بڕۆنە ئەو گوندەی بەرامبەرتان، کە دەچنە ناوی، دەبینن جاشکێك بەستراوەتەوە هەتا ئێستا کەس سواری نەبووە، بیکەنەوە و بیهێنن. ئەگەر یەکێك پرسیاری لێکردن: "بۆچی دەیکەنەوە؟" لە وەڵامدا بڵێن: "گەورەمان پێویستی پێیەتی."»**

**دوو قوتابییەکە چوون و چی پێ گوتبوون بینییان. کاتێك جاشکەکەیان دەکردەوە، خاوەنەکانی لێیان پرسین: «بۆچی جاشکەکە دەکەنەوە؟»**

**گوتیان: «گەورەمان پێویستی پێیەتی.» ئینجا بۆ عیسایان هێنا و کەواکانیان خستە سەر جاشکەکە و عیسایان سواری کرد.**

**کاتێك بەڕێوە بوو، خەڵك کەواکانیان لەسەر ڕێگا ڕادەخست. لە لێژاییەکەی کێوی زەیتوون نزیك بووەوە، هەموو کۆمەڵی قوتابییەکان دەستیان پێکرد بە شادی و بە دەنگی بەرز ستایشی خودا بکەن، بۆ هەموو ئەو پەرجووانەی بینییان، دەیانگوت: «﴿پیرۆزە ئەو پاشایەی بە ناوی یەزدانەوە دێت!﴾» «ئاشتی لە ئاسمان و شکۆ بۆ خودا لە بەرزایی!»**

**هەندێك فەریسی[٢٠] نێو خەڵکەکە، بە عیسایان گوت: «مامۆستا، قوتابییەکانت سەرزەنشت بکە.»**

**وەڵامی دایەوە: «پێتان دەڵێم: ئەگەر ئەوانە بێدەنگ بن، بەردەکان هاوار دەکەن.»** (لۆقا ١٩: ٣٠-٤٠)

ئەم پاشایە زۆر جیاوازە!

مەسیحی پاشا بە دەنگی زووڕنا و حیلەی ئەسپ و سوپایەکی زۆرەوە نەچووە ناو ئۆرشەلیم.

بە سواری جاشکێك چووە ناو ئۆرشەلیم، بەوەش پێشبینی زەکەریای پێغەمبەر هاتەدی کە پێنج سەد ساڵ بەر لەو ڕووداوە لە پەڕتووکەکەیدا نووسی بووی:

**ئەی شاری سییۆن، زۆر دڵخۆش بە! ئەی شاری ئۆرشەلیم، هاواری خۆشی بکە! ئەوەتا پاشاکەت دێتە لات، دادپەروەرە و ڕزگارکەرە، بێفیزە و سواری ماکەرێك و جاشی ماکەرێك بووە.** (زەکەریا ٩: ٩)

بۆچی مەسیحی پاشا بە سواری ئەسپێکی جەنگی بەهێزەوە نەچووە ناو ئۆرشەلیم؟ چونکە، نەهاتبوو بۆ ڕزگارکردنی خەڵکەکە لەژێر دەستی ئیمپراتۆریەتی ڕۆم.

مەسیح بۆ ڕزگارکردنی خەڵکەکە لە گوناهەکانیان هاتبوو.







## پاشاکە ڕووبەڕووی لێپرسینەوە دەبێت

لە ماوەی ئەو چەند ڕۆژەدا، عیسا خەڵکانی ناو ئەو پەرستگایەی فێر دەکرد، کە تێیدا کاتێك منداڵ بوو هەموو پیاوانی ئایینی ئەو شوێنەی بە پرسیارە قووڵەکانی سەرسام کرد. پێشەوایانی ئایینی ناو ئەم پەرستگایە ئێستا هەڵوێستێکی جیاوازیان هەیە:

**«نامانەوێت ئەمە پاشایەتیمان بکات.»** (لۆقا ١٩: ١٤)

لەبەر ئەوە دەستیان بە پرسیار کرد لە عیسا، بە هیوای هاندانی خەڵکەکە لە دژی.

**چاودێری عیسایان کرد و سیخوڕیان نارد کە خۆیان بە ڕاستودروست دەردەخست، تاکو بە قسەی خۆی تووشی بکەن و بیدەنە دەست حوکم و دەسەڵاتی فەرمانڕەوا. پرسیاریان لێکرد: «مامۆستا، دەزانین لە قسەکردن و فێرکرنتدا ڕاستی، لایەنگری کەسیش ناکەیت، بەڵکو ڕێگای خودا بە ڕاستی فێر دەکەیت. بۆ ئێمە دروستە سەرانە بدەینە قەیسەر یان نا؟»** (لۆقا ٢٠: ٢٠-٢٢)

ئایا وەڵامی مەسیح چی بێت؟ ئەگەر بڵێ، "بەڵێ، باج بدەن بە ئیمپراتۆر" ئەوا جولەکەکان عیسا بە ناپاك بەرامبەر نەتەوەی جولەکە لە قەڵەم دەدەن. لەلایەکی دیکەوە ئەگەر بڵێ، "باج بە ئیمپراتۆر مەدەن." ئەوا حاکمی ڕۆم ئەمە دەبیستێت و مەسیح بە تاوانی ناپاکی دەستگیر دەکات.

**بە فێڵەکەیانی زانی و پێی فەرموون: «دینارێکم نیشان بدەن. ئەم وێنە و نووسینە هی کێیە؟» گوتیان: «هی قەیسەرە.»**

**ئەویش پێی فەرموون: «هی قەیسەر بدەنە قەیسەر، هی خوداش بدەنە خودا.»**

**نەیانتوانی لەبەردەم خەڵکدا بە قسەکەی تووشی بکەن، سەرسامیش بوون لە وەڵامەکەی و بێدەنگ بوون.** (لۆقا ٢٠: ٢٣-٢٦)

دیسانەوە پێشەوایانی ئایینی جولەکە هەوڵیان دەدا مەسیح بخەنە داوەوە، بەڵام هەموو جار بە داناییەکی تەواوەوە وەڵامی پرسیارەکانی دەدانەوە.

**لەو ڕۆژەشەوە ئیتر نەیانوێرا هیچی دیکەی لێ بپرسن.** (مەتا ٢٢: ٤٦)

بۆ شەرمەزارکردنی عیسا، پیاوانی ئایینی دەستیان بە پیلاندانان لەگەڵ سەرۆك کاهینی جولەکە کرد تاکو مەسیح دەستگیر بکەن و لەخاچی بدەن. چ شەرمەزارییەکە! کاری ئەم کاهینانە پێشکەشکردنی قوربانییە لە قوربانگای پەرستگا، نەیاندەزانی ئەو پیاوەی پیلانی کوشتنی دادەڕێژن ئەو تاکە کەسەیە کە لە نێو ئەو قوربانییانەدا وێناکراوە.

پلانە نهێنییەکەی خودا خەریکە بەدی دێت.





## پەردەی پەنجا و هەشتەم

# پاشاکە دەستگیر دەکرێت

ئێوارەی پێش ڕۆژی جەژنی تێپەڕبوون[١٦] بوو، ئەو ڕۆژەی کە جولەکەکان قوربانییان تێدا دەکرد و تێیدا بە هەزاران بەرخیان سەردەبڕی بۆ قوربانی.

هەرچەندە عیسا دەیزانی لەو ڕۆژەدا ئەویش لەخاچ دەدرێت، ئێوارەی ئەو ڕۆژەی لەگەڵ قوتابییەکان بەسەر برد و نانی ئێوارەی لەگەڵ خواردن. لە کاتی نانخواردنەکەدا، نانێکی هەڵگرت، پیرۆزی کرد و لەتیکرد ئینجا دای بە قوتابییەکان تا بیخۆن. هەروەها جامێکی هەڵگرت و دای بە هەریەک لە قوتابییەکانی تا لێی بخۆنەوە. عیسا بە قوتابییەکانی فەرموو، لەتکردنی ئەو نانە هێمایە بۆ جەستەی هەروەها جامەکە هێمایە بۆ ڕژانی خوێنی بۆ هێنانەدی پەیمانە نوێیەکە و لێخۆشبوونی گوناە.

لە نیوەی شەودا، قوتابییەکانی برد بۆ شوێنێک کە ناودەبرا بە باخچەی گەتسیمانی. عیسا دەیزانی مەترسیەکە لەوێ چاوەڕوانی دەکات، بۆیە دەستیکرد بە نوێژکردن.

پاش چەند کاتژمێرێک، پێشەوایانی ئایینی جولەکە بە کۆمەڵێک پیاوی شمشێر بەدەستەوە هاتن. عیسا بە خەڵکەکەی فەرموو:

**«وەک بۆ گرتنی یاخیبووێک بە کوتەک و شمشێرەوە هاتوون بمگرن؟ ڕۆژانە لە حەوشەکانی پەرستگا دانیشتبووم خەریکی فێرکردن بووم، نەتانگرتم. بەڵام ئەمانە هەمووی ڕوویدا بۆ هاتنەدی نووسراوە پیرۆزەکانی پێغەمبەران.»**

**ئینجا هەموو قوتابییەکان بەجێیان هێشت و ڕایانکرد.** (مەتا ٢٦: ٥٥-٥٦)

عیسا ڕێگەی دا بە پیاوەکان قۆڵبەستی بکەن و بیبەن بۆ ماڵی سەرۆک کاهینی جولەکە کە لەوێ هەموو پێشەوایانی ئایینی جولەکە کۆببوونەوە. هەر لەوێ کەسانێکی زۆر بە درۆ شایەتییان لە دژی عیسا دا.

**سەرۆک کاهینیش لەناوەڕاست ڕاوەستا و لە عیسای پرسی: «هیچ وەڵام نادەیتەوە؟ ئەوانە شایەتی چی لە دژت دەدەن؟» بەڵام عیسا بێدەنگ مایەوە و هیچ وەڵامی نەدایەوە. دیسان سەرۆک کاهین لێی پرسی و پێی گوت: «ئایا تۆ مەسیحەکەی، کوڕی خودای پیرۆز؟»**

**عیسا فەرمووی: «من ئەوم. لە داهاتووش دەبینن کوڕی مرۆڤ لە دەستە ڕاستی توانادار دادەنیشێت و لەگەڵ هەوری ئاسماندا دێتەوە.»**

**سەرۆک کاهین جلەکانی خۆی دادڕی و گوتی: «ئیتر چ پێویستیمان بە شایەت هەیە؟ خۆ گوێتان لە کفرەکە بوو، ڕاتان چییە؟»**

**هەموو بڕیاریان دا کە شایانی مردنە.**

**هەندێک کەوتنە تف لێکردنی، دەم و چاویان داپۆشی و لێیان دەدا، پێیان دەگوت: «ئەگەر پێغەمبەریت، بزانە کێ بوو لێیدایت؟» پاسەوانەکانیش گرتییان و دایانە بەر زللە.**

(مەرقۆس ١٤:٥٦، ٦٠-٦٥)

دادگای جولەکەکان سزای لە خاچدانی بەسەر عیسادا سەپاند، بەڵام دەسەڵاتی جێبەجێکردنیان نەبوو، چونکە تەنها دادگای ڕۆم دەسەڵاتی جێبەجێکردنی سزای لە خاچدانی هەبوو.





## پەردەی پەنجا و نۆیەم

# پاشا سزای مردنی بەسەردا دەسەپێت

بەیانی زوو بوو، کاتێك پێشەوایانی ئایینی جولەکە و کۆمەڵێکی زۆر لە خەڵك عیسایان لە ماڵی سەرۆك کاهینەوە بەرەو کۆشکی پیلاتۆسی حاکمی ڕۆم برد.

پێشەوایانی ئایینی جولەکە داوایان لە پیلاتۆس کرد سزای مردن بەسەر عیسادا بسەپێنێ.

**دەستیان بە سکاڵا لێکردنی کرد، دەیانگوت: «بینیمان ئەمە گەلەکەمان چەواشە دەکات، هەروەها هانی خەڵکەکە دەدات کە سەرانە بە قەیسەر نەدەن و خۆی بە مەسیحی پاشا ناودەبات.»**

**پیلاتۆس لێی پرسی: «تۆ پاشای جولەکەی؟» وەڵامی دایەوە: «تۆ خۆت وا دەڵێیت.» پیلاتۆسیش بە کاهینانی باڵا و خەڵکەکەی گوت: «هیچ تاوانێك لەم پیاوە نابینم.»** (لۆقا ۲۳: ۲، ٤)

**وەڵامیان دایەوە: «ئەگەر خراپەکار نەبووایە، نەماندەدا بە دەستتەوە.»...**

**لەبەر ئەوە پیلاتۆس چووە ناو کۆشکەکە، بانگی عیسای کرد و پێی گوت: «تۆ پاشای جولەکەی؟... چیت کردووە؟»**

**عیسا وەڵامی دایەوە: «پاشایەتی من لەم جیهانە نییە. ئەگەر پاشایەتی من لەم جیهانە بووایە، خزمەتکارانم دەجەنگان تاکو نەدرێمە دەست ڕابەرانی جولەکە. بەڵام پاشایەتی من لێرە نییە.» ئینجا پیلاتۆس پێی گوت: «کەواتە تۆ پاشای؟»**

**عیسا وەڵامی دایەوە: «تۆ دەڵێی کە من پاشام. بۆ ئەمە لەدایك بووم و بۆ ئەمەش هاتوومەتە جیهان، تاکو شایەتی بۆ ڕاستی بدەم. هەرکەسێك لە ڕاستییەوە بێت گوێ لە دەنگم دەگرێت.»**

**پیلاتۆس پێی گوت: «ڕاستی چییە؟»**

**کە ئەمەی گوت دیسان چووە دەرەوە بۆ لای جولەکەکان و پێی گوتن: «هیچ خراپەیەکی تێدا نابینم.** (یۆحەنا ۱۸: ۳۰، ۳۳، ۳۵-۳۸)

بەڵام خەڵکەکە بەردەوام هاواریان دەکرد:

**«لە خاچی بدە! لە خاچی بدە!»**

**بۆ جاری سێیەم پێی گوتن: «بۆ؟ ئەمە چ خراپەیەکی کردووە؟ تاوانێکی تێدا نابینم کە سزایەکەی مردن بێت. لەبەر ئەوە تەمبێی دەکەم و ئازادی دەکەم.»**

**بەڵام ئەوان پێداگرییان کرد و بە دەنگی بەرز داوایان دەکرد لە خاچ بدرێت، جا بەمە قسەکەیان سەرکەوت.** (لۆقا ۲۳: ۲۱-۲۳)

پیلاتۆس دەیزانی عیسا بێتاوانە، بەڵام لە ترسی پیاوانی ئایینی جولەکە و شوێنکەوتووانیان سزای مردنی بەسەر مەسیحدا سەپاند.





## پەردەی شەستەم
# پاشا تاجی لەسەر دەنرێت

بەپێی یاسای ڕۆم، پیلاتۆس قورسترین سزای بەسەر عیسادا سەپاند: ئەشکەنجەدانێکی زۆر و لە دوای ئەوەش لەخاچدان. ئەشکەنجەدانی ئەو سەردەمە بریتی بوو لە لێدان بە قامچییەک کە تەلی دڕکاوی لەسەر بوو.

حەوت سەد ساڵ بەر لەم ڕووداوە خودا لەسەر زاری ئیشایای پێغەمبەرەوە فەرموویەتی:

**«پشتم ڕاگرت بۆ ئەوەی لێی بدەن، ڕوومەتیشم بۆ ئەوەی ڕیشم بڕننەوە. ڕووی خۆمم دانەپۆشی لەگاڵتە پێکردن و تف لێکردن.** » (ئیشایا ٥٠: ٦)

کتێبی پیرۆز بەم شێوەیە باس لە ڕووداوی دوای ئەشکەنجەدانی عیسامان بۆ دەکات:

**سەربازەکانی فەرمانڕەوا عیسایان بۆ کۆشکی فەرمانڕەوا برد و تەواوی سەربازەکان لە دەوری کۆبوونەوە. ڕووتیان کردەوە و کەوایەکی سووریان دایێ. هەروەها تاجێکی دڕکیان هۆنییەوە و لە سەریان کرد، قامیشێکیان دایە دەستی ڕاستی، لەبەردەمی چۆکیان دادا و گاڵتەیان پێ کرد و دەیانگوت: «سڵاو ئەی پاشای جولەکە!» تفیان لێکرد، قامیشەکەیان برد و بە سەریاندا کێشا.** (مەتا ٢٧: ٢٧-٣٠)

سەربازەکان نەزان بوون لە مانای ئەو تاجە دڕکینەی لەسەری عیسایان نابوو. دڕک بەشێك بوو لەو نەفرەتەی کە بەهۆی گوناهی ئادەمەوە هاتبووە سەر زەوی. پاشای شکۆمەندی و پیرۆزی هاتبوو تاکو نەفرەتی گوناە لەسەرمان لاببات.

**دوای ئەوەی گاڵتەیان پێکرد، کەواکەیان لەبەر داکەند و کراسەکەی خۆیان لەبەرکردەوە، بردییان تاوەکو لە خاچی بدەن.** (مەتا ٢٧: ٣١)

لەو ڕۆژەدا، دوو تاوانباری دیکە لەگەڵ عیسادا بۆ لەخاچدان بران. بەپێی نەریتی ئەو کاتە دەبوایە تاوانبار هەتا شوێنی لەخاچدان خاچەکەی خۆی بە کۆڵ هەڵگرتبایە.

لە نیوەی ڕێگە، سەربازانی ڕۆم زۆریان لە پیاوێکی خەڵکی باکوری ئەفریقیا کرد تاکو خاچەکەی عیسا هەڵبگرێت بۆ شوێنی لەخاچدان. ئینجا بەردەوام بوون لە ڕۆیشتن بەناو شەقامە قەرەباڵغەکانی دەرەوەی دیواری ئۆرشەلیم، سەرکەوتن بەسەر گردێکدا کە ناودەبرێت بە گولگۆسا، لە بەشی باکوری چیای مۆریا، ئەو چیایەی نزیکەی ١٩٠٠ ساڵ بەر لەم ڕووداوە، ئیبراهیمی پێغەمبەر گوتبووی،

**«خودا بۆ خۆی بەرخێك بۆ قوربانی سووتاندنەکە دابین دەکات، کوڕم.»** (پەیدابوون ٢٢: ٨)

کاتی ئەوە هاتبوو کە ئەو بەرخە بمرێ.





## پەردەی شەست و یەکەم

# پاشاکە لە خاچ دەدرێت

لەخاچدان خراپترین شێوازی کوشتنە کە هەتا ئێستا مرۆڤ پەیڕەوی کردبێت. بۆ زیاتر ڕیسواکردنی کەسەکە، سەربازانی ڕۆم بەر لە داکوتانی بزمارەکان لە دەست و قاچی کەسەکە جلەکانی بەری قوربانییەکەیان دادەکەند.

**کاتێك گەیشتنە ئەو شوێنەی بە کاسەسەر ناودەبردرا، لەوێ لەگەڵ تاوانبارەکان لە خاچیان دا، یەکێك لەلای ڕاستی و ئەوەی دیکەش لەلای چەپی. عیساش فەرمووی: «باوکە، لێیان خۆشبە، چونکە نازانن چی دەکەن.»**

**ئینجا بە تیروپشك کراسەکەیان دابەش کرد. خەڵکەکە ڕاوەستابوون سەیریان دەکرد، ڕابەرەکان گاڵتەیان پێ دەکرد و دەیانگوت: «خەڵکی دیکەی ڕزگار کرد، ئەگەر ئەمە مەسیحی خودایە، هەڵبژێردراوی خودایە، با خۆی ڕزگار بکات!»** (لۆقا ٢٣: ٣٣-٣٥)

ئەگەر عیسا خۆی ڕزگار بکردبایە ئەوجا نەیدەتوانی ئێمە ڕزگار بکات. خەڵکەکە نەیاندەزانی بە لەخاچدانی عیسا ئەم پێشبینییەی پێغەمبەر داود دێتەدی:

**«دەست و پێیان کون کردووم. ئەمانە تەماشام دەکەن و سەرنجیان لەسەرمە. جلوبەرگەکەم لەنێو خۆیان بەش دەکەن، تیروپشك لەسەر کراسەکەم دەکەن. هەموو ئەوانەی دەمبینن گاڵتەم پێ دەکەن، توانجم لێ دەگرن و بە بزەوە سەر بادەدەن و دەڵێن: «با یەزدان ڕزگاری بکات. با فریای بکەوێت، ئەگەر یەزدان پێی دڵخۆشە؟»»** (زەبوورەکان ٢٢: ١٦-١٨، ٧-٨)

پلانی یەزدان بۆ ڕزگاری مرۆڤەکان بە هەموو وردەکارییەکانەوە هاتەدی.

لەسەر هەمان ئەو چیایەی[١١] ئیبراهیمی پێغەمبەر فەرمووی: «**خودا بۆ خۆی بەرخێك دابین دەکات.**» (پەیدابوون ٢٢: ٨، ١٤)، یەزدان بەرخی خۆی کردە قوربانی – عیسای مەسیح.

ئایا لە بیرتە چۆن بەرانە بێتاوانەکە خرایە سەر قوربانگا و کرایە قوربانی وەك کەفارەت لەبری گوناهەی کوڕەکەی ئیبراهیم؟ ئێستاش کوڕی بێتاوانی خودا دەکرێتە قوربانی لەسەر خاچ وەك کەفارەت بۆ لێخۆشبوونی گوناهی هەموو نەوەکانی ئادەم. یەزدان کوڕەکەی ئیبراهیمی پاراست، بەڵام «**ئەوەی دەستی بە کوڕەکەی خۆیەوە نەگرت، بەڵکو لە پێناوی هەمووومان پێشکەشی کرد.**» (ڕۆما ٨: ٣٢).

**لەبەر ئەوەی خودا ئەوەندە جیهانی خۆشویست، تەنانەت کوڕە تاقانەکەی بەختکرد، تاکو هەرکەسێك باوەڕی پێ بهێنێت لەناو نەچێت، بەڵکو ژیانی هەتاهەتایی هەبێت.** (یۆحەنا ٣: ١٦)

**دەزانن بە شتی لەناوچووی وەك زێڕ و زیو نەکڕاونەتەوە، لەو ژیانە پووچەی لە باوباپیرانەوە بۆتان مابووەوە، بەڵکو بە خوێنێکی گرانبەها، خوێنی مەسیح، وەك لە بەرخێکی بێ لەکە و کەموکوڕی.** (یەکەم نامەی پەترۆس ١: ١٨-١٩)

بزانە، تۆ ئەوەندە بەنرخی لەلای خودا.





## پەردەی شەست و دووەم

# پاشای ڕزگارکەر

بۆ بەجێهێنانی پلانەکەی خودا، مەسیح هەموو کەموکوڕی و گوناهەکانی ئێمەی خستە سەر شانی خۆی. لەبری ئێمە نەفرەتی لێکرا. ئەو سزایەی ئێمە شایەنی بووین ئەو لە ئەستۆی خۆی گرت.

ئەو ڕۆژەی ئادەم فەرمانی خودای شکاند، یەزدان ڕایگەیاند ڕۆژێك دێت مەسیح سەری مارەکە پان دەکاتەوە. یەزدان بە شەیتانی گوت،

«**نەوەی ئەو سەرت پان دەکاتەوە و تۆش پاژنەی پێی دەکوتیت.**» (پەیدابوون ٣: ١٥)

ئەو پێشبینییەی دەربارەی شەیتان گوترابوو، چۆن پاژنەی پێی مەسیحی ڕزگارکەر دەکوتێ، ئاماژە بوو بۆ ئەو هەموو شەرمەزاری و ئازارەی بەرخی خودا لەسەر خاچ چێژتی، کاتێك «**ئەو لەبەر یاخیبوونەکانمان برینداربوو**» (ئیشایا ٥٣: ٥).

ئەوانەی عیسایان لەخاچ دا هیچیان لەبارەی پلانە نهێنییەکەی خوداوە نەدەزانی.

**هیچ کام لە دەسەڵاتدارانی ئەم دنیایە تێنەگەیشتن، چونکە ئەگەر تێبگەیشتنایە، مەسیحی خاوەن شکۆیان لە خاچ نەدەدا.**

**پەیامی خاچ بۆ لەناوچووان گێلایەتییە، بەڵام بۆ ئێمەی ڕزگاربووان هێزی خودایە.**

(یەکەم کۆرنسۆس ٢: ٨، ١: ١٨)

عیسا لەگەڵ دوو تاوانباردا لە خاچدرا، خاچەکەی مەسیح لە ناوەڕاستدا بوو.

**یەکێك لە تاوانبارە هەڵواسراوەکان، کفری لە دژی دەکرد و دەیگوت: «ئایا تۆ مەسیح نیت؟ دەی خۆت و ئێمەش ڕزگار بکە.»**

**بەڵام ئەوی دیکە وەڵامی دایەوە و سەرزەنشتی کرد: «لە خودا ناترسی، کە تۆش هەمان سزات بەسەردا دراوە؟ سزای ئێمە دادپەروەرانەیە، لە جیاتی کردارەکانمان وەریدەگرین، بەڵام ئەمە هیچ هەڵەی نەکردووە.» ئینجا گوتی: «عیسا منت لەیاد بێت کاتێك وەك پاشا دێیتە ناو شانشینەکەتەوە.»**

**پێی فەرموو: «ڕاستیت پێ دەڵێم: ئەمڕۆ لەگەڵ من لە بەهەشتدا دەبیت.»** (لۆقا ٢٣: ٣٩-٤٣)

تاوانباری یەکەم تەنها ڕزگاربوونی لە ئازاری جەستەیی دەویست. باوەڕی بەوە نەبوو کە پێویستی بە ڕزگارکەرێکە لەبری ئەو بمرێت.

تاوانباری دووەمیش شوێنکەوتەی عیسا نەبوو. بەڵام لە کاتێکدا ڕووبەڕووی مردن دەبووەوە دڵی گۆڕا. دەیویست پەروەردگار لە پاشایەتی شەیتان ڕزگاری بکات. خوازیاربوو ببێتە هاوڵاتی پاشایەتییەکەی خودا، ئەگەر خواستی پاشای لەسەر بێت. وەڵامەکەی عیسا گومانی تاوانبارەکەی ڕەواندەوە:

«**ئەمڕۆ لەگەڵ من لە بەهەشتدا دەبیت.**» (لۆقا ٢٣: ٤٣)

ئێوارەی ئەو ڕۆژە هەردوو تاوانبارەکە مردن. یەکێکیان چووە دۆزەخ. ئەوەی دیکەیان چووە بەهەشت. هۆی ئەم جیاوازییە چی بوو؟

یەکێکیان باوەڕ و متمانەی بە پاشای ڕزگارکەر هەبوو. ئەوەی دیکەیان بە پێچەوانەوە.





## پەردەی شەست و سێیەم
# کۆتا قوربانی

نیوەڕۆ داهات. عیسا ماوەی سێ کاتژمێری لەسەر خاچ بەسەربرد. هەورێکی ڕەش سەرتاپای ناوچەکەی داگرت. ڕۆژی نیوەڕۆ وەك شەوی لێهات. خەڵکەکە لە ترسان پەرشوبڵاو بوونەوە. ترس و بێدەنگییەکی زۆر باڵی بەسەر شوێنەکەدا کێشا. پاش سێ کاتژمێر عیسا هاواری کرد بۆ باوك،

**«خودای من، خودای من، بۆ وازت لێ هێنام؟»** (مەتا ٢٧: ٤٦)

کوڕی هەتاهەتایی خودا لەسەر خاچ هەستی بە ساماناکی لێکجیابوونەوە لەگەڵ باوکی ئاسمانی کرد. لە کاتی تاریکیدا و دوور لە چاوی مرۆڤەکان یەزدان هەموو گوناهەکانی ئێمەی خستە سەر ئەستۆی کوڕە پیرۆزەکەی. عیسا بووە دوا قوربانی گوناهەکان.

گوناهی ڕابردوو، ئێستا و داهاتووی جیهان هەمووی چووە سەر شانی مەسیح. دەبووایە خودای ئاسمان ڕووی وەرگێڕێت چونکە، **«چاوەکانی خودا لەوە پاکترن تەماشای خراپە بکەن»** (حەبەقووق ١: ١٣). بۆ ماوەی سێ کاتژمێری درێژ، توڕەیی خودا لە دژی گوناه لەسەر قوربانییەکەی خۆی بڵێسەی سەند. هەر وەك چۆن بەرخ لە قوربانگەدا دەکرێتە قوربانی، بە هەمان شێوە بەرخی خودا بە هەڵپەسێردراوی لە نێوان زەوی و ئاسماندا مایەوە، لە نێوان خودا و مرۆڤ. خودای هەتاهەتایی سزای گوناهەکانی مرۆڤی خستە ئەستۆی خۆی بۆ ئەوەی مرۆڤەکان بۆ هەتاهەتایە کۆڵ و باری گوناه هەڵنەگرن.

جا تەواو بوو.

عیسا ئەوەی زانی کە سزای گوناهی هەموو گوناهبارانی چەشت و هەموو پێشبینیەکانی پەیمانی کۆن بەدیهاتن. ئینجا فەرمووی:

**«تەواو بوو.»**

**لەدوای ئەوە سەری دانەواند و گیانی سپارد.** (یۆحەنا ١٩: ٣٠)

**«لەو کاتەدا پەردەی پەرستگاش لە سەرەوە هەتا خوارەوە شەقبوو و بوو بە دوو پارچە. زەوی لەرزی و بەرد درزیان برد.»** (مەتا ٢٧: ٥١)

بۆ ماوەی سەدان ساڵ، بەرخ سەردەبڕدرا و لە قوربانگەی پەرستگادا دەکرایە قوربانی. کاتێك عیسا لەسەر خاچ مرد، یەزدان پەردەی پەرستگای دڕاند. لەپشت پەردەی پەرستگاوە ژوورێکی نەبیتراو هەبوو کە هەموو ساڵێك خوێنی قوربانییەکان لەو ژوورەدا دەپرژێنرا بۆ داپۆشینی گوناه. بە دڕانی ئەو پەردەیە، خودا ڕایگەیاند: "کارەکە تەواو بوو! بە تەواوی باجی گوناه درا! بەرخەکەم خوێنی پیرۆزی لەپێناو گوناهەکانی جیهان ڕژاند. چیتر خوێنی ئاژەڵ قبوڵ ناکەم بۆ لێخۆش بوونی گوناه. کوڕە خۆشەویستەکەم دوا قوربانییە. بۆ هەموو ئەوانەی باوەڕی پێدەهێنن، دەرگای بەهەشت کرایەوە!"
(بڕوانە سیپارەی عیبرانییەکان لە پەیمانی نوێ)

حەوت سەد ساڵ بەر لەم ڕووداوە، ئیشایای پێغەمبەر فەرموویەتی،

**ئەو لەبەر یاخیبوونەکانمان بریندار بوو، لەبەر تاوانەکانمان وردوخاشکرا. ئەو لە پێناوی ئاشتبوونەوەی ئێمە سزای چێژت، بە برینەکانی ئەو چاك بووینەوە. هەموو وەك مەڕ بڵاوەمان کردووە، هەریەکە ملی ڕێگای خۆمان گرتووە، بەڵام یەزدان هەموو تاوانەکانی ئێمەی خستە سەر ئەو.** (ئیشایا ٥٣: ٥-٦)

کارەکە تەواو بوو.





## پەردەی شەست و چوارەم
# پاشاکە دەنێژرێت

عیسای ناسیرەیی مرد. بۆ دڵنیابوون، سەربازێکی ڕۆم ڕمێکی لە کەلەکەی چەقاند. لە شوێنی ڕمەکەوە، خوێن و ئاو فیچقەی کرد.

لەگەڵ مردنی مەسیح هیوای قوتابییەکانیشی بڕا. چونکە وا بیریان دەکردەوە کە عیسا بۆ لەناوبردنی ئیمپراتۆریەتی ڕۆم و چەسپاندنی پاشایەتییەکەی لەسەر زەوی هاتبوو. قوتابییەکانی هێشتا لەو بەڵێنەی عیسا نەگەیشتبوون کە فەرمووبووی لە ڕۆژی سێیەمدا لە مردن هەڵدەستێتەوە.

نەریتی ئەو سەردەمە وابوو، ئەو کەسانەی لەخاچ دەدران لاشەکانیان لە دەرەوەی شار فڕێدەدرا یان دەخرانە گۆڕی بە کۆمەڵەوە. بەڵام بۆ عیسا جیاواز بوو. حەوت سەد ساڵ پێش ئەم ڕووداوە، ئیشایای پێغەمبەر فەرمووبووی،

> **«گۆڕی لەگەڵ بەدکاران دانرا، دوای مردنی لە گۆڕی دەوڵەمەندێك نێژرا.»** (ئیشایا ٥٣: ٩)

خودا ویستی کوڕەکەی بە ڕێزەوە لە گۆڕێکی شایستەدا بنێژرێ.

> **دەمەو ئێوارە پیاوێکی دەوڵەمەندی خەڵکی ڕامە هات، ناوی یوسف بوو، ئەو خۆی قوتابی عیسا بوو. چوو بۆ لای پیلاتۆس و داوای تەرمەکەی عیسای لێکرد، ئینجا پیلاتۆس فەرمانی دا بیدرێتێ.** (مەتا ٢٧: ٥٧-٥٨)

پێش مردنی عیسا، یوسفی خەڵکی ڕامە و نیقۆدیمۆسی هاوڕێی هەردووکیان بە نهێنی شوێنکەوتەی عیسای مەسیح بوون، چونکە لە پێشەوایانی ئایینی جولەکە دەترسان. پاش ئەوەی بینییان عیسا لەسەر خاچ ئازاری چێشت، چیتر نەترسان. بۆیە جەستەی عیسایان برد و پاش شوشتن خامێکی سپییان لێی پێچایەوە و بۆنی خۆشیان لێدا. هەمان ئەو بۆنە خۆشە بوو کە مۆغەکان لە کاتی لەدایکبوونی پێشکەشی عیسایان کرد. ئینجا تەرمەکەیان خستە ناو ئەو گۆڕەی یوسفی خەڵکی ڕامە بۆ خۆی ئامادەی کردبوو. ئینجا بەردەمی گۆڕەکەیان بە بەردێکی گەورە گرت و شوێنەکەیان بەجێهێشت.

ناشتنێکی شاهانە بوو.

بۆ بەیانی پێشەوایانی ئایینی جولەکە چوونە لای پیلاتۆس.

> **گوتیان: «گەورەم، هاتەوە بیرمان ئەو چەواشەکارە کاتێك زیندوو بوو گوتی: "دوای سێ ڕۆژ هەڵدەستمەوە." جا فەرمان بدە هەتا ڕۆژی سێیەم گۆڕەکەی پاس بکرێت، نەوەك قوتابییەکانی بێن و بیدزن، ئەوسا بە گەل بڵێن لەنێوان مردووان هەستاوەتەوە. جا چەواشەی دوایی لەوەی یەکەم خراپتر دەبێت.»**
>
> **پیلاتۆسیش گوتی: «پاسەوانتان هەیە، بڕۆن چۆنتان پێ باشە وا پاسی بکەن.» ئەوانیش چوون گۆڕەکەیان پاس کرد، مۆریان لە بەردەکە دا و پاسەوانیان دانا.** (مەتا ٢٧: ٦٣-٦٦)

لەو کاتەدا، جەستەی عیسا چی بەسەردەهات؟

هیچ.





## پەردەی شەست و پێنجەم

# گۆڕێکی بەتاڵ

لەو دەمەی ئادەم گوناهی کرد، مردن وەك پاشایەکی زۆردار دەسەڵاتی بەسەر مرۆڤایەتیدا زاڵ بوو. ئەگەر عیساش گوناهی بکردبایە ئەوا جەستەی بۆگەنی دەکرد و وردەوردە دەبووە خۆڵ. بەڵام هەزار ساڵ بەر لە مردنی عیسا داودی پێغەمبەر ئەمەی نووسی،

«**ڕێگا نادەیت ئەوەی تۆ پیرۆزت کردووە لەناو گۆڕ بۆگەن بێت.**» (زەبوورەکان ١٦: ١٠)

مردن و گۆڕ دەسەڵاتیان نییە بەسەر ئەو کەسەی هەرگیز گوناهی نەکردووە.

سێ ڕۆژ لەدوای مردن و بەخاکسپاردنی عیسا، بەیانی یەك شەممە بوو، چەند ژنێك چوونە سەر گۆڕەکە. لەپڕێکدا، بومەلەرزەیەکی بەهێز ڕوویدا، چونکە فریشتەیەکی خودا هاتە خوارەوە و بەردی بەردەم گۆڕەکەی گلۆر کردەوە و لەسەری دانیشت. پاسەوانەکان لە ترسا لە هۆش خۆیان چوون، بەڵام فریشتەکە بە ژنەکانی گوت:

«**مەترسن، چونکە دەزانم بە شوێن عیسای لەخاچدراودا دەگەڕێن. ئەو لێرە نییە، وەك خۆی فەرمووی، هەستێنراوەتەوە. وەرن سەیری ئەو شوێنە بکەن کە لێی درێژکرابوو. خێرا بڕۆن و بە قوتابییەکانی بڵێن: "ئەو لەنێو مردووواندا هەستێنراوەتەوە...".**»

**ئەوانیش خێرا لەلای گۆڕەکە ڕۆیشتن، بە ترس و خۆشییەکی گەورەوە ڕایانکرد، تاوەکو هەواڵ بدەنە قوتابییەکانی.** (مەتا ٢٨: ٥-٩)

پاشان سەربازەکان هەستانەوە و چوونە ناو شار تاکو ڕووداوەکە بۆ پێشەوایانی ئایینی جولەکە بگێڕنەوە. ئینجا پێشەوا ئایینییەکان پارەیەکی زۆریان بە سەربازەکاندا و پێیان گوتن،

«**بڵێن، "کاتێك ئێمە خەوتبووین، قوتابییەکانی لە شەودا هاتن و دزییان."**» (مەتا ٢٨: ١٣)

بەڵام ڕاستییەکە بە درۆی سەربازەکان نەشاردرایەوە. گۆڕەکە بەتاڵ بوو!

به مردنی خۆی، عیسا باجی گوناهەکانی ئێمەی دا.

بە نێژرانی لە گۆڕدا عیسا چووە ناو قوڵایی چاڵی مردن و ڕزینی لەش.

بە هەستانەوەی لە مردن، عیسا بەسەر هێزی مردندا زاڵ بوو. ئێستا دەفەرموێ:

«**مەترسە، من یەکەمین و کۆتاییم. منم ئەوەی زیندووە، پێشتر مردم، بەڵام ئەوەتا ئێستا بۆ هەتاهەتایە زیندووم! هەروەها کلیلەکانی مردن و جیهانی مردووانم پێیە.**» (ئاشکراکردن ١: ١٧-١٨)

بۆ هەموو ئەوانەی باوەڕ بەم هەواڵە خۆشە دەهێنن، مردن تەنها ئەو دەرگایە دەکاتەوە کە دەیانباتە بەردەم ئەو پاشایەی دەفەرموێ:

«**لەبەر ئەوەی زیندووم و ئێوەش دەژین.**» (یۆحەنا ١٤: ١٩)





## پەردەی شەست و شەشەم

# پەیامی پێغەمبەران

لە ڕۆژی زیندووبوونەوەیدا، عیسا بۆ زۆرێك لە قوتابییەکانی دەرکەوت: یەکەم جار بۆ ژنەکان، پاشان بۆ پەترۆس، ئینجا بۆ دوو گەشتیار....

**هەر لەو ڕۆژەدا دووان لەوان دەچوونە گوندێك شەست تیرهاوێژ لە ئۆرشەلیم دوور بوو، ناوی ئەمواس بوو...**

**کاتێك قسە و گفتوگۆیان دەکرد، عیسا خۆی لێیان نزیك بووەوە و لەگەڵیان دەڕۆیشت، بەڵام چاویان لە ناسینی بەسترا. پێی فەرموون: «ئەوە بەڕێوە باسی چی دەکەن؟»**

**بە ڕوویەکی خەمناکەوە ڕاوەستان. یەکێکیان ناوی کلیۆپاس بوو وەڵامی دایەوە: «ئایا تەنها تۆ لە ئۆرشەلیم نامۆیت و ئاگات لەو شتانە نییە کە لەم ڕۆژانەدا تێیدا ڕوویداوە؟»**

**پێی فەرموون: «چییە؟»** (لۆقا ٢٤: ١٣، ١٥-١٩)

گەشتیارەکان باسی ئەوەیان بۆ عیسا کرد کە چۆن خەڵکی بەهیوابوون عیسای ناسیرەیی ئەو مەسیحە بووایە کە دوژمنەکانیانی ببەزاندبایە. بەڵام ئەو لەخاچدرا! ئێستاش گۆڕەکەی بەتاڵە. لەم شتە تێنەگەیشتین!

**ئەویش پێی فەرموون: «ئەی گێل و دڵخاوەکان لە باوەڕکردن بە هەموو ئەوەی پێغەمبەران باسیان کردووە! نەدەبووایە مەسیح ئەم شتانە بچێژێت و بچێتە ناو شکۆمەندییەکەی خۆی؟»**

**ئەوسا دەستی کرد بە ڕوونکردنەوەی ئەو شتانەی دەربارەی خۆی بوو لە هەموو نووسراوە پیرۆزەکاندا، هەر لە تەوراتی موساوە هەتا هەموو پەڕتووکەکانی پێغەمبەران.**

**کاتێك نزیکی ئەو گوندە بوون کە بۆی دەچوون، عیسا وای نیشان دا کە بۆ شوێنێکی دوورتر دەچێت. ئەوانیش زۆر لێی پاڕانەوە، گوتیان: «لەلامان بمێنەرەوە، چونکە وا ئێوارەیە و ڕۆژ لە ئاوابوونە.» جا چووە ژوورەوە تاکو لەگەڵیان بمێنێتەوە.**

**کاتێك لەگەڵیان دانیشتبوو، نانێکی هەڵگرت، سوپاسی خودای کرد، پاشان لەتی کرد و پێیدان. ئینجا چاویان کرایەوە و ناسیانەوە، ئیتر لەبەرچاویان نەما.**

**بە یەکتریان گوت: «ئەرێ کاتێك لە ڕێگا قسەی بۆ دەکردین و نووسراوە پیرۆزەکانی بۆمان ڕوون دەکردەوە، دڵمان لە ناخماندا گڕی نەگرتبوو؟»** (لۆقا ٢٤: ٢٥-٣٢)

گەشتیارەکان لە خۆشیدا هەڵبەزینەوە و بە پەلە بەرەو ئۆرشەلیم ڕایانکرد تاکو بە قوتابییەکان بڵێن: ”مەسیحی پەروەردگار زیندووە! ئەو ڕزگارکەرەیە کە نووسراوە پیرۆزەکان بەڵێنی هاتنیان دابوو! ئەو بەرخی قوربانییەیە کە لە ناو قوربانییەکاندا وێنا کرابوو! ئەو پەروەردگارە!“

دواجار، بە تەواوی لە پەیامی پێغەمبەران حاڵی بوون.

زۆر بە باشی لێی تێگەیشتن.





## پەردەی شەست و حەوتەم

# جەستەیەکی گۆڕاو

**ئێوارەی هەمان ڕۆژ، کە یەکەم ڕۆژی هەفتە بوو، لە ترسی ڕابەرانی جولەکە ئەو شوێنەی قوتابییەکانی لێبوو دەرگاکانی داخرابوون، عیسا هات و لەناوەڕاستدا ڕاوەستا و پێی فەرموون: «سڵاوتان لێ بێت!» کە ئەمەی گوت، دەستی و کەلەکەی پیشاندان، جا قوتابییەکان کە مەسیحی خاوەن شکۆیان بینی دڵشاد بوون.** (یۆحەنا ٢٠: ١٩-٢٠)

**تۆماس کە یەکێکە لە دوازدە قوتابییەکە و بە دیدمۆس ناسراوە، لەگەڵ قوتابییەکان نەبوو کاتێک عیسا هات. قوتابییەکانی دیکە پێیان گوت: «گەورەمان بینی!»**

**ئەویش پێی گوتن: «ئەگەر جێگای بزمارەکان بە دەستیەوە نەبینم، پەنجە نەخەمە شوێنی بزمارەکانەوە، دەست لە کەلەکەی نەدەم هەرگیز باوەڕ ناکەم.»**

**لەدوای هەشت ڕۆژ، قوتابییەکانی دیسان لە ژوورەوە بوون و تۆماسیش لەگەڵیان بوو، دەرگاکانیش داخرابوون، عیسا هات و لەناوەڕاستیان ڕاوەستا، فەرمووی: «سڵاوتان لێ بێت!»**

**ئینجا بە تۆماسی گوت: «پەنجەت بێنە ئێرە و دەستم ببینە، دەستت بێنە و لە کەلەکەمی بدە. بێباوەڕ مەبە بەڵکو باوەڕ بهێنە.»**

**تۆماس وەڵامی دایەوە: «ئەی خاوەن شکۆ و خودای من!»**

**عیسا پێی فەرموو: «چونکە منت بینی باوەڕت کرد؟ خۆزگە دەخوازرێت بەوانەی نەیانبینی و باوەڕیان هێنا.»** (یۆحەنا ٢٠: ٢٤-٢٩)

بە درێژایی چل ڕۆژی داهاتوو، عیسا ناوبەناو خۆی بۆ شوێنکەوتووانی دەردەخست، قسەی لەگەڵ دەکردن و پاشان لەبەرچاویان ون دەبوو. جەستەی هەستاوەی مەسیح دەیتوانی لە هەر شوێنێکدا کە بیەوێ ئامادەبێت. دەیتوانی بە خێراییەکی بێ ئەندازە بەناو دیواردا بڕوات. هەرچەندە ئەو یەکەم مرۆڤە جەستەی ئەم توانایەی هەبێت، بەڵام دوا کەسیش نابێت.

**وەک چۆن ئەو وێنەیەمان وەرگرتووە کە لە خۆڵ بوو، بە هەمان شێوە وێنەی ئاسمانی وەردەگرین.**

**هەروەک مردن بەهۆی مرۆڤێکەوە بوو، هەستانەوەی مردووانیش بەهۆی مرۆڤێکەوەیە. هەروەها چۆن هەموو بەهۆی ئادەمەوە دەمرن، بە هەمان شێوە هەموو ئەوانەش کە باوەڕیان بە مەسیح هەیە زیندوو دەکرێنەوە.** (یەکەم کۆرنسۆس ١٥: ٤٩، ٢١-٢٢)

ئایا دەزانی تۆی مرۆڤ گوناهبارێکی بێ دەسەڵاتی و هیچ ڕێگایەکت نییە بۆ بەدەستهێنانی ئەو مافەی بۆ هەتاهەتایە لە پاشایەتی خودا بژیت؟

ئایا باوەڕت هەیە عیسا لە بری تۆ لەسەر خاچ مرد، هەروەها زیندوو بۆوە و هێزی مردنی تێکشکاند بۆ تۆ؟ ئەگەر بڵێی بەڵێ، ئەوجا پەروەردگار دەفەرموێ: چیتر تۆ لەژێر دەسەڵاتی ئەو گوناهەیەدا نیت کە لە ئادەمەوە بە میرات بۆ مرۆڤایەتی مایەوە. پەروەردگار وەک مرۆڤێکی ڕاست و دروست لە مەسیحدا تەماشات دەکات. تۆش ڕۆژێک دێت وەک عیسا گۆڕانکاری بەسەر جەستەتدا دێت.

بەڵام بەبێ شوێنی بزمارەکان.





## پەردەی شەست و هەشتەم

# بەجێهێشتن

ئەو دەسەڵاتەی ئادەم بەسەر شەیتاندا لەدەستی دا، جارێکی دیکە عیسا گەڕاندییەوە. ئەوەش بە زاڵبوون بەسەر ڕۆحە پیسەکان، زریان و شەپۆلەکانی دەریا، نەخۆشی و برسێتی، گوناه و مردن - مەسیح نیشانی دا هەموو دەسەڵاتێکی ڕەهای هەیە. تەنانەت ئەو کاتەی پێشەوایانی ئایینی جولەکە و سەربازەکان دەستگیریان کرد و ئەشکەنجەیان دا و لەخاچیان دا، مەسیح ڕێگەی پێدان ئەو کارە بکەن.

بۆیە بەر لەوەی عیسا بەرزبێتەوە بۆ لای باوك، بە قوتابییەکانی فەرموو:

**«هەموو دەسەڵاتێکم لە ئاسمان و لەسەر زەوی دراوەتێ. کەواتە بڕۆن، هەموو نەتەوەکان بکەنە قوتابی، بە ناوی باوك و کوڕ و ڕۆحی پیرۆز لە ئاویان هەڵبکێشن[٢١]، فێریان بکەن با کار بکەن بە هەموو ئەو شتانەی کە ڕامسپاردوون. دڵنیابن من هەموو ڕۆژێك لەگەڵتانم، هەتا کۆتایی زەمان.»**

(مەتا ٢٨: ١٨-٢٠)

هەروەها عیسا بە شوێنکەوتووانی فەرموو،

**«من ڕاسپاردەیەکی نوێتان دەدەمێ: یەکتریتان خۆشبوێ. وەك خۆشمویستن، ئێوەش بەو جۆرە یەکتریتان خۆشبوێ. ٣٥ بەمە هەموو خەڵك دەزانن کە قوتابی منن، ئەگەر خۆشەویستیتان بۆ یەکتری هەبێت.»** (یۆحەنا ١٣: ٣٤-٣٥)

چل ڕۆژ پاش هەستانەوەی لە مردن، عیسا قوتابییەکانی لە چیای زەیتوون لە دەرەوەی ئۆرشەلیم کۆکردەوە. قوتابییەکان دەیانویست بزانن عیسا کەی دەگەڕێتەوە. عیسا وەڵامی دانەوە:

**«بۆتان نییە ئەو کات و سەردەمانە بزانن کە باوك بە دەسەڵاتی خۆی دایناون. بەڵام کاتێك ڕۆحی پیرۆزتان[٢٢] دێتە سەر، هێز وەردەگرن و بۆ من دەبنە شایەت، لە ئۆرشەلیم و هەموو یەهودیا و سامیرە، تاکو ئەوپەڕی زەوی.»**

**ئەمەی فەرموو و ئەوانیش تەماشایان دەکرد، بەرزکرایەوە، هەورێك لەبەرچاویان شاردییەوە. کاتێك ئەو دەڕۆیشت، ئەوان سەرنجیان لە ئاسماندا بوو، ئەوە بوو دوو پیاو بە جلی سپییەوە لەلایانەوە ڕاوەستاون. پێیان گوتن:**

**«جەلیلییەکان، بۆچی ڕاوەستاون سەیری ئاسمان دەکەن؟ ئەم عیسایە، کە لەنێوتاندا بۆ ئاسمان بەرزکرایەوە، چۆن بینیتان دەچووە ئاسمان، ئاواش دێتەوە.»**

**ئینجا لەو کێوەی پێی دەگوترا زەیتوون گەڕانەوە ئۆرشەلیم.** (کرداری نێردراوان ١: ٧-١٢)

لە شانشینەکەی خودا کاتی ئەوە هاتبوو، پاشاکە، «**تاجی شکۆ و ڕێز بخرێتە سەری.**» (زەبوورەکان ٨: ٥ ، عیبرانییەکان ٢: ٩)





## پەردەی شەست و نۆیەم
# ئاهەنگی سەرکەوتن

بیر لەو جوانییە بێ هاوتایە بکەوە، ڕەنگەکان، مۆسیقا و ئاهەنگگێڕان. بە ملیۆنان فریشتە لەنێوان خۆیاندا دەڵێن: "پاشا دەگەڕێتەوە ماڵەوە! بەڵام شێوەی جیاواز دەبێت. ئەوەی مرۆڤی لەسەر وێنەی خودا بەدیهێناوە، بۆ هەتاهەتایە شێوەی مرۆڤ وەردەگرێت!"

بێدەنگی سەرتاپای ئاسمانەکان دادەپۆشێ.

لەپڕێکدا بێدەنگییەکە بە دەنگی کەڕەنا دەشکێنرێت، ئینجا ڕاگەیاندنێکی گەورە پەخشدەکرێت:

**ئەی دەروازەکان، سەر هەڵبڕن!**

**ئەی دەرگا دێرینەکان، بەرزبنەوە،**

**هەتا پاشای شکۆمەندی بێتە ژوورەوە.**

**ئەم پاشایەی شکۆمەندی کێیە؟**

**یەزدانی بەهێز و دەسەڵاتدارە، یەزدانی پاڵەوان لە جەنگ.**

**ئەم پاشایەی شکۆمەندی کێیە؟**

**یەزدانی سوپاسالار پاشای شکۆمەندییە.** (زەبوورەکان ٢٤: ٧-٨، ١٠)

لە کاتی هاتنی بەرخەکەدا، کوڕی خودا (عیسا)، دەرگاکان دەکرێنەوە و دەنگێکی وەک هەورە تریشقە لە ئاسمانەکاندا دەنگ دەداتەوە. بەنێو ئاهەنگ و قەرەباڵغییەکەدا بە هێواشی بەرەو تەختی شاهانەی باوک دەڕوات. ئینجا دادەنیشێت و تەماشای مرۆڤایەتی کڕدراوەی ئادەم دەکات.

ئەرکەکە جێبەجێ کرا.

پاشان دانیشتوانی بەهەشت سرودێکی نوێ بۆ پاشاکەیان دەڵێن:

**«تۆ شایستەی ئەوەی تۆمارەکە ببەیت و مۆرەکانی بکەیتەوە، چونکە تۆ سەربڕایت و بە خوێنی خۆت خەڵکت بۆ خودا کڕییەوە، لە هەموو خێڵ و زمان و گەل و نەتەوەیەک.»** (ئاشکراکردن ٥: ٩)

ئینجا فریشتەکان لە دەوری عەرشەکە دەوەستن و ستایشی خودا دەکەن و بەردەوام دەڵێن:

**«بەرخە سەربڕدراوەکە شایستەی وەرگرتنی توانا و دەوڵەمەندی و دانایی و هێز و ڕێز و شکۆ و ستایشە!»** (ئاشکراکردن ٥: ١٢)

ئەمڕۆ لەسەر زەوی، زۆرێك لە نەوەکانی ئادەم هێشتا لە ژێر دەسەڵاتی پاشایەتی شەیتان و گوناه و مردندان. بەڵام ئازادبوون لە گوناه و مردن بۆ هەموو کەسێك بەبێ جیاوازی هەیە. عیسای مەسیح بە مردن و ناشتن و زیندووبوونەوەی جەنگەکەی لە شەیتان بردەوە. بۆ هەموو ئەوانەی باوەڕی پێدەهێنن، عیسا دەفەرموێ:

**«نیگەران مەبن. پشت بە خودا ببەستن، پشت بە منیش ببەستن. ماڵی باوکم ژووری زۆری لێیە،... کە ڕۆیشتم و شوێنم بۆ ئامادەکردن، دێمەوە و دەتانبەمە لای خۆم، تاکو ئێوەش لەو شوێنە بن کە من لێی دەبم... منم ڕێگا و ڕاستی و ژیان. کەس نایەتە لای باوك لە ڕێگەی منەوە نەبێت.»** (یۆحەنا ١٤: ١-٣، ٦)





## پەردەی هەفتەیەم

# پاشاکە دەگەڕێتەوە

پاشای شکۆمەندی لەناکاو دەگەڕێتەوە سەر زەوی، لەو کاتەی جیهان سەرقاڵی شتی بێ مانا و پەیڕەوکردنی ئایینی هەڵەیە. بەڵام ئەمجارەیان بە سادە و ساکاری بە سواری جاشکێك یان گاڵتەپێکردن و تاجی دڕکین لەسەرکردن نایەت.

پاشای زیندوو، بە بینین و نیگا پێشەکییەکی ئەو ڕۆژەی نیشانی یۆحەنای نێردراو داوە:

**پاشان ئاسمانم بە کراوەیی بینی، ئەسپێکی سپیم بینی و سوارەکەی بە «دڵسۆز» و «ڕاستگۆ» ناودەبردرا. بە دادپەروەری حوکم دەدات و دەجەنگێت. چاوەکانی وەك گڕی ئاگر وابوون و ژمارەیەکی زۆر تاجی بە سەرەوەبوو،... ئەو ناوەی پێی بانگ دەکرێ «وشەی خودا»یە. لەشکرەکانی ئاسمان بە سواری ئەسپی سپی شوێنی دەکەوتن و کەتانی ناسکی سپی پاکیان لەبەردا بوو... ناوێکی هەیە لەسەر کەوا و ڕانی نووسراوە: «پاشای پاشایان و گەورەی گەورەیان.** (ئاشکراکردن ١٩: ١١-١٤، ١٦)

لە کاتی گەڕانەوەی پاشادا، دەنگێك وەك هەورە تریشقە لە ئاسمانەوە دێت:

**«شانشینی جیهان بووە شانشینی پەروەردگارمان و مەسیحەکەی، مەسیحیش بۆ هەتاهەتایە پاشایەتی دەکات.»** (ئاشکراکردن ١١: ١٥)

دوژمنانی پاشا لەبەر پێیدا دەتوێنەوە. پاشا، شەیتان و هەموو دەست و پێوەندەکانی زنجیر دەکات، پاشان نیشانی جیهان و مرۆڤایەتی دەدات کە حوکمکردنی دادپەروەرانە دەبێت چۆن بێت. ئەو ساتانە باشترینی کاتژمێرەکانی تەمەنی زەوی دەبێت.

**«یەزدانیش دەبێتە پاشای هەموو زەوی. لەو ڕۆژەدا تەنها یەزدان دەبێت و تەنها ناوی ئەویش دەبێت. »** (زەکەریای پێغەمبەر ١٤: ٩)

لە ڕۆژی لێپرسینەوەدا، مەسیح حوکم دەدات.

**«تەختەکەشی بڵێسەی ئاگری بوو، چەرخەکانیشی ئاگری داگیرساو بوو. ڕووبارێکی ئاگرین تێدەپەڕی، لەبەردەمیەوە دەڕۆیشت. بە هەزاران هەزار خزمەتیان دەکرد و بە دەیان هەزار دەیان هەزار لەبەردەمیدا ڕاوەستابوون. ئینجا دادگا دانیشت و کتێبەکان کرانەوە.»** (دانیالی پێغەمبەر ٧: ٩-١٠)

هەروەها ئەو شەیتانەی گومڕای کردبوون فڕێ دەدرێتە ناو دەریاچەی ئاگر و گۆگردەکە (ئاشکراکردن ٢٠: ١٠). لە کۆتاییدا، سەری مارەکە بۆ هەتاهەتایە پان دەبێتەوە.

بۆ دانیشتوانی پاشایەتی ڕووناکییەکە، پەروەردگار **«ئاسمانێکی نوێ و زەوییەکی نوێیان بۆ دروستدەکات... ئەوانیش دەبنە گەلی ئەو، خودا خۆی لەگەڵیان دایە و دەبێتە خودایان. ئەویش هەموو فرمێسکێکی چاویان دەسڕێتەوە، ئیتر مردن نابێت، شیوەن و هاوار و ئازار نامێنن، چونکە شتەکانی پێشوو بەسەرچوون»** (ئاشکراکردن ٢١: ١، ٣-٤).

لە کۆتاییدا، نوێژی هەموو شوێنکەوتووانی پاشا بۆ هەتاهەتایە دێتەدی:

**«با پاشایەتییەکەت بێ، با خواستت لەسەر زەوی پەیڕەو بکرێت وەك لە ئاسمان.»** (مەتا ٦: ١٠)

ئایا ئەمە نزای تۆیە؟ ئایا کڕنۆشت بردووە بۆ پاشای شکۆمەندی؟

ئایا ئەو پاشای تۆیە؟

# کۆتایی

**«ڕاستی ڕاستیتان پێ دەڵێم: ئەوەی گوێ لە وشەکەم بگرێت و باوەڕ بهێنێت بەوەی ناردوومی ژیانی هەتاهەتایی دەبێت و حوکم نادرێت، بەڵکو لە مردنەوە بۆ ژیان گواستراوەتەوە.»**

عیسا – پاشای شکۆمەندی (یۆحەنا ٥: ٢٤)

**«ئەو لە جیهاندا بوو، جیهانیش بەو بەدیهات، کەچی جیهان نەیناسی... هەموو ئەوانەی پێشوازییان لێکرد، ئەوانەی باوەڕیان بە ناوی هێنا، مافی پێدان ببنە ڕۆڵەی خودا»**

یۆحەنای نێردراو (یۆحەنا ١: ١٠، ١٢)

## پەیامی چیرۆکەکە - ١

# بە خۆشی و شادی

مرۆڤ هەمیشە حەز لە چیرۆکی ئەندێشەیی و ڕۆمانسی و ڕزگاربوون دەکات، بەتایبەتی ئەو چیرۆکانەی بە خۆشی کۆتاییان دێت. خەڵکی حەزیان لەم جۆرە چیرۆکانەیە، چونکە خودای ڕاستەقینە دڵەکانیانی بە جۆرێك بەدیهێناوە حەز لە سەرکەوتن بەسەر خراپە بکەن و هەتاهەتایە بە خۆشی بژین. بەڵام چیرۆکی پاشای شکۆمەندی چیرۆکێکی ئەندێشەیی نییە، بەڵکو چیرۆکی خودایە.



چیرۆکێك کە بە درێژایی پازدە سەدە لەلایەن ٤٠ پێغەمبەرەوە نووسرا بێت ئەندێشەیی نییە. چیرۆکێك بە سەدان پێشبینی پێغەمبەران و ڕاستییە ئاسەوارییەکان پشتڕاستکرابێتەوە ئەندێشەیی نییە.



قارەمانی ئەندێشەی دروستکراو خاڵی جیاکەرەوەی مێژوو نییە، بەڵکو ئەو خاڵە عیسایە. ئەندێشە ناتوانێت گوناه و شەرمەزاریمان لاببات و لە خودا نزیکمان بکاتەوە، دڵمان پڕ بکات لە ئەڤین و شادی و ئاشتی، عیسا دەتوانێت.

بە هێنانەدی نووسراوی پێغەمبەران، عیسای مەسیح کارئاسانی بۆ نەوەکانی ئادەم کرد تاکو هەتاهەتایە لەگەڵ پاشا بەدیهێنەرەکەیاندا بژین. بەڵام هەموو مرۆڤێك لەو پاشایەتییەدا ژیان بەدەستناهێنێ.



هەروەك چۆن کاتێك ئادەم لەناو باخچە زەمینییەکەدا دەژیا خودا یەك یاسای بۆ دانا، بە هەمان شێوە خودا یەك یاساشی بۆ نەوەکانی ئادەم دەستنیشان کردووە، ئەگەر بیانەوێ ژیانی هەتاهەتایی لە شانشینی ئاسمانی خودا بەدەستبهێنن:

**«هیچ شتێکی گڵاو و هیچ کەسێکی قێزەون و درۆزن ناچنە ناوی، بەڵکو تەنها ئەوانەی کە ناویان لە پەڕتووکی ژیانی بەرخەکەدا نووسراوە.»** (ئاشکراکردن ٢١: ٢٧)



پەڕتووکی ژیانی بەرخەکە ناوی هەموو ئەو کەسانە تۆمار دەکات کە لە سەرەتای دروستبوونی ئادەمەوە باوەڕیان بە ڕزگاری خودا هەبووە. پاشای شکۆمەندی هیچ کەسێك بە زۆر ملکەچ ناکات باوەڕی پێ بهێنێت سەبارەت بەو قوربانییەی لەسەر زەوی بۆ ڕزگاربوون لە شەیتان و گوناه و مردن و دۆزەخ کردی.

هیچ کەسێك لەناو پاشایەتی خودا نابێت ئەگەر بە ویستی خۆی نەبووبێ، بەڵام لەبەر ئەوەی پاشا نایەوێ هیچ کەسێك لەناوبچێ، بە بانگهێشتنامەیەك پەڕتووکە پیرۆزەکەی کۆتایی دێنێت کە بریتییە لە بانگهێشتکردن و ئاگادارکردنەوە و بەڵێن:

**«ئەوەی تینوویەتی با بێت، ئەوەی دەیەوێت با بەخۆڕایی ئاوی ژیان ببات. من ئاگاداری هەموو ئەوانە دەکەمەوە کە گوێیان لە وشەکانی پێشبینیی ئەم پەڕتووکە دەبێت، هەرکەسێك شتێك بۆ ئەم پێشبینییانە زیاد بکات ئەوا خودا ئەو دەردانەی لەسەر زیاد دەکات کە لەم پەڕتووکەدا نووسراون... شایەتی ئەمانە دەفەرموێ: «بەڵێ، بە پەلە دێم.» ئامین! وەرە، عیسای خاوەن شکۆ.»**
(ئاشکراکردن ٢٢: ١٧-٢٠)



پاش ئەوەی ئادەم لە باخچەکەدا گوناهی کرد، چۆن وەڵامی خودای دایەوە؟ ئادەم بە شەرمەوە وەڵامی دایەوە:

**«لە باخچەکە گوێم لە دەنگت بوو، منیش ترسام.»** (پەیدابوون ٣: ١٠)

بەڵام ئێستا نەوەکانی ئادەم چۆن وەڵامی بەڵێنەکانی خودا دەدەنەوە کە دەفەرموێت ئەو دەگەڕێتەوە سەر زەوی و لەگەڵ خۆی دەیانبات؟ بە جۆش و خرۆشەوە وەڵام دەدەنەوە:

**«ئامین! وەرە، عیسای خاوەن شکۆ.»** (ئاشکراکردن ٢٢:٢٠)

ئایا چی ئەم گۆڕانکارییەی هێنایە کایەوە؟ بۆچی هەندێك خەڵك ناترسن لەبەردەم حاکمی سەر زەویدا بوەستن؟ یان دێنە جۆش کاتێك بیر لە بینینی ڕووبەڕووی پاشا دەکەنەوە؟

لەبەر ئەوەی باوەڕیان بە پەیام و چیرۆکەکەی هەیە.

ئیشایای پێغەمبەر دەفەرموێ: **«کێ باوەڕی بە پەیامەکەمان کرد؟ هەموو وەك مەڕ بڵاوەمان کردووە، هەریەکە ملی ڕێگای خۆمان گرتووە، بەڵام یەزدان هەموو تاوانەکانی ئێمەی خستە سەر ئەو.»** (ئیشایا ٥٣: ١، ٦)

ئیشایای پێغەمبەر چیرۆکی پاشاکە و پەیامەکەی لە سێ شتدا کورتکردۆتەوە:



١. ئێمە گرفتمان هەیە.

«هەر یەکە ملی ڕێگای خۆمان گرت»



٢. خودا چارەسەری هەیە بۆ گرفتەکەمان.

«یەزدان هەموو تاوانەکانی ئێمەی خستە سەر ئەو (کوڕەکەی)»



٣. بڕیار بە دەستی خۆمانە.

«کێ باوەڕی بە پەیامەکەمان کرد؟»

### ئایا باوەڕت بە پاشاکە هەیە؟

**«ئەگەر ئێمە شایەتی مرۆڤ لەلامان قبوڵ بێت، شایەتی خودا گەورەترە، چونکە ئەمە شایەتی خودایە سەبارەت بە کوڕەکەی داویەتی.**

**ئەوەی باوەڕ بە کوڕی خودا بهێنێت ئەم شایەتییە لە خۆیدا هەیە. ئەوەی باوەڕ بە خودا نەکات خودا بە درۆزن دادەنێت، چونکە باوەڕ بەو شایەتییە ناکات کە خودا سەبارەت بە کوڕەکەی داویەتی. ئەمەش شایەتییەکەیە: خودا ژیانی هەتاهەتایی پێداوین و ئەو ژیانەش لە کوڕەکەیدایە. ئەوەی کوڕەکەی هەبێت ژیانی هەیە، ئەوەی کوڕی خودای نەبێت، ژیانیشی نابێت.**

**ئەمانەم بۆ ئێوە نووسی کە باوەڕتان بە ناوی کوڕی خودا هەیە، تاکو بزانن ژیانی هەتاهەتاییتان هەیە.»** (یەکەم یۆحەنا ٥: ٩-١٣)

بە دڵنیاییەوە دەتوانی ڕێگە ڕاستەکە بزانی، چونکە پەروەردگار هیچ گومانی نەهێشتۆتەوە.

ئایا ڕووت لە ئایینی مرۆڤانە وەرگێڕاوە و ئامێزت بۆ شایەتی خودا کردۆتەوە؟ ئەگەر بەڵێ، بە دڵنیاییەوە ژیانی هەتاهەتایت بە دەست هێناوە و هەتاهەتایە لەگەڵ پاشاکەدا دەژیت.

بەڵێ، هەموو شتەکان بە خۆشی کۆتاییان دێت.

## پەیامی چیرۆکەکە- ٢

# هەواڵە ناخۆشەکە

هەروەك لە سەرەتای پەڕتووکی پیرۆز خوێندمانەوە، پاشای گەردوون مرۆڤی لەسەر شێوەی خۆی بەدیهێنا. مرۆڤی بۆ شکۆمەندی خۆی بەدیهێنا. خودا خەڵکی بەدیهێنا تاکو ببنە هاوڕێ و هاوڵاتی پیرۆز لە پاشایەتی ڕووناکیەکەیدا. بەڵام بەرلەمە دەبێت تاقیکردنەوە هەبێت.

تاقیکردنەوەکەی یەزدان بۆ ئادەم بچووك بوو، بەڵام سزا و دەرئەنجامەکانی گەورە بوو. یەزدان بە ئادەمی فەرموو ئازاد بە لە خواردنی بەری هەموو درەختەکانی ناو باخچەکە جگە لەیەك درەخت. ئایا یەزدان بە ئادەمی فەرموو چی ڕوودەدات ئەگەر ئەو فەرمانەی بشکێنێ؟





ئایا یەزدان بە ئادەمی فەرموو ئەگەر فەرمانەکەی بشکێنێ ئەوا دەبێت دەستبکات بە نوێژکردن، ڕۆژوگرتن و کاری چاکە تاکو کرێی گوناهەکەی بدات؟ نەخێر! یەزدان فەرمووی: «**چونکە لەو ڕۆژەی لێی بخۆیت بێگومان دەمریت.**» (پەیدابوون ٢: ١٧)

ئێمە دەزانین چی ڕوویدا. مرۆڤ بڕیاری دا فەرمانی پاشا بەدیهێنەرەکەی بشکێنێ. ئادەم و حەوا گوناهیان کرد. بەڵام ئایا هەر ئەو ڕۆژە یەکسەر مردن؟ نەخێر. کەواتە خودا مەبەستی چی بوو کاتێك فەرمووی: «**چونکە لەو ڕۆژەی لێی بخۆیت بێگومان دەمریت.**»؟

بەپێی پەڕتووکی پیرۆز، مانای مردن چییە؟



تەماشای وێنەکە بکە. لقی درەختەکە چی لێهات؟ پاش ئەوەی لە درەختەکە جیابۆوە و شکا؟ ئایا لقەکە بە زیندوویی دەمێنێتەوە؟ یان دەمرێت؟

وا دەردەکەوێت لقەکە هێشتا زیندووە، بەڵام وردەوردە دەمرێت، چونکە لە سەرچاوەکەی ژیانی جیاکراوەتەوە.

مردن واتە جیابوونەوە. ئەمە هەواڵە ناخۆشەکەیە.

ئادەم و حەوا پەیوەندییەکەیان لەگەڵ خودا بچڕا کاتێك بڕیاریان دا بەدووی ڕێگەی خۆیان بکەون لەبری ڕێگەی خودا، وەك لقی درەختەکە. پەیوەندییەکەیان لەگەڵ خودا شکا. هەوڵیان دا خۆیان بشارنەوە. چیتر نەیاندەویست لەگەڵ یەزدان بن. ئادەم و حەوا لە ڕووی ڕۆحییەوە مردن.

**تاوانەکانتان بوون بە ناوبەند لە نێوان ئێوە و خوداتان، وە گوناهەکانتان وای کرد ڕووی خۆی لێتان بشارێتەوە و گوێتان لێ نەگرێت.** (ئیشایا ٥٩: ٢)



ئادەم و حەوا لە ڕووی جەستەییەوەش بەرەو پیربوون دەچوون. هەروەك چۆن گەڵاکانی سەر لقە شکاوەکە یەکسەر وشك نەبوون، بە هەمان شێوە جەستەی ئادەم و حەواش لەو ڕۆژەی کە گوناهیان کرد یەکسەر نەبۆوە خۆڵ. بەڵام پرۆسەی پیربوون دەستی پێکرد. مردن بووە دوژمنێك بە هیچ شێوەیەك نەیاندەتوانی لێی هەڵبێن.

بەڵام هەواڵە ناخۆشەکە خراپتر دەبێ، ئەگەر خودا ڕێگەیەك بۆ ڕزگاری مرۆڤەکان دابین نەکات ئەوا مرۆڤ داهاتوویەکی خراپی دەبێت، ئەویش جیابوونەوەی هەتاهەتاییە لە خودا لە **ئاگری تاهەتایی، ئەوەی بۆ ئیبلیس و فریشتەکانی ئامادە کراوە.** (مەتا ٢٥: ٤١)



هەندێك کەس گاڵتە بە بوونی دۆزەخ دەکەن- دۆزەخ دەریاچەیەکی ئاگرینە، ئەو ڕۆحانەی کە بە گوناە گلاو بوون بۆ هەتاهەتایە تێیدا زیندانی دەکرێن و جیا دەکرێنەوە. ئایا داناییە گاڵتە بە شتێك بکەین کە لێی تێنەگەین؟ بیری مرۆڤ سنووردارە، لە مانای هەتاهەتایی تێناگات. خەڵکی گاڵتەیان بە نوح دەکرد کاتێك کەشتییەکەی دروستدەکرد و ئاگاداری دەکردنەوە لە تووڕەیی خودا، بەڵام کاتێك دەرگای کەشتییەکە داخرا و لافاوەکە هات، لەو ڕاستییە تێگەیشتن کە گاڵتەیان پێدەکرد. بە هەمان شێوە، ئەو ساتەی خەڵکی دەچنە ئاگری دۆزەخەوە ئینجا تێدەگەن کە ڕاستی بووە.



**ئەوانە بە لەناوچوونی هەتاهەتایی سزا دەدرێن، دوور لە ئامادەبوونی مەسیح و شکۆی تواناکەی.** (دووەم تەسالۆنیکی ١: ٩)

پاشا ڕێگە نادات گوناە گەردوونەکەی بۆ هەتاهەتایە گلاو بکات.

گوناە گەورەترین هێزی وێرانکارییە لەناو ئەم جیهانەدا. گوناە هۆکاری هەموو خراپەیەکە.





هەروەك نەخۆشییەکی درم، گوناهی ئادەم هەموو مرۆڤایەتی گرتەوە. هەروەك چۆن هەموو گەڵاکانی سەر لقە شکاوەکە مردن، بە هەمان شێوە مرۆڤایەتی کەوتە ژێر کاریگەری گوناهەکەی ئادەمەوە. چونکە هەموومان بەشێکین لە لقەکەی ئادەم.

کاتێك ئادەم گوناهی کرد، گوناە هاتە ناو جیهانەوە. **لەبەر ئەمە، چۆن لە ڕێگەی مرۆڤێکەوە گوناە هاتە جیهان، لە ڕێگەی گوناهیشەوە مردن، بەم شێوەیە مردن هەموو خەڵکی گرتەوە، لەبەر ئەوەی هەموو گوناهیان کرد.** (ڕۆما ٥: ١٢)





لە سەردەمی موسادا خەڵکی وەك خەڵکی ئەم سەردەمە هەمان بیرۆکەی هەڵەیان هەبوو. باوەڕیان وابوو ئەگەر کارە باشەکانیان زیاتر بێت لە کارە خراپەکانیان، ئەوا خودا لە ڕۆژی لێپرسینەوەدا بەزەییان پیشان دەدات. بۆ ڕاستکردنەوەی بیرە هەڵەکەیان یەزدان لە شێوەی ئاگرێکی بڵێسەدار لەسەر شاخی سینا دابەزی و دە ڕاسپاردەی بە خەڵکەکە دا بۆ گوێڕایەڵی کردن. هەر کەسێك تەواوی دە ڕاسپاردەکەی بە تەواوی پەیڕەو نەکردبایە ئەوا تاوانبار بوو لەچاوی خودا و شایەنی مردن بوو.




دە ڕاسپاردەکە وەك ئاوێنەیەك وایە، کاتێك تەماشای دەکەی یارمەتیت دەدا پیسییەکانی سەر دەموچاوت ببینی. بەڵام ئاوێنەکە ناتوانێت پیسییەکانی سەر دەموچاوت پاك بکاتەوە. بە هەمان شێوە، دە ڕاسپاردەکە بۆ ئەوە نەبوو مرۆڤ پاك و پیرۆز بکات لەبەردەم خودا، بەڵکو بۆ ئەوەبوو پیشانمان بدات کە چەندە گوناهبارین لەبەردەم خودای پیرۆز. ئێمە شایەنی ئەوە نین لە پاشایەتییەکەیدا بژین. ئێمە گوناهبارێکی بێ دەسەڵاتین و پێویستمان بە ڕزگارکەرە.

**لەبەر ئەوەی هەموو گوناهیان کرد و لە شکۆی خودا کەوتن.** (ڕۆما ٣: ٢٣)

ئێمەی مرۆڤ بەراورد ناکرێین بە پاك و پیرۆزی خودا. بەڵام هەواڵە خۆشەکە ئەوەیە یەك کەس لە مێژوودا توانی بەراورد بکرێت بەو پاك و پیرۆزییە.

ئەو کەسەش ناوی عیسا بوو.

## پەیامی چیرۆکەکە - ٣

# هەواڵە خۆشەکە

بەزەیی و دادپەروەری خودا نموونەییە. دادپەروەری واتە جێبەجێکردنی سزای تەواوی ئەو گوناهانەی کە من ئەنجامم داون. بەزەیی واتە ئەو سزایە بەسەرمدا جێبەجێ ناکرێت.

ئایا چۆن خودا سزای گوناهەکانمان بدات بەبێ سزادانی ئێمە؟

دەتوانی وەڵامەکە لە عیسای مەسیحدا بدۆزیتەوە کە بۆ ڕزگارکردنمان هات.



لە سەردەمی پەیمانی کۆندا، بەر لە هاتنی عیسا، یەزدان یاسای پێشکەشکردنی قوربانی بۆ گوناه دەستنیشان کرد تاکو گوناهباران لە سزای گوناه و مردن ڕزگار بکات. یەزدان خوێنی ئاژەڵی بێتاوانی قبوڵ دەکرد وەک باج بۆ گوناهەکانیان. بەم شێوەیە سزای گوناهی دەدا بەبێ سزادانی گوناهبارەکان.

بەڵام ئایا بەرخ و مرۆڤ یەک نرخیان هەیە؟ ئایا ئەمە دادپەروەرییە؟ بێ گومان نەخێر. خوێنی ئاژەڵ تەنها بۆ پیشاندانی وێنەی ئەو دادپەروەرییە ڕاستەقینەیە.

ئایا چ جۆرە خوێنێك دەتوانێ باجی گوناهی جیهان بدات؟ تەنها خوێنی مرۆڤێکی بێ کەموکوڕی و بێ پایان. ئەو وشەیەی گەردوونی بەدیهێنا، خۆی بووە ئەو مرۆڤە.





**لە سەرەتادا، وشەکە هەبوو... وشەکەش بوو بە مرۆڤ و لەنێوانماندا نیشتەجێ بوو. شکۆی ئەومان بینی، وەك شکۆی تاقانەیەك لە باوکەوە، پڕ لە نیعمەت و ڕاستی.** (یۆحەنا ١: ١، ١٤)





خوێنی بەرخەکانی قوربانی تەنها توانای داپۆشینی گوناهیان هەبوو. بەڵام عیسا بەرخی خودایە، **ئەوەی گوناهی جیهان لادەبات!**

(یۆحەنا ١: ٢٩)





هابیلت لەبیرە؟ چۆن یەزدان گوناهەکانی هابیلی خستە سەر شانی بەرخەکە. بەرخەکە هەڵگرێکی کاتی گوناهەکانی هابیل بوو. بەڵام عیسا هەڵگری هەمیشەیی گوناهەکانمانە. یەزدان هەموو گوناهەکانی ئێمەی خستە ئەستۆی عیسای مەسیح.





ئەو بەرخەی سەربڕدرا و لەسەر قوربانگا سوتێنرا بۆ سڕینەوەی گوناهەکانی هابیل پێشبینی بوو بۆ ڕژانی خوێنی عیسا لەپێناوی گوناهەکانی ئێمەی مرۆڤ. هەر بۆیە، عیسا بەرلەوەی لەسەر خاچ بمرێت هاواری سەرکەوتنی کرد و فەرمووی: «**تەواو بوو!**»

(یۆحەنا ١٩: ٣٠)

دادپەروەری بەدیهات. بەزەیی خوداش بۆ هەموو کەس هەیە.

**بەهۆی ئەم مزگێنییەوە ئێوە ڕزگارتان دەبێت، ئەگەر دەستتان بەو پەیامەوە گرت کە پێم ڕاگەیاندن... کە مەسیح لە پێناوی گوناهەکانمان مرد بەگوێرەی نووسراوە پیرۆزەکان، ئەو نێژرا و لە ڕۆژی سێیەم هەستایەوە بەگوێرەی نووسراوە پیرۆزەکان،...** (یەکەم کۆرنسۆس ١٥: ٢-٤)

    



تەماشای ئیبراهیم و کوڕەکەی بکە. بۆچی یەزدان هەردووکیانی نارده چیایەکی تایبەت بۆ ئەوەی قوربانییەکەی لێ بکەن؟





یەزدان ئەو شوێنەی دەستنیشان کرد، چونکە لە داهاتوودا لەو جێگەیە کوڕەکەی خۆی لەپێناو گوناهەکانی جیهان دەکاتە قوربانی.

بۆچی ئیبراهیم ناوی چیاکەی نا "**یەزدان دابینی دەکات**"؟ چونکە لەسەر ئەو چیایە بوو کە یەزدان کۆتا قوربانی دابینکرد.





یەزدان لەبری کوڕەکەی ئیبراهیم چی دابینکرد؟ بەرانێك. ئایا یەزدان بۆ ڕزگارکردنی مرۆڤایەتی لە ڕۆژی لێپرسینەوە چ نرخێکی پێشکەش کرد؟ عیسا- بەرخی خودا.





ئایا لە مردن و لێپرسینەوەی خودایی دەترسی؟ پێویست ناکات بترسی ئەگەر باوەڕت بە عیسا هەبێت وەك ڕزگارکەر، چونکە ئەو باجی هەموو گوناهەکانی تۆی دا بە ڕژانی خوێنی و هەستانەوەکەی لەنێو مردووان.

ئێستا با بگەڕێینەوە بۆ ئادەم و حەوا. ئەوان هەوڵیان دا بە گەڵای هەنجیر شەرم و گوناهەکەیان داپۆشن و خۆیان لە خودا بشارنەوە. خودا بە دادپەروەری و بەزەیی خۆی گوناهەکەیانی ئاشکرا کرد و بە پێستی ئەو ئاژەڵەی کردییە قوربانی جەستەیانی پێ داپۆشی. ڕژانی خوێنی ئەو ئاژەڵە هێمایەك بوو کە داپۆشینی گوناه پێویستی بە قوربانییە، هەروەها پێستی ئاژەڵەکەش هێما بوو بۆ داپۆشینی شەرمەکەیان.

هەموومان بەشدارین لەو شەرم و گوناهەی کە باوباپیرانمان کردیان. هەموومان لە شکۆمەندی خودا کەوتین و شایەنی ژیانی هەتاهەتایی لەگەڵ خودادا نەبووین. هەواڵە دڵخۆشکەرەکە ئەوەیە عیسای مەسیح لەسەر خاچ هەموو شەرم و گوناهەکانی ئێمەی خستە ئەستۆی خۆی. لەو چەند کاتژمێرەی دونیا بە تەواوی تاریکبوو لەکاتی لە خاچدانی، ئەو ئازار و ئەزموونە تاڵەی کە شایەنی ئێمەی گوناهبار بوو، عیسای مەسیح بینی و چەشتی. ئینجا مرد. بەڵام لەبەر ئەوەی خۆی هیچ گوناهی نەبوو، بۆیە گۆڕ نەیتوانی لەخۆی بگرێت.

بەهۆی مردن و زیندووبوونەوەی عیسا، خودا ئەمڕۆ پاکبوونەوە و پۆشاکت پێشکەش دەکات بۆ ئاڵوگۆڕکردنی گوناهەکانت بە چاکەی خودا.

 

**هەموو وەك شتی گڵاومان لێ هات، هەموو کاری ڕاستودروستیمان وەك پەڕۆی پیسی مانگانەی ئافرەت بوو. هەموو وەك گەڵا سیس بووین، تاوانەکانمان وەك با هەڵماندەگرێت.** (ئیشایا ٦٤: ٦)

 

**بە شادی دڵشاد دەبم بە یەزدان، گیانم بە خودای خۆم شادمان دەبێت، چونکە بەرگی ڕزگاری لەبەرکردم،کەوای ڕاستودروستی بەسەر شانمدا دا،...** (ئیشایا ٦١: ١٠)

**ئەوەی گوناهی نەدەناسی خودا لە پێناوی ئێمە کردییە گوناه، تاکو بە یەکبوون لەگەڵ ئەو ببین بە ڕاستودروستی خودا.** (دووەم کۆرنسۆس ٥: ٢١)

ئایا دەتەوێت بە کار و کۆششە ئایینییەکانی خۆت یان بە پۆشاکی پاك و پیرۆزی مەسیحەوە لە ڕۆژی لێپرسینەوەدا لەبەردەم خودا بوەستی؟

## پەیامی چیرۆکەکە- ٤

# وەڵامت بۆ پاشاکە

ئەگەر بە تەنها بە دارستانێکدا بڕۆی، ئایا حەز دەکەی لەناو دارستانەکەدا تووشی بەرخێك بیت یان شێرێك؟



لە یەکەم هاتنی بۆ سەر زەوی پاشای شکۆمەندی بە بەرخ ناوبرا. پاشا بە سادە و ساکاری هات بۆ ڕزگارکردنی گوناهباران. بەڵام لە هاتنی دووەمیدا، کاتێك دەگەڕێتەوە سەر زەوی بە شێر ناودەبرێت، بە گەورەیی و شکۆوە حوکمی گوناهبارە تۆبەنەکردووەکان دەدات.



لە کاتی هاتنەوەی دووەمیدا، ئایا بە جۆش و خرۆشەوە لەبەردەم پاشای ڕزگارکەرتدا ئامادە دەبیت یان بەترس و لەرزەوە دەچیتە بەردەم پاشای حوکمدەر؟ باوەڕبوونت بە پەیامی پاشاکە ئەو وەڵامە دیاری دەکات.

کاتێك عیسای مەسیح دەستی بە گەشتکردن و بانگهێشتی پەیامەکەی کرد، بەم وشانە دەستی پێکرد:

«**تۆبە بکەن، باوەڕ بەم مزگێنییە بهێنن.**» (مەرقۆس ١: ١٥)

”تۆبەکردن“ ئەوە دەگەیەنێ کە بۆچوونی خۆت بگۆڕی دەربارەی بیر و باوەرت. بە واتایەکی دیکە، وازهێنان لە ڕێگەی خۆت و چوونە سەر ڕێگەی خودا.

”باوەڕ هێنان بەم موژدەیە“ واتە باوەڕهێنان بەو پاشایەی کە مرد لەپێناو گوناهەکانتدا و زیندوو بوویەوە تاکو ژیانێکی نوێت پێ ببەخشێ. بەڵام مانای باوەڕهێنان بە کەسێك چییە؟

وەڵامی ئەم پرسیارە بە چیرۆکێك ڕوون دەکەینەوە کە لە ڕۆژئاوای ئەفریقیا ڕوویداوە. چیرۆکەکە دەربارەی دوو ژنە بەناوی (فاتوو و بینتوو).

هەردوو ژنەکە تووشی نەخۆشی چاوئێشە هاتبوون. فاتوو چووە نەخۆشخانە و لەوێ پزیشك قەترەی چاوی بۆ نووسی. پاش بەکارهێنانی قەترەکە چاوەکانی چاکبوونەوە. (بینتوو) چووە لای پیرەژنێکی ناوچەکەیان کە دەرمانی خۆماڵی بۆ خەڵك دەنووسی. پیرەژنەکە بە دەرمانێکی خۆماڵی چاوەکانی بینتووی سڕی. بەڵام پاش ماوەیەك چاوەکانی وردەوردە سپی بۆوە هەتا کوێر بوو.

هەردوو ژنەکە پەنایان بۆ ئەو دوو چارەسەرە برد، چونکە باوەڕیان پێی هەبوو. بەڵام دەرئەنجامەکانیان زۆر جیاواز بوو.

کاتێك باس لە جیهانی دوای مردن دەکرێت، هەر کەسە باوەڕێکی جیاوازی هەیە سەبارەت بەو بابەتە. زۆرێك لە خەڵکی هیوایان بە ئایینی دایك و باوکیان هەیە. هەندێکی دیکە بڕوایان بەو کەسانە هەیە کە دەڵێن گۆڕ کۆتایی ژیانە. هەندێکی دیکە بە بیری خۆیان ژیان و مردن و ڕۆژی دوایی لێکدەدەنەوە. بەڵام پرسیارە گرنگەکە ئەوەیە: ئایا ڕاستیت هەڵبژارد؟

من وەك خۆم، باوەڕم بەو پاشایە هەیە کە دەفەرموێ:

«**هەرکەسێك لە ڕاستییەوە بێت گوێ لە دەنگم دەگرێت.**» (یۆحەنا ١٨: ٣٧)

ئەمە ئەو کەسەیە دەمەوێت بۆ هەتاهەتایە لەگەڵیدا بژیم. ئەمە ئەو کەسەیە کە **منی خۆشویست و خۆی کردە قوربانی بۆ من.** (گەلاتیا ٢: ٢٠)

عیسا تەنها پاشایەك نییە، ئەو پاشای منە.





یەکەم مرۆڤ لە سەر وێنەی خودا بەدیهێنرا، بەڵام ئەو وێنەیە بە گوناه تێکدرا. عیسای مەسیح، «**وێنەی خودای نەبینراو**» (کۆلۆسی ١: ١٥) هاتە سەر زەوی تاکو ژیانێکی نوێ بداتە تۆ و ئەو وێنەیەی خودا بۆ تۆ بگەڕێنێتەوە.



ئەگەر باوەڕت بە عیسای پاشای شکۆمەندی هەیە چیتر تۆ لە ئادەم نیت، بەڵکو سەر بە مەسیحیت. تۆ ڕۆڵەی خۆشەویستی خودا و هاوڵاتییەکی شانشینی خودای. تۆ لەلای خودا بەهاداری کە ئەو نرخەی بە خوێنی مەسیح بۆ گەڕاندیتەوە.

دەبیتە منداڵێکی تازە لەدایکبووی خێزانی خودا و دەتوانی خودا بە باوك بانگ بکەی. بەڵام ئەو نرخە مەزنە پێویستی بە جێبەجێکردنی ئەرك و بەرپرسیارێتیش هەیە.

**وەك منداڵی گوێڕایەڵ، وەك کاتی نەزانی خۆتان لەگەڵ هەوەسە کۆنەکانتان مەگونجێنن، بەڵکو وەك ئەوەی بانگی کردوون پیرۆزە، ئێوەش لە هەموو هەڵسوکەوتێك پیرۆز بن.** (یەکەم پەترۆس ١: ١٤-١٥)

وەك شوێنکەوتووانی عیسا، تۆ بانگکراویت بۆ لێخۆشبوون و خۆشەویستی و نزاکردن بۆ خەڵکانی دیکە، تەنانەت بۆ دوژمنەکانیشت. عیسا دەفەرموێ:

«**بەمە هەموو خەڵك دەزانن کە قوتابی منن، ئەگەر خۆشەویستیتان بۆ یەکتری هەبێت.**» (یۆحەنا ١٣: ٣٥)

بە باوەڕهێنان بە عیسای مەسیح ڕۆحی پەروەردگار دێتە ناو دڵت، یارمەتیت دەدات بۆ زاڵبوون بەسەر گوناه و وەرگرتنی پیرۆزیی خودا.

**بەروبوومی ڕۆحی پیرۆز ئەمەیە: خۆشەویستی، خۆشی، ئاشتی، ئارامگرتن، نیانی، چاکە، دڵسۆزی، دڵنەرمی و بەسەرخۆدا زاڵبوون.** (گەلاتیا ٥: ٢٢-٢٣)

تۆ وەك منداڵی پاشا ئێستا ئامانجێکی نوێت بۆ ژیان هەیە، ئەویش شکۆدارکردنی خودایە، چونکە تۆ نوێنەری خودای بۆ جیهانێکی ونبوو. نوێنەرایەتییەکەت بەباشی ئەنجام بدە. ڕۆژێك ڕووبەڕوو چاوت پێی دەکەوێت، ئەوجا «**وەك ئەوت لێدێ**» (یەکەم یۆحەنا ٣: ٢). هەتا ئەو کاتە، بەردەوام قسەی لەگەڵدا بکە. لە هەموو بارودۆخێکدا ستایشی ناوی ئەو بکە. شانبەشانی هەموو خوشك و براکانت لە باوەڕدا بەردەوام لە یادت بێ و خزمەتی بکە. ڕۆژانە وشە پیرۆزەکانی بخوێنەوە. ڕۆحی پیرۆز دەبێتە مامۆستا و ڕێپیشاندەرت. کتێبی پیرۆز دەبێتە خۆراك و چەکی ڕۆحیت لە دژی شەیتان. ئەو شەیتانەی کە نایەوێت هەڵسوکەوت و بیرکردنەوەت وەك عیسا بێت. هەتا زیاتر کار بکەی بە وشەکانی کتێبی پیرۆز لە ڕووی ڕۆحییەوە زیاتر گەشە دەکەی.

بە ڕاستی وێنە و وشەکانی ئەم ئایەتە زۆر جوانە کە نووسەری زەبوورەکان دەفەرموێ:

«**چۆن ئاسك بە پەرۆشە بۆ ئاوی ڕووبار، ئەی خودایە، گیانی منیش بە پەرۆشە بۆ تۆ.**» (زەبوور ٤٢: ١)



تۆش دەتوانیت هەمان ئەو وشانە بڵێیەوە؟

بڕیارەکە لە دەستی خۆتدایە.

**پۆڵ برامسن**

resources@rockintl.org

# پاداشتی تایبەت

بە نیعمەت ڕزگارتان بوو لە ڕێگەی باوەڕەوە، ئەمەش
لە خۆتانەوە نییە، بەڵکو دیاری خودایە، بە کردار نییە،
تاکو کەس شانازی نەکات، چونکە ئێمە دروستکراوی
دەستی خوداین، بە یەکبوونمان لەگەڵ عیسای مەسیح
دەبینە بەدیهێنراوێك بۆ کاری چاکە، کە خودا پێشتر
ئامادەی کردووە تاکو بە ئەنجامی بگەیەنین.

کەواتە، لەبەر ئەوەی بە باوەڕ بێتاوان کراوین، لە ڕێگەی
عیسای مەسیحی گەورەمانەوە لەگەڵ خودا ئاشتیمان
هەیە، لە ڕێگەی ئەویشەوە ڕێپێدراوییتیمان وەرگرت
بەهۆی باوەڕ بێینە ناو ئەم نیعمەتەی کە ئێستا تێیدا
نیشتەجێین. شانازیش بە هیوای شکۆی خودا دەکەین.

پەیمانی نوێ

(ئەفەسۆس ٢: ٨-١٠؛ ڕۆما ٥: ١-٢)

# پرسیار بۆ پێداچوونەوە. بەشی یەکەم. پەیمانی کۆن

بۆ هەریەك لە ٧٠ پەردەکە، یەك یان دوو پرسیار هەڵبژێردراوە. بۆ دۆزینەوەی وەڵامەکانیان تکایە تەماشای ئەو پەردەیە بکە کە پرسیارەکەی لێ هەڵبژێردراوە. کاتێك ئەم پەڕتووکە بە هاوبەشی پێکەوە دەخوێننەوە، دەتوانن ئەم لاپەڕانەی لای خوارەوە چاپ بکەن. بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە ئەم ماڵپەڕە: www.one-god-one-message.com

ژمارەی پەردە - پرسیارەکان

١. پاشای شکۆمەندی هەزاران ساڵی پێچوو بۆ جێبەجێکردنی پلانەکەی. ئەم ڕاستییە چیت فێردەکات دەربارەی پاشاکە؟

٢. ناوی دوو بەشە سەرەکییەکەی کتێبی پیرۆز بڵێ؟ جیاوازی چییە لەنێوانیاندا؟

٣. ئایا باوەڕت بە یەکەمین ئایەتی کتێبی پیرۆز هەیە لە (پەیدابوون ١: ١)؟ ئەگەر بەڵێ، بۆچی؟ ئەگەر نا، بۆچی؟

٤. هەرچەندە یەزدان تاك و تەنها بوو، بەڵام هەرگیز تەنها نەبووە. چۆن لە مانای ئەم ڕستەیە تێدەگەی؟

٥. ئایا بە تەماشاکردنی بەدیهێنراوەکانی دەتوانین چی دەربارەی خودا فێر بین؟

هەروەها ئەو شتانە چین کە یەزدان لە بەدیهێناندا مرۆڤی لە ئاژەڵ جیاکردەوە؟

٧. بۆچی خودا پرسیاری لە ئادەم نەکرد، ئایا دەیەوێت لە باخچەی عەدندا بژی؟

٨. گوناه چیە؟ یەزدان چی بە ئادەم فەرموو ئەگەر فەرمانەکەی بشکێنێ؟ ناوێکی دیکەی مردن چییە؟

٩. هەروەك ئادەم، خودا حەواشی لەسەر شێوەی خۆی بەدیهێنا. مانای ئەمە چییە؟

١٠. سەرنج ڕاکێشترین شت لە بەهەشتدا چییە؟

١١. چۆن گوناه هاتە ناو گەردوون؟

١٢. یەزدان فەرمووی چی ڕوودەدات ئەگەر مرۆڤ لەبەری درەختی زانینی چاکە و خراپە بخوات؟ ئەی شەیتان گوتی چی ڕوودەدات؟

١٣. چۆن گوناه هاتە ناو خێزانی مرۆڤایەتی؟

١٤. یەکەمین کاریگەری گوناه چی بوو؟ بە چ ڕێگەیەك گوناه و شەرم جێگەی ڕێز و شکۆمەندی ئادەم و حەوای گرتەوە؟

١٥. بە چ شێوازێك ئادەم و حەوا مردن لە هەمان ئەو ڕۆژەی کە گوناهیان کرد؟ لە چ ڕوویەکەوە وەك لقە شکاوەکەیان لێهات؟ (تەماشای لاپەڕە ١٦٠ بکە...)

١٦. ناوی چەند ڕێگەیەك بڵێ کە نەفرەتی گوناه یەکەمین بەدیهێنراوی تێکدا؟

١٧. بۆچی پلانە نهێنییەکەی خودا بە ڕزگارکەرێك دێتەدی کە لە نەوەی ژنە (واتە دایکی مرۆڤی دەبێت بەڵام باوکی مرۆڤی نابێت)؟



١٨. یەزدان بۆ داپۆشینی گوناه و شەرمی ئادەم و حەوا چی کرد؟ خودا چۆن نیشانیدان کە ئەو خودایەکی دادپەروەر و بەبەزەیی و بەخشندەیە؟

١٩. بۆچی خودا ئادەم و حەوای لە باخچەی عەدن دەرکرد؟

٢٠. چۆن گوناهی ئادەم و حەوا کاریگەری لەسەر منداڵەکانیان هەبوو؟ ئەی چۆن کاریگەری لەسەر ئێمە و خێزانەکانمان دەبێت؟ (تەماشای لاپەڕەی ١٦١ بکە.)

٢١. خودا چ جۆرە بەرخێك قبوڵ دەکات بۆ ئەوەی لەبری گوناهبار بمرێ؟

٢٢. مانای کەفارەت چییە؟ بۆچی خودا داوای باجی مردن دەکات؟

٢٣. یەزدان چی کرد بە گوناهەکانی هابیل؟ کەموکوڕی قوربانییەکەی قایین چی بوو؟

٢٤. مانای تۆبەکردن چییە؟ یەزدان داوای لە قایین کرد چی بکات؟ ئەی قایین چی کرد؟

٢٥. لافاوەکەی سەردەمی نوح چیمان فێردەکات دەربارەی دانبەخۆداگرتن و حوکمی خودا؟

٢٦. نوح و خێزانەکەی یەکەم جار چییان کرد پاش ئەوەی لە کەشتییەکە هاتنە دەرەوە؟

٢٧. چۆن قوللەی بابل نموونەیە بۆ ئایینی هەڵە؟

٢٨. ئەو دوو بەڵێنە مەزنە چی بوون کە یەزدان بە ئیبراهیمی دا ئەگەر شوێنی بکەوێت و باوەڕی پێی هەبێت؟

٢٩. بۆچی یەزدان لە گوناهەکانی ئیبراهیم و سارای ژنی خۆشبوو، هەروەها بە چاکەکەر و ڕاستودروست ناوزەندی کردن؟

٣٠. لە کاتێکدا بە چیای قوربانیدا سەردەکەوتن، کوڕەکەی ئیبراهیم چ پرسیارێکی لە باوکی کرد؟

٣١. یەزدان بەڵێنی بە ئیسحاق دا ئیسحاق بکاتە باوکی نەتەوەیەکی نوێ. لەبەر ئەوەی ئیبراهیم دەیزانی کە خودا هەرگیز درۆ ناکات، ئایا ئیبراهیم چۆن بیری لە پلانی خودا دەکردەوە بۆ دوای بە قوربانیکردنی کوڕەکەی؟

٣٢. بۆچی ئیبراهیم ناوی لە چیاکە نا « یەزدان دابینی دەکات»؟ ئایا ئەو ڕۆژە بەرخەکە لەبری کوڕەکەی ئیبراهیم سەربڕدرا؟

٣٣. ئایا ئەو دوو بەڵێنە مەزنەی خودا بە ئیبراهیمی دا چۆن جێبەجێی کردن؟

٣٤. ئەگەر هەوڵ و کۆششی زۆر بدەین بۆ جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکانی خودا، ئایا دەتوانین بە چاکەی خۆمان شایەنی ئەوە بین بۆ هەتاهەتایە لە شانشینی خودا بژین؟ چۆن دە ڕاسپاردەکە وەك ئاوێنەن؟ چۆن دە ڕاسپاردەکە پیشانمان دەدەن کە پێویستمان بە ڕزگارکەرە؟

٣٥. بۆچی خوێنی قوربانی ئاژەڵ ناتوانێ باجی گوناهی جیهان بدات؟

٣٦. یەکێك لە پێشبینییەکانی کتێبی پیرۆز هەڵبژێرە کە ئاماژە بە هاتنی ڕزگارکەرەکە دەدات؟

# پرسیار بۆ پێداچوونەوە. بەشی دووەم. پەیمانی نوێ

٣٧. بۆچی خودا لەبری یەك کەس، چوار کەسی دەستنیشان کرد بۆ نووسینەوەی چیرۆکی موژدەکەی عیسا؟

٣٨. بۆچی جبرائیلی فریشتە عیسای بە کوڕی خودا بانگ دەکرد؟

٣٩. مانای ناوی عیسا چییە؟

٤٠. کام چیرۆکی لەدایکبوونی عیسات بەلاوە باشترە؟

٤١. فریشتەکە بە شوانەکانی گوت، «**ڕزگارکەرێك بۆتان لەدایکبووە، ئەو مەسیحی پەروەردگارە.**» بۆچی شوانەکان بە بیستنی ئەم هەواڵە هاتنە جۆشوخرۆش؟

٤٢. ئایا مۆغەکان شتێکی باشیان کرد کاتێك کڕنۆشیان بۆ منداڵەکە برد؟ ئەگەر بەڵێ، بۆچی؟ ئەگەر نا، بۆچی؟

٤٣. ئایا جیاوازی عیسا لە منداڵانی دیکە چی بوو؟

٤٤. ئایا پەیامی یەحیای خەڵك لەئاوهەڵکێش چۆن جیاواز بوو لەگەڵ پەیامی پێغەمبەرانی پێش خۆی؟ بۆچی یەحیا دەستی بۆ عیسا ڕاکێشا و گوتی "ئەوەتا بەرخی خودا، ئەوەی گوناهی جیهان لادەبات"؟

٤٥. دووبارە تەماشای ئەم بەشە بکەوە، ئینجا شتێك بڵێ دەربارەی ڕۆحی پیرۆز کە دەیزانی، کوڕی خودا و باوکی ئاسمانی؟

٤٦. بۆچی شەیتان هەوڵی دا عیسا تووشی گوناه بکات؟

٤٧. پاش ئەوەی عیسا چەند ئایەتێکی لە پەڕتووکی ئیشایا بۆ خەڵکەکە خوێندەوە، کاتێك فەرمووی: «**ئەمڕۆ وشەکانی کتێبی پیرۆز ئەوەی ئێوە بیستتان هاتنەدی!**» بۆچی ئەم ڕستەیە خەڵکەکەی تووڕە کرد؟

٤٨. چۆن عیسا دەستی خودا بوو لەسەر زەوی؟ بۆچی ڕۆحە پیسەکان لە عیسا دەترسان؟

٤٩. پاش ئەوەی عیسا فەرمانی بە زریان و شەپۆلەکان کرد هێمن بنەوە! قوتابییەکانی گوتیان: «**ئەم پیاوە کێیە؟ تەنانەت ڕەشەبا و شەپۆلەکانیش گوێڕایەڵی دەبن!**» بە بڕوای تۆ عیسا کێیە؟

٥٠. بۆچی پێشەوایانی ئایینی جولەکە عیسایان بە کفر تۆمەتبارکرد؟

٥١. عیسا فەرمووی: "**من زیندووبوونەوە و ژیانم. ئەوەی باوەڕم پێبهێنێ ژیانی هەتاهەتایی بەدەست دێنێ، ئەگەر مردیش زیندوو دەبێتەوە.**" چۆن بزانین ڕاستییەکە لەلای عیسایە؟

٥٢. عیسا چی بەو خەڵکانە گوت کە بۆ ڕۆژی دوایی گەڕانەوە و داوای خواردنی زیاتریان کرد؟

٥٣. دووبارە ئەم پەردەیە بخوێنەوە، یەکێك لە فەرمایشتەکانی عیسا بڵێ کە تووشی سەرسوڕمانی کردوویت.

٥٤. پێغەمبەران مەسیحیان بە "**خۆری ڕاستودروستی**" ناودەبرد. عیسا بە خۆی دەگوت: "**ڕووناکی جیهان.**" عیسای مەسیح جیاوازی چییە لەگەڵ پێغەمبەرانی پێش خۆی؟

٥٥. قوتابییەکانی دەیانویست مەسیح لەسەر زەوی چی بکات؟ ئەی مەسیح هاتبووە سەر زەوی هەتا چی بکات؟

٥٦. بۆچی عیسا لەبری ئەسپێکی جوان و بەهێز بە سواری جاشکێك چووە ناو ئۆرشەلیم؟

٥٧. بۆچی پیاوانی ئایینی جولەکە نەیاندەتوانی وا لە عیسا بکەن شتێکی هەڵە بڵێ؟

٥٨. بۆچی سەرۆك کاهینی جولەکەکان گوتی دەبێت عیسا لە خاچ بدرێت؟

٥٩. بۆچی پیلاتۆس سزای مردنی بەسەر عیسادا سەپاند؟

٦٠. سەربازانی ڕۆم تاجێکی دڕکینیان لە سەری مەسیح نا. دڕکەکانی تاجەکە چیمان وەبیر دێنێتەوە؟

٦١. عیسا چۆن پێشبینییەکانی ئیبراهیمی هێنایەدی؟ تۆ لەلای خودا چەندە بەنرخی؟

٦٢. دوو دز لەگەڵ عیسا لەخاچدران. ئەمڕۆ یەکێکیان لە دۆزەخدایە (جیابوونەوەی هەتاهەتایی لەگەڵ خودا)، ئەوی دیکەیان لە بەهەشتدایە (بۆ هەتاهەتایە لەگەڵ خودا). هۆی ئەو جیاوازییە چی بوو؟

٦٣. لە کاتێکدا عیسا لەسەر خاچ بوو تاریکی داهات، باوکی ئاسمانی چی خستە سەر شانی مەسیح؟ بۆچی عیسا فەرمووی: «**کارەکە تەواو بوو.**»؟ بۆچی یەزدان پەردەی پەرستگای دڕاند؟

٦٤. ئایا قوتابییەکان ئەو بەڵێنەی عیسایان لەبیر مابوو کە فەرمووبووی "دووبارە زیندوو دەبمەوە"؟ ئایا پێشەوا خراپەکارە ئایینیەکانی جولەکە بەڵێنەکەی عیسایان لەبیربوو سەبارەت بە هەڵستانەوەی لە مردن؟

٦٥. بەیانی یەکشەممە کە ژنەکان چوونە سەر گۆڕەکە، چیان دۆزییەوە؟ پێشەوایانی ئایینی جولەکە چیان کرد بۆ داپۆشینی ڕاستییەکە سەبارەت بە گۆڕە بەتاڵەکە؟ ئەگەر باوەڕی تەواوم بە عیسای مەسیح هەبێت، بۆچی پێویست ناکات چیتر لە مردن بترسم؟

٦٦. بۆچی عیسای مەسیح بە دوو گەشتیارەکەی سەر ڕێگەی ئەمواسی گوت "گێل"؟

٦٧. کاتێك عیسای مەسیح لە ژوورەکەدا بۆ قوتابییەکان دەرکەوت، تۆماس بە عیسای گوت: "ئەی پەروەردگار و خودام!" ئایا تۆماس ڕاست بوو یان هەڵە کاتێك عیسای بە پەروەردگار و خودا بانگ کرد؟ بۆچی؟

٦٨. عیسا بە قوتابییەکانی فەرموو چی بکەن، پاش گەڕانەوەی بۆ ئاسمان؟

٦٩. پاشای شکۆمەندی کێیە؟ چۆن دەربارەی پاشای شکۆمەندی بیردەکەیتەوە؟

٧٠. کاتێك پاشا دووبارە دەگەڕێتەوە بۆ سەر زەوی، ئایا دەترسی یان دڵخۆش دەبیت؟ بۆچی؟

# دوا تێبینیەکان

لە پشت پەردەوە: [١] کتێبی (ئالَس لە جیهانێکی دڵڕفێندا) وەرگێڕدراوە بۆ نزیکەی ٢٠٠ زمان. بەڵام کتێبی پیرۆز، هەمووی یان چەند بەشێکی بۆ زیاتر لە ٢٥٠٠ زمان وەرگێڕدراوە.

[٢] ڕووداوەکانی کتێبی پیرۆز پشتڕاستکراونەتەوە بە ڕاستییە شوێنەوارییەکان و مێژووییەکان و هاتنەدی پێشبینییەکان، ئەمە جگە لەو تەواوکەرییەی کە لە زنجیرە ڕووداوەکانی کتێبی پیرۆزدا هەیە - هەرچەندە بەدرێژایی نزیکەی دوو هەزار ساڵ نووسراونەتەوە.

پەردەی ٢: [٣] پاشاکە جگە لەوەی بەدیهێنەر و ڕاگری گەردوونە لە هەمان کاتدا نووسەر و پارێزەری پەرتووکە پیرۆزەکەشیەتی. دۆزینەوەی نووسراوەکانی پەیمانی کۆن لە ئەشکەوتێکی نزیك دەریای مردوودا ئەو ڕاستییە دەسەلمێنن کە پەرتووکەکانی پەیمانی کۆن ئەمڕۆ لەبەردەستماندایە هەمان ئەو نووسراوانەن کە پێش هاتنی مەسیح بوونیان هەبووە. هەروەها نووسراوەکانی پەیمانی نوێ بە هەزاران دەستنووسی کۆن پشت ڕاستکراونەتەوە، زۆرێکیان مێژوویان دەگەڕێتەوە بۆ سەدەکانی سەرەتای پاش مەسیح. ئەو کەسانەی دەڵێن کتێبی پیرۆز لەلایەن مرۆڤەوە دەستکاری کراوە هیچ بەڵگەیەکیان نییە بۆ پشتڕاستکردنەوەی بانگەشەکەیان. تەماشای بەشی سێیەم لە (**یەك خودا و یەك پەیام**) بکە. www.one-god-one-message.com

پەردەی ٥: [٤] بۆ زیاتر وردبوونەوە لە چیرۆکی پەیدابوون و بەدیهاتنی زەوی و ئاسمان لە ماوەی شەش ڕۆژدا، تەماشای بەشی هەشتەمی (**یەك خودا و یەك پەیام**) بکە.

پەردەی ٦: [٥] ئەگەر خودا تاك و تەنهایە، بۆچی دەفەرموێت: «**با مرۆڤ لەسەر وێنەی خۆمان دروست بکەین؟**» وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە لە یەکێتییە ئاڵۆزەکەیدایە. لە کتێبی پیرۆزدا، وشەی عیبری بۆ خودا بریتیە لە "ئیلۆهیم" کە ناوێکی کۆیە. لە زمانی عیبریدا، وشەی "یەك" لە دەستەواژەی "خودا یەکە" بە مانای یەکگرتوویی لە دوو یان سێ شتدا. لە هەتاهەتاییدا و پێش بەدیهێنانی مرۆڤ و فریشتەکان، خودا لەناو سیانەی خۆیدا پەیوەندی و گفتوگۆی هەبوو - لەگەڵ وشەکە (کوڕەکە) و ڕۆحی پیرۆزدا. «**ئەوەتا خودا مەزنە و ئێمەش نایناسین.**» (ئەیوب ٣٦: ٢٦).

پەردەی ٧: [٦] هەموو ئەو مادە کیمیاییانەی لە لەشی مرۆڤدا هەن بە هەمان شێوە لە خاکدا بوونیان هەیە. هەتا ئەم ساڵانەی ڕابردوو، زانست درکی بەم ڕاستییە نەکرد. زانست و زانیاری زاناکان لەسەر بنەمای تیۆری و تێڕوانینە (بیرۆکەی مرۆڤ)، بەڵام زانیاری ئەوانەی باوەڕیان بە کتێبی پیرۆز هەیە لەسەر بنەمای تێڕوانین و ئاشکراکردنە "وشەی خودا".

پەردەی ١١: [٧] بۆ زانیاری زیاتر لەسەر بنەڕەتی شەیتان تەماشای بەشی یازدەی (**یەك خودا و یەك پەیام**) بکە.

پەردەی ١٦: [٨] ئەگەر دەرباچەی ئاگر شوێنی سزای هەتاهەتاییە، بەبیری ئێمەی مرۆڤ نادادپەروەری بێت، مانای ئەوەیە هێشتا ئێمە لە پیرۆزیی خودا و سروشتی مرۆڤ و هێزی ڕاکێشانی گوناە نەگەیشتووین. وشەی هەتاهەتایی لە دەرەوەی سنووری بیری مرۆڤە، چونکە بیری مرۆڤ سنووردارە لە چوارچێوەی کاتدا، بەڵام هەتاهەتایی سنووردار نیە لە کاتدا. ئەو خودایەی خۆی کاتی بەدیهێناوە سنووردار نییە لە چوارچێوەی کاتدا (دووەم پەترۆس ٣: ٨-٩). هەتاهەتایی چەند ساڵێك نییە. ئەو دەمەی گوناهباران چوونە ناو ئەو شوێنەی کە چیتر دەربازیان نابێت، ئینجا تێدەگەن کە ڕاستییەکی لۆژیکییە.

پەردەی ١٧: [٩] باجدان، واتە کڕینەوە بە پێدانی نرخێك. لە بەشی ١٨ی (**یەك خودا و یەك پەیام**) نووسەر ئەم بابەتە بە چیرۆکێکی سەردەمی منداڵی خۆی ڕوون دەکاتەوە:

وەك هەر منداڵێکی دیکە کە لە ویلایەتی کالیفۆرنیای ئەمریکا دەژیام، سەگێکی بچووکم هەبوو. سەگەکەم پەروەردە دەکرد و خواردنم دەدایێ و یاریم لەگەڵ دەکرد. بۆ هەموو شوێنێك بەدووای دەکەوتم. سەگەکە زۆر دڵخۆش دەبوو کاتێك لە قوتابخانە دەگەڕامەوە ماڵەوە. هەندێك جار سەگەکە بۆ ماوەیەك دیار نەدەما،



بەڵام سەرەنجام دەگەڕایەوە ماڵەوە. هەتا ڕۆژێکیان کاتێك گەڕامەوە ماڵەوە، سەگەکە لە ماڵەوە نەبوو هەتا بەرەو پیرم ڕابکات. شەو داهات سەگەکە هەر دیار نەبوو. بۆ ڕۆژی داهاتوو باوکم گوتی: پێویستە تەلەفۆن بۆ فەرمانگەی ئاژەڵان بکەیت بۆ ئەوەی بزانی لەوێ نییە. فەرمانگەی ئاژەڵان ئەو شوێنە بوو کە سەگ و پشیلەی بێ خاوەنیان بۆ ماوەیەکی کاتی لەخۆدەگرت. ئەو ئاژەڵەی کە خاوەنەکەی نەدەدۆزرایەوە دەکوژرا.

تەلەفۆنم بۆ فەرمانگەکە کرد. سەگەکە لەوێ بوو. کەسێك هەڵیگرتبۆوە و بردبووی بۆ ئەو شوێنە. سەگەکە هیچ دەرەتانی نەبوو بۆ ڕزگارکردنی خۆی، ئەگەر کەسێك ڕزگاری نەکردبایە ڕەنگە بکوژرابایە.

پاشان چووم بۆ شوێنی ئاژەڵەکان. لە کاتێکدا سەرگەرمی وەرگرتنەوەی سەگەکەم بووم! کارمەندێکی شوێنەکە پێی گوتم کە بۆ وەرگرتنەوەی سەگەکەم پێویستە بڕێك پارە بدەم. چونکە بەرەڵاکردنی سەگێك و سووڕانەوەی بەسەر شەقامەکاندا پێچەوانەی یاسا بوو.

بڕە پارەکەم دا و سەگەکەم وەرگرتەوە. سەگەکە زۆر خۆشحاڵ بوو کاتێك لەناو قەفەسەکە ڕزگاری بوو و گەڕایەوە لای ئەو کەسەی کە بایەخی پێدەدا! بۆیە دەبوایە خاوەنەکەی باجێك بدات بۆ ڕزگارکردنی سەگەکەی.

ئەزموونی منداڵیم و ئازادکردنی ئەو سەگە، نموونەیەکە بۆ ئەو بارودۆخەی مرۆڤی تێدایە. وەك گوناهبارێك و یاخیبوویەك لە خودا، هیچ ڕێگەیەکمان نییە بۆ ڕزگارکردنی خۆمان لە باجی گوناە، بەپێی یاسای گوناە و مردن.

بۆیە پێویستمان بە ڕزگارکەرێکە ئەو باجەمان بۆ بدات.

پەردەی ٢٣: [١٠] یەزدان ئەو قوربانییانەی قبوڵکرد کە لەسەر دەستی هابیل و پێغەمبەران موسا و سلێمان و ئەلیاس کران: «**ئاگرێك لەلای یەزدانەوە دەرچوو و لەسەر قوربانگاکە قوربانی سووتاندنەکە و پیوەکەی سووتاند. هەموو گەلیش بینییان و هاواریان کرد و بەسەر ڕوویاندا کەوتن.**» (لێڤییەکان ٩: ٢٤، دووەم پوختەی مێژوو ٧: ١، یەکەم پاشایان ١٨: ٣٨)

پەردەی ٣٠ و ٦١: [١١] (مۆریا) واتە هەڵبژێردراوی یەزدان. بریتی بوو لەو هەرێمەی کە دواتر ئۆرشەلیمی لێ بنیاد نرا. هەروەها ئەمڕۆ چیای مۆریا بەو شوێنە ناسراوە کە پەرستگاکەی سلێمانی لێ دروستکرا (دووەم پوختەی مێژوو ٣: ١). نزیك لەو زنجیرە چیایە، شوێنێکی لێیە بەناوی "کاسە سەر." (لۆقا ٢٣: ٣٣)

پەردەی ٣٦: [١٢] دەکرێت کتێبی پیرۆز لە هەموو کتێبە جیهانییەکانی دیکە جیا بکرێتەوە، ئەویش بە هاتنەدی نووسراوەکانی پێغەمبەران. نووسراوی پێغەمبەران زۆرێکیان پێشبینین دەربارەی ڕووداوەکانی داهاتوو، ئینجا هاتنەدییان بە درێژایی مێژوو. بەم شێوەیە خودا پەیامەکەی خۆی بە پارێزراوی هێشتەوە. «**لە سەرەتاوە کۆتاییم ڕاگەیاندووە، لە کۆنەوەش ئەوەی هێشتا نەکراوە**» (ئیشایا ٤٦: ١٠). عیسای مەسیح دەفەرموێ: «**ئەوەی ڕوودەدات من پێش ڕوودانی پێتان دەڵێم، تاکو کاتێ ڕوویدا باوەڕبهێنن من ئەوم.**» (یۆحەنا ١٣: ١٩). تەماشای بەشی پێنجی (**یەك خودا و یەك پەیام**) بکە.

پەردەی ٤١: [١٣] "مەسیح" وشەیەکی عیبریە بە واتای هەڵبژێردراو.

پەردەی ٤٢ [١٤] مەبەست لە "ڕۆژهەڵات"، کوردستان و ئێرانی ئێستایە.

پەردەی ٤٣: [١٥] «(**ئایا ئەوە دارتاشەکەی کوڕی مریەم نییە؟ برای یاقوب و یوسی و یەهوزا و شەمعون نییە؟ خوشکەکانیشی لەگەڵمان نین لێرە؟) بەم شێوەیە لێی کەوتنە گومان.**» (مەرقۆس ٦: ٣). لەبەر ئەوەی یوسف باوکی جەستەیی عیسا نەبوو بۆیە عیسا تەنها لە دایکەوە خوشك و برای هەبوو. عیسا کوڕی خودا و کوڕی مرۆڤە. تەماشای دوا تێبینیەکان (پەردەی ٥٢) بکە.

پەردەی ٤٣ و ٥٨: [١٦] هەموو ساڵێك جولەکەکان لە جەژنی تێپەڕبووندا یادی ئەو ڕووداوەی سەردەمی موسا دەکەنەوە کاتێك ئەوان هێشتا کۆیلە بوون لە میسر. لەو ڕۆژەدا باوباپیرانیان بەرخیان سەربڕی و خوێنی بەرخەکانیان لە دەرگای ماڵەکانیان دا، چونکە یەزدان فەرمانی پێ کردبوون. «**خوێنەکەش بۆتان دەبێتە نیشانە لەسەر ئەو ماڵانەی ئێوە تێیدان، کاتێك خوێنەکە دەبینم، بە سەرتاندا تێدەپەڕم.**» (دەرچوون ١٢: ١٣). لەنیوەی ئەو شەوەدا، یەزدان نۆبەرەی هەموو ئەو ماڵانەی لەناوبرد کە خوێنیان لە دەرگاکانیان نەدابوو. یەزدان ئەم ڕووداوەی بەکارهێنا بۆ ڕزگارکردنی گەلەکەی لە ٤٠٠ ساڵ کۆیلایەتی.

# دوا تێبینیەکان

پەردەی ٤٥: [17] ئەو لایەنە ئاسمانییەی کە مەحاڵە مرۆڤ لێی تێبگات ئەویش سیانەی خودایە. ئەوەی بیری مرۆڤ دەتوانێ تێی بگات بوونی خودایە بە تەنها، بەڵام زاراوەکە بریتییە لە "سێ تایی لە یەکدا". دەتوانین ئەم بابەتە بە نموونەکانی دەوروبەرمان زیاتر ڕوون بکەینەوە، هەروەك کات بریتییە لە ڕابردوو، ڕانەبردوو، داهاتوو. بۆشایی بریتییە لە درێژی و پانی و بەرزی. مرۆڤ پێکهاتووە لە ڕۆح، دەروون، جەستە. گەردیلە بریتییە لە ئەلیکترۆن، پرۆتۆن و نیوترۆن. بە هەمان شێوە خۆر سێ تایی هەیە، خۆر تەنێکە لە ناو گەردووندا، خۆر ڕووناکییە، خۆر گەرمییە، بەڵام ئەم سیانە یەك شتن. خودا بریتییە لە باوکی هەتاهەتایی و کوڕی هەتاهەتایی و ڕۆحی پیرۆزی هەتاهەتایی. هەروەك چۆن ڕووناکی و گەرمی لە خۆرەوە سەرچاوە دەگرن بە هەمان شێوە کوڕ (وشەکە) و ڕۆحی پیرۆز لە خوداوە سەرچاوە دەگرن. بەڵام «**خودا یەکە**» (دواوتار ٦: ٤). تەماشای (پەردەی ٤ و دوا تێبینیەکانی ٥ لە پەردەی ٦) بکە. بۆ زیاتر شارەزابوون لە تاك و تەنهایی خودا، لەگەڵ سروشتی مرۆڤانە و خوداییانەی عیسا تەماشای بەشی ٩ و ١٧ی (یەك خودا و یەك پەیام) بکە. لە هەمووی گرنگتر موژدەی یۆحەنا بخوێنەوە.

پەردەی ٤٧: [18] مەسیح واتە "**هەڵبژێردراو**" یان "**چەورکراو**". لە کۆندا، لە کاتی ڕێوڕەسمی تاج خستنە لەسەرنانی پاشای نوێ، کاهن یان پێغەمبەرێك ڕۆنێکی تایبەتی دەڕژاند بەسەر سەری پاشاکەدا وەك نیشانەیەك بۆ دیاریکردنی ئەو کەسە وەك پاشای نوێ. عیسای مەسیح لەلایەن ڕۆحی پیرۆزەوە چەور کرا، نەك لەلایەن مرۆڤەوە. تەماشای پەردەی ٤٥ بکە.

پەردەی ٥٢: [19] عیسا زۆر جار خۆی بە کوڕی مرۆڤ ناو دەبرد. لە کاتێکدا هەمیشە کوڕی خودا بووە. وەك کوڕی خودا، عیسا ئەو وشەیە لەسەرەتاوە لەگەڵ خودا بوو (یۆحەنا ١: ٢، پەیدابوون ١: ٣). وەك کوڕی مرۆڤ، وشەکە بووە لەش، ئەوەی لەلایەن خوداوە هەڵبژێردرا تاکو ببێتە پاشای ڕزگارکەری جیهان. (یۆحەنا ١: ١٤، دانیال ٧: ١٣-١٤)

پەردەی ٥٦: [20] فەریسییەکان ئەوانە بوون کە زۆر دیندار بوون لەنێو جولەکەکاندا. هەندێکیان لە ڕۆژێکدا شەش جار نوێژیان دەکرد و لە ساڵێکدا سێ مانگ بەڕۆژو دەبوون. لەو داهاتەی دەستیان دەکەوت لە سەدا دەیان دەبەخشی بە هەژاران (لۆقا ١٨: ٩-١٤). بەڵام هەموو ئەوانە پەرستنی بەتاڵ بوون. هەرچەندە ئەمانە خەڵکانی ئایینی بوون، بەڵام خودایان نەدەناسی و خۆشیان نەدەویست.

پەردەی ٦٨: [21] بۆ باوەڕداران (لەئاوهەڵکێشان) بریتییە لە ڕاگەیاندنی باوەڕ بە خودا. چوونە ناو ئاو گوناه ناسڕێتەوە، بەڵکو هێمایەکە کە ئەو کەسە لەگەڵ عیسای مەسیح لە مردن و ناشتن و هەڵستانەوەکەیدا یەك دەگرێت. لەئاو هەڵکێشان هەروەها هێمایە بۆ کۆتاییهێنان بە ژیانی کۆنی گوناە و دەستپێکردنی ژیانێکی نوێ لە مەسیحدا.

[22] پاش بەرزبوونەوەی عیسا بۆ ئاسمان، خودا ڕۆحی پیرۆزی ناردە خوارەوە تاکو لە دڵی هەموو مرۆڤێکی باوەڕدار بە مەسیحدا بژی. لە سیپارەی کرداری نێردراوان چیرۆکێکی زۆر گرنگ تۆمارکراوە لەسەر دابەزینی ڕۆحی پیرۆز بەسەر نێردراوان و بەخشینی هێز پێیان، تاکو ببنە شایەتی پەیامەکەی مەسیح بۆ هەموو نەتەوەکان. ڕێگای خودا بۆ ڕزگاری نەگۆردراوە: ئەگەر هەر مرۆڤێك دان بەوەدا بنێ کە گوناهبارە و پێویستی بە ڕزگارکەرێکە بۆ لێخۆشبوونی گوناهەکانی، هەروەها تەنها بە مردن و هەستانەوەی مەسیح ئێمە دەتوانین ئەو ڕزگارییە بەدەستبهێنین، ئەوا دیاری ڕۆحی پیرۆز بۆ ئەو کەسانەش ئامادەیە. وەرگرتنی ڕۆحی پیرۆز واتە مانەوەی پاشای گەردوون لەناو دڵەکانمان. پاشای گەردوون دەبێتە گەورە و باوك و هاوڕێمان. کتێبی پیرۆز دەفەرموێت: "**هەر بەهۆی ئەویشەوە بوو کاتێك وشەی ڕاستیتان بیست واتە موژدەی ڕزگاریتان، هەروەها کاتێك باوەڕتان هێنا، مۆرکران بە ڕۆحی پیرۆزی بەڵێن پێدراو، ئەو ڕۆحە وەك پێشەکییەك وایە بۆ میراتەکەمان، تاکو کڕینەوەی ئەوانەی هی خودان، بۆ ستایشی شکۆمەندی ئەو بێ**" (ئەفەسۆس ١: ١٣-١٤). پەروەردگارمان خودایەکی گەورە و مەزنە و خێزانێکی گەورە و مەزنیشی دەبێت لە ژیانی هەتاهەتای لەگەڵ خۆیدا.

ئایا دەتەوێت بەشێك بیت لەو خێزانە؟





# قووڵبوونەوەی زیاتر



کتێبی (یەك خودا و یەك پەیام) وەك کتێبی (پاشای شکۆمەندی،) گەشتێکە بەنێو نووسراوی پێغەمبەراندا، بەڵام بە شێوەیەکی قووڵتر. ئەوەش بە ئەنجامدانی بەراوردێك لە نێوان پەیامی کتێبی پیرۆز و تێڕوانینە جیهانییەکان. بە ڕەچاوکردنی ئاستی تەمەنی خوێنەرەکان نەتوانرا هەندێك لە پرسیارەکانی پاشای شکۆمەندی وەڵام بدرێنەوە، بەڵام لە "یەك خودا و یەك پەیام"دا وەڵام دراونەتەوە.

خوێندنەوەی "پاشای شکۆمەندی" بە دەنگی بەرز لە سێ کاتژمێر کەمتر دەخایەنێ، بەڵام "یەك خودا و یەك پەیام" نزیکەی ١٢ کاتژمێر دەخایەنێت.

گێڕانەوەی مەزنترین چیرۆك و ڕەنگاندنی بە ئەزموونە تایبەتییەکان لە چوارچێوەی ئەم پەڕتووکەدا، بیرکردنەوەیەکی نوێ لەسەر قووڵترین پرسیاری ژیان بە خوێنەر دەبەخشێ.




نووسەر: پی. دی برامسن

نموونەکان: دی. سی برامسن

بڵاوکراوەی: ڕۆك ئینتەرناشناڵ

٤٣٢ لاپەڕە

زیاتر لە (٣٠) وێنە

١٥٠ پرسیار و گفتوگۆ

٢٧١ تێبینی

ئەم کتێبە کانگایەکی پڕ لە ڕاستییە، شێوازی نووسینەکەی بێ هاوتایە: پڕە لەو شتانەی مرۆڤ حەزیان لێدەکات.- ولیام ماکدۆنالد

دابەزاندنی بەخۆڕایی بە زمانەکانی عەرەبی، ئینگلیزی، ڕوسی، چینی، فارسی، ئەلبانی، فەرەنسی، تورکی، ئەندۆنیسی

لە ماڵپەڕی www.one-god-one-message.com



«ڕۆک ئینتەرناشناڵ» فیلمی

# پاشای شکۆمەندی

پێشکەش دەکات

**ئەم فیلمە پیشاندانی وشە بە وشەی پەڕتووکی پاشای شکۆمەندییە**

ئێلی تەمەن حەوت ساڵ دەڵێت: «ئەم فیلمە بە جۆرێک شتەکان ڕووندەکاتەوە کە دەتوانم بە ئاسانی لێی تێبگەم.»
لیدیای بیست و یەک ساڵیش دەڵێت: «بە هەموو هەستێکەوە فیلمەکەم تاقیکردەوە، ڕێک هەستم دەکرد منیش لەوێم و بەشێکم لە فیلمەکە.»
هەروەها دیکی تەمەن حەفتا و چوار ساڵیش دەڵێت: «ئەم فیلمە بە شێوەیەکی بەهێز و سادە هەندێک لە قووڵترین ئاشکراکردنەکانی گەردوونمان بۆ ڕووندەکاتەوە. »

**دەتوانن لە ماڵ و گروپی بچووک و قوتابخانە و کەمپ و هۆڵێ سینەما و شانۆ تەماشای بکەن.**
**«پاشای شکۆمەندی» بە چەندین زمان دەستدەکەوێت. لەگەڵ هەموو کەلتورێک و تەمەنێکدا دەگونجێت.**
**لە داهاتووشدا دەتوانن بە زمانی شیرینی کوردی تەماشای فیلمی «پاشای شکۆمەندی» بکەن.**

## چیرۆکێکە لە دوو بەشدا ~ حەفتا دیمەن لە پازدە ئەڵقەدا

| | | |
|---|---|---|
| **بەشی یەکەم: پەیمانی کۆن: پاشا پێشوەخت باسی پلانەکەی دەکات** | | کاتژمێک و چل و حەوت خولەک |
| ١. پێشەکی | دیمەنی ١- ٣ | ~١٠:٤٠ |
| ٢. بەدیهێنەر و بەدیهێنراوەکەی | دیمەنی ٤- ٩ | ~ ١٩:٤ |
| ٣. هاتنەناوەوەی خراپە | دیمەنی ١٠- ١٥ | ~ ١٠:١٥ |
| ٤. نەفرەتی گوناە و بەڵێنی یەزدان | دیمەنی ١٦- ١٩ | ~ ٥٧:١١ |
| ٥. ڕێگەی قوربانیدان | دیمەنی ٢٠- ٢٤ | ~ ٥٨:١٤ |
| ٦. یاخیبوونی مرۆڤ و وەفاداربوونی یەزدان | دیمەنی ٢٥- ٢٧ | ~ ٥:٩ |
| ٧. فراوانبوونی پلانی خودا | دیمەنی ٢٨- ٣٢ | ~ ٤:١٤ |
| ٨. شەریعەت و پێغەمبەران | دیمەنی ٣٣- ٣٦ | ~ ٢٠:١٢ |
| **بەشی دووەم: پەیمانی نوێ: پاشا پلانەکەی جێبەجێ دەکات** | | کاتژمێرێک و پەنجا و پێنج خولەک |
| ٩. هاتنەناوەوەی پاشا | دیمەنی ٣٧-٤٢ | ~ ١٦:٢٠ |
| ١٠. کەسایەتیی پاشا | دیمەنی ٤٣-٤٧ | ~ ١٥:٣٢ |
| ١١. دەسەڵاتی پاشا | دیمەنی ٤٨-٥١ | ~ ١٤:٢ |
| ١٢. ئەرکی پاشا | دیمەنی ٥٢-٥٦ | ~ ١٥:٢٤ |
| ١٣. ملکەچبوونی پاشا | دیمەنی ٥٧-٦١ | ~ ١٤:٥٠ |
| ١٤. قوربانی و سەرکەوتنی پاشا | دیمەنی ٦٢-٦٥ | ~ ١٣:٥٣ |
| ١٥. مزگێنی و شکۆی پاشا | دیمەنی ٦٦-٧٠ | ~ ١٨:٢٦ |
| سرودی ستایشی «چەندە مەزنە خودای ئێمە.» (بە زمانی عەرەبی) | | ~ ٢:٤٥ |

www.king-of-glory.com